**محەمەد فەتحی**

# بەڕێوە بردنی
# کۆبونەوەکان

**بۆ تێدەشکێت؟**

**چۆن سەردەکەوێت؟**

**وەرگێڕانی**

**محەمەد فاتح**

**٢٠٠٧**


مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک)

سلێمانی ـ ئەندازیاران ١٠٥

کۆلانی ـ ٣٢

ژ.خانوو ـ ٦٢

www.hoshyari.org

govarynovin@yahoo.com



* **ناوی کتێب:** بەڕێوەبردنی کۆبونەوەکان

* **ناوی نوسەر:** محەمەد فەتحی

* **ناوی وەرگێڕ:** محەمەد فاتح

* **نەخشەسازیو بەرگ:** فەهمی جەلال

* **تایپ:** هەرێم جەزا

* **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە

* **ژمارەی زنجیرە:** (٢٣٣)

* **ژمارەی سپاردن:** (٥٩) ساڵی ٢٠٠٧

* **چاپ:** دەزگای چاپو پەخشی حەمدی

لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک) ساڵی ٢٠٠٧

## پێڕست


١. ئەم کتێبە .................................................................................. ٥
٢. بەشی یەکەم ......................... دەست پێکردن ................................ ٧
٣. بەشی دووەم ............ ئامادەکردنی شوێنی کۆبونەوەکە .................... ١٩
٤. بەشی سێیەم ..............ئەگەر لە کۆبونەوەبەشداربوویت....................... ٤٥
٥. بەشی چوارەم ............ پرسیارە زیرەکەکانی سەرکەوتن .................... ٦٣
٦. بەشی پێنجەم .............. چی دەکەیت لەگەڵ ئەمانە............................ ٨٧
٧. بەشی شەشەم ................ چۆن رەفتار دەکەیت کاتێ. ........................ ١١٩

## ئەم کتێبە :

بیرۆکەی کۆبونەوەو پێویستی بەستنی، لەئۆرگانە حزبیەکان، دامەزراوە ئابورییەکان، دامو دەزگا حکومییەکان...

خۆئامادەکردن بۆ بەستنی کۆبونەوە، شوێنی، کاتی، قۆناغەکانی، گۆڕانکارییەکانی ناو کۆبونەوەکان، باری جیاکاری لەنێوان ئەندامانی کۆبونەوە، لەنێوان جۆری کۆبونەوەکان...

پرسیارە ژیرییەکانی ناو کۆبونەوە، جۆری کەسێتی بەشداربووانی، رەفتاریان لەکاتی کۆبونەوەکانو چۆنێتی هەڵسوکەوت لەگەڵیان، شاراوەکانی پشت کۆبونەوەکان، کێشە کردەوەییەکان، کێشەو ململانێکانی دەرەوەی کۆبونەوە.

ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی سەرکەوتنی کۆبونەوەو ئەو کۆسپانەی دەبنە هۆی تێشکانی، هەڵسەنگاندنو بەدواداچوونیو ئاکامەکانی...

ئەمەو زۆر بابەتی تری پەیوەندیدار بەکۆبونەوەکان لەم کتێبەدا دەخوێندرێتەوە.

وەرگێڕ

**محەمەد فاتح**

٢٠٠٦/٩/١٥

## بەشی یەکەم

# دەستپێکردن

کۆبونەوە بریتیە لەبۆنەیەك تیایدا کۆمەڵە خەڵکێك لەیەك جێگادا کۆدەبنەوە بۆ بەشداریکردنی یەکتر لەبیروڕاو ئەزمونەکان.

بێگومان ئەمەش دەگۆڕێت بەپێی ژمارەی ئامادەبوان، پێك هاتەیان، ڕێکخستنیان... مەبەست لەم کۆبونەوەیە، بەڵام هەموو بەشدار دەبن لەسەر ئەوەی:

ـ هاتوون بۆ مەبەستێکی دیاریکراو.

ـ پەیوەندییان بەیەکترەوە دەبێت بەشێوەیەك لەشێوەکان.

ـ سەرچاوەیان یەك کەسە سەرۆکی کۆبونەوە یا سەرکردەی کۆبونەوەکە.

پرسیارێك دەمێنێت:

ئایا بەستنی ئەم کۆبونەوەیەت لا پێویستە؟

ئەم پرسیارە دەبێ پێش بەستنی کۆبونەوەی داهاتو وەڵام بدرێتەوە، زۆر لەکۆبونەوە گەورەکان، سەرکەوتنیان یان تێکشکانیان پێش کاتی کۆبونەوەکە بەماوەیەکی دوور دیاری دەبێت... بۆ؟ لەبەر گرنگی یان بێ بایەخی کۆبونەوەکە.

لێرەدا چەندێ هۆکاری دروست هەبوو بەپێویستی بەستنی کۆبونەوەکە، دەرفەتەکانی سەرکەوتنی زیاتر دەبێت، ئەگەر بەڕێوەبردنەکەی بەڕێگایەکی ڕاست بێت.

بەڵام ئەگەر هۆکاری گرنگ نەبوو، پێویست بەبەستنی کۆبونەوەکە بکات، لەئاسۆدا تاریکاییەك بەدەردەکەوێت کە نیشانەیە لەسەر سەرنەکەوتنی بەردەوامی ئەم کۆبونەوەیە.



ئەگەر لەتواناتدا بوو:

ـ کێشەکە چارەسەر بکەیت.

ـ بڕیاری پێویست وەربگرێت.

ـ بگەیتە زانیاریەکان بەڕێگایەکی تر نەك کۆبونەوە.

ـ ڕاوێژو زانیاری وەرگرتن لەڕێگای تەلەفۆن یان ئینتەرنێت.

ـ هەر ئامرازێکی تر بەکاربهێنیت.

(باشە بەستنی ئەم کۆبونەوە ئاسۆ تاریکە چ پێویست دەکات).

.......................................

## ئەو هۆکارانەی دەبنە بیانوو بەداواکردنی بەستنی کۆبونەوەیەك:

* پلان دانان بۆ ئەرکە جۆراوجۆرەکان، کۆبونەوە سودت پێ دەگەیەنێت بەپەیداکردنی (خۆراکی گەراوەی) لەبارو بیروباوەڕی باش لەبەشداربوانی کۆبونەوە بۆ داڕشتنی پلانێکی باشتر.

* بۆ گەیشتن بەبڕیارێك دەربارەی ئەرکێك کە پێویست بەڕاوێژکردنە لەگەڵ کەسانی تر، گەیشتن بەبڕیارێکی بەکار نەك بڕیاری تاکێك.

* گەیاندنی زانیاری بەکەسانی تر (هەر جۆرێك بێت) کە گەیاندنی بەهیچ ئامرازێکی تر بەکەڵك نایەت.

* یەکلاکردنەوەی ململانێو ناکۆکیەکان یان چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کار دەکاتە سەر بەڕێوەچوونی کارەکەو گەیشتن بەچاکترین چارەسەری گونجاو.

* پاداشت کردنی کۆمەڵە کەسانێك یان کەسێك بەبەرچاوی خەڵکەوە لەپێناو هاندانیان بەم پاداشت کردنە.

* پێك هێنانی گروپێكی كاری سەركەوتوو.

* پێشوازی كردن لەئەندامێكی نوێو خۆشحاڵی بەهاتنی.

* پەیوەندی بەكەسانی تر، كۆبونەوەی بەرهەمدار رێگا بۆ هەموو لایەك خۆش دەكات كە پەیوەندی بەیەكترەوە بكرێت بەپەلەو بەوردی.

* وتووێژ لەگەڵ یەكتر، ئەمەش پێویستە رووبەڕوو جێ بەجێ بكرێت تا زیاتر كاریگەر بێت.

* هەر هۆكارێكی تری راست لەتێڕوانینی خۆتەوە، كە بەپێویستی بزانی.

ئێستا بڕیارتدا كۆبونەوە ببەسترێت:

جارێكی تر پرسیار لەخۆت بكە بۆ دڵنیایی:

ـ ئایا تۆ پێویستیت بەبەستنی ئەم كۆبونەوەیە هەیە؟

ئەگەر وەڵامەكەت بەبەڵێ بوو، پرسیاری دووەم ئەوەیە:

ـ بە چ مەبەستێك؟

ئەگەر هۆی ئاشكرات لانەبوو ١٠٠٪ لەخۆت پرسیار بكە:

ـ ئایا لەجیاتی كۆبونەوە رێگایەكی تر هەیە؟

ئەگەر وەڵامەكەت بەبەڵێ بوو پرسیارەكە ئەوەیە:

ـ رادەی كاریگەری چەندەو ئایا ئەو رێگایە جێگای كۆبونەوەكە دەگرێتەوە؟

ئەگەر كاریگەری نەبێ یان جێگای كۆبونەوە نەگرێتەوە، یان لێرەدا پێویستی بەبەستنی كۆبونەوە دەكات، پرسیار لەخۆت بكە:

ـ ئامانجت لەبەستنی ئەم كۆبونەوەیە چییە دیاری بكە؟

ـ كێ پێویستە لەسەری ئامادەی كۆبونەوەكە بێت؟



لێرەدا پێویستت بەبیركردنەوەیەكی قوڵ هەیە:

پرسیار لەخۆت بكە:

ئەو كەسانەی پێویست بەئامادەبوونیان دەكات، ئایا؟

* بەڕاستی پێویستیت بەهەموویان هەیە لەكۆبونەوەكە؟

* بەڕاستی زانیارییان هەیە كە سوودت پێگەیەنن لەكۆبونەوەكە؟

* ئەوانە شارەزا یان راوێژكارن كە گفتوگۆ لەسەر بابەتێك بكرێت؟

* ئەوانە ئامرازی جێ بەجێ كردنن لەبوارێك كە گفتوگۆی لەسەر بكرێت؟

* بەئامادەبونیان دەتەوێت ببنە لایەنگرت؟

* لێت ناڕازی دەبن ئەگەر بانگ نەكرێن؟

(سوودو گرنگیان هەڵسەنگێنە، كەس داوا مەكە تەنها بۆ بینین)

* ئایا پێویستە لەسەرت ئامادەی كۆبونەوەكە بیت؟

ئەگەر وەڵامەكەت بە (نا) بوو گرنگ نییە، دەكرێت یەكێك راسپێریت لەجێگای خۆت، ئەگەر وەڵامەكەت بە (بەڵێ) بوو، پرسیار لەخۆت بكە:

* ئایا مانەوەت پێویستە تا كۆتایی كۆبونەوەكە؟

ئەگەر وەڵامەكەت بە (نا) بوو دیاری بكە كەی كۆبونەوەكە بەجێ دەهێڵیت؟

ئەگەر وەڵامەكەت بە (بەڵێ) بوودیاری بكە كەی كۆبونەوەكە كۆتایی پێ دێت، پرسیار لەخۆت بكە:

* ئەم كۆبونەوەیە چەندی كات پێویستە؟

* چۆن كاتی دیاریكراوی كۆبونەوە دابەش دەكەیت بەسەر ئەو ئەركانەی جێگای گفتوگۆن؟

(نەزانراوە كە ئەركو كارەكان لەكاتەكانی گەورەترن، تەنها بانگ كردن بۆ كۆبونەوە، هۆیەكی یەكلاكەرەوە نییە بۆ ئامادەبوون).

### همیشە لەبیر مەکە:

- گەشبینیو دڵفراوانی لەکۆبونەوە، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بیانوو نییە بۆ بەستنی کۆبونەوە.

ــ راهاتنت لەئامادەبوونی یان بەستنی کۆبونەوە، سەرەتای سەرنەکەوتنی کۆبونەوەیە.

- بەستنی کۆبونەوە بۆ کات بەسەربردن بەو هیوایەی کێشەکە ون بێت، رەنگە زیاتر گەورە بێتو چارەسەری گرانتر بێت.

- هەڵاتن لەبەرپرسیارێتی بەبەستنی کۆبونەوەو بۆ خۆ دوورخستنەوە لەوەرگرتنی بڕیارێك، تووشی نەخۆشی بێ باوەڕی بەخۆت دەکات.

- خۆنواندن لەبەرچاوی کەسانی ترو خۆهەڵکێشان لەبەردەمیان بەسەرقاڵی بوونت بەئامادەبوونی کۆبونەوەکان، لەگرنگیت کەم دەکاتەوە.

### بۆ کۆبونەوەکانمان تێکدەشکێن:

رەنگە یەکێك وا بڵێت: کە خۆی چەندین رێگای گرتۆتە بەر بۆئەوەی کۆبونەوەکەی سەرکەوتو بێت، بەڵام لەکۆتاییدا سەرکەوتوو نەبوو، نازانیت هۆیەکی روونی ئەم سەرنەکەوتنە چییە؟ لێرەدا چەندین هۆکار هەیە کە هەندێکیان شاراوەنو لەپشتی تێکشکانی کۆبونەوەکان دەوەستێت لەوانە:

* نەبوونی هۆیەکی بەهێز بۆ بەستنی کۆبونەوەکە.

* ئاڵۆزی لەکاروبارەکان، ململانێو ناکۆکیەکانی نێوان ئامادەبوان.

* درێژەی کاتی کۆبونەوەکە.



ئامادەنەکردنێکی باشی پێشتر بۆ کۆبونەوەکە، کە دەبێتە هۆی زیادبوونی شپرزەییو پەیدابوونی ناکۆکیەکان.

* داوا کردن بۆ بەستنی کۆبونەوە بەبێ ئامانجێکی دیاریکراوی تەواو، بەوردی بۆ دەربازبوون لەم کۆبونەوەیەدا.

* بوونی بەرنامەیەکی کار کە بوارەکانی روون نەبێت.

* نەگونجانی ژمارەی ئامادەبوان لەکۆبونەوە، بەزیادی یان بەکەمی. بەزۆر بوونی ژمارەی ئامادەبوان لەرادەی گونجاو، ژمارەی ئەوانەی دەیانەوێت بەشداری گفتوگۆ بکەن زۆر دەبێت، هەندێکی تر دوور دەکەونەوە لەگفتوگۆ کردن تا بێزاریو تەنگاوی باڵی بەسەر کۆبونەوەکەدا نەکێشێ.

لەکەمی ژمارەی ئامادەبوان لەرادەی گونجاو، رێژەی لێهاتوویی و کاریگەری لەوەرگرتنی بڕیار دادەبەزێت. رەنگە ئامادەبوان پێویستیان بەئەندامێك بێت بەردەست نەکەوێت، بۆیە یان کارەکان دوادەخرێت یان بڕیارێك وەردەگیرێت کە ناتەواو بێت.

* ئامادەبونی زۆر لەکۆبونەوەکان دەبێتە هۆی بێزاریو سەرنەکەوتنو نزم بوونەوەی ئاستی بەرهەم لەکاردا.

* زۆری رەخنەگرتن لەهەڵسوکەوتەکان یان لەکار ئەنجامدان یان بیروباوەڕو تێڕوانینەکان، ئامادەبوان دەخاتە بارێکی ترسو نالەباریو بەزیندا.

* زاڵ بوونی کەسێك یان چەند کەسێك بەسەر کۆبونەوەکە، کە ئەوانی تر وا تێبگەن بایەخیان پێ نادرێتو بێزارن لەئامادەبونیان، ئەمە دەبێتە هۆی دژواری بەشداربوونی ئەوانی تر لەگفتوگۆو بیرورا ئاڵوگۆڕکردن.

* دیاری نەکردنی ئەرکی ئامادەبووانی کۆبونەوە، کەواتە بۆ کۆبونەوەیە؟

* بایەخ نەدان بەبەدواداچوونی جێ بەجێ کردنی ئەرکەکان.

* دووركەوتنەوە لەناوەڕۆكی ئەو كارانەی پێویستە گفتوگۆیان لەسەر بكرێت لەكۆبونەوەكان.

* پەیدابوونی ئاكاری دوژمنكارانە یان بەزینانە یان هەردووكیان لای ئامادەبوان یان كەسێكیان، یان ئەو كەسەی كۆبونەوەكە بەڕێوە دەبات.

## چۆن كار بكەین بۆ سەركەوتنی كۆبونەوەكانمان:

لەكۆبونەوەكانماندا سەركەوتوو دەبین ئەگەر زاڵ بووین بەسەر لایەنە لاوازەكان، ئەگەر ئامانجی دیاریكراومان لەبەردەم خۆمان دانا لەو ئامانجانە:

ــ خۆئامادەكردن بۆ كۆبونەوە، بەبایەخ پێدان لەسەر گفتوگۆكردنی ئەو كاروبارانەی دەمانەوێت لەسەری بڕۆین لەكاتی خۆیدا.

ـ دابەش كردنی بەرنامەی كاری كۆبونەوەكە، بۆئەوەی ئامادەبوان دەرفەتی خۆئامادەكردنیان لەبەردەمدا بێت.

ـ تەنها ئەو كەسانە داوا بكەین كە پێویستن.

ــ نەهێشتن‌و چارەسەركردنی كێشەو ململانێكان پێش كۆبونەوەكە بۆئەوەی كۆبونەوەكە نەبێتە گۆڕەپانی جەنگ، لەجیاتی كۆڕبەندی هزرو گفتوگۆ.

ـ بایەخدانی باش بەڕێكخستنی كۆبونەوەكە.

ـ دیاریكردنی ئامانجە تایبەتیەكانی ئەم كۆبونەوەیە لەبەردەم هەموان پێش دەس پێكردن.

ـ دیاریكردنی كاتی دەسپێكردن‌و كۆتایی پێهێنانی كۆبونەوەكە.

ـ بەتەنگەوە هاتن لەسەر ڕێزگرتن لەبیروڕاو هەستی هەموان، رەخنەگرتن ئەگەر هەبوو كە دروستكەر بێت.



ـ پەرۆشی لەسەر بارودۆخی ناو كۆبونەوەكە، ئاسودەو هەڤاڵانە بێت‌و هیچ گرژییەك‌و بێزارییەك باڵی بەسەردا نەكێشێت.

ـ ئاگاداربوون لەوەی گفتوگۆكان هەموو ئامادەبوان بگرێتەوەو لەچوارچێوەی ئەرك‌و ئامانجەكانی بێت كە لەپێناویدا كۆبونەوەكە بەستراوە، دەرنەچوون لەبابەتە بنچینەییەكان.

ـ دڵنیابوون لەوەی كە ئامادەبوان لێهاتوویی گوێڕاگرتن‌و وەرگرتن بەكاردێنن.

ـ ئامادەبوان جیاوازیان لەبیروڕاكانیان روون دەكەنەوەو دروشمی بەردەوامیان (جیاوازی بیروڕا خۆشی كێشەكە بۆگەن ناكات).

ـ نەگواستنەوە لەئەركێكەوە بۆ ئەركێكی تر، تەنها پاش دڵنیا بوون لەجێ بەجێ كردنی ئامانجەكان.

ـ زاڵ نەبوونی سەرۆك بەسەر كۆبونەوەكە.

ـ نەبوونی ترس لەسەرۆكی كۆبونەوە، بەڵكو ڕێز لەنێوان هەردوولا.

## دوا هەڵوێست:

* ئەوەی جێگای گومان نییە كۆبونەوەكان كاتێكی زۆر دەبات لەژیانماندا لەگەڵ ئەوەشدا زیاتر پێی رازین، ئایا بۆ ڕێگا لەم بارە نەگرین ئەگەر بێ سوودە.

* ئەگەر پێویستیت بەئامارو زانیاری‌و گفتوگۆو راوێژكردن نەبوو پێویست بەبەستنی كۆبونەوە ناكات، كۆبونەوەكان شێوازێكی زۆر هەژارن بۆ ئاڵوگۆڕی زانیارییەكان.

* كاتێ یەك لەئەندامان پێشنیازی بەستنی كۆبونەوە دەكات یەكسەر وەڵامی مەدەوە: لەكوێ دەكرێت كۆببینەوە؟ بەڵكو پرسیاری لێ بكە، بۆ كۆببینەوە؟

*** ئەگەر کۆبونەوەکە بێ بەرنامە بوو، دەستپێکردنو کۆتایی هەبوو، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کارەکانی لەدەرەوەی دەسەڵاتدان، باشە تۆ چیت دەوێت، یان دەچیت کاتت بەفیڕۆ دەدەیت، یان لاواز مەبەو مەڕۆ بۆ کۆبونەوە.**

*** ئەگەر بەشداری کۆبونەوەیەکت کرد ، ئەرکی سەرکەوتنی کۆبونەوەکەت لەئەستۆدایە بەڕادەی بەرپرسیاریت لەسەرکەوتنی ئەگەر بەخۆت سەرۆکی کۆبونەوە بوویت.**

*** لەسەرتە کارەکان بەڕێوە بەریت بەپێی سروشتیان نەك بەپێی ئارەزووی خۆت.**

*** مەڕۆ بۆ کۆبونەوەیەك کە ئامادە نەبوویت.**

*** دوا مەکەوە هەرچی بوو هۆیەکانو بەڵگەکانت.**

*** لەکاتی کۆبونەوەکان گفتوگۆی لابەلا مەکە، قسە بەکەس مەبڕە، هەڕەشە لەکەس مەکە، هەڵوێستت نالەبار نەبێت.**

## بەشی دووەم

# ئامادەکردنی شوێنی کۆبونەوەکە

بۆ ئامادەکردنی شوێنی کۆبونەوە پێویستە بەم قۆناغانەدا تێپەڕبین، یەك بەدوای یەك باسی دەکەین:

١. قۆناغی یەکەم: قۆناغی خۆئامادەکردن.

٢. قۆناغی دووەم: قۆناغی بەڕێوەبردنی کۆبونەوە.

٣. قۆناغی سێیەم: قۆناغی پاش کۆبونەوە.

٤. قۆناغی چوارەم: قۆناغی هەڵسەنگاندنی کۆبونەوە.

................

## قۆناغی یەکەم:

## قۆناغی خۆئامادەکردن:

ئەمە گرنگترین قۆناغە لەتەمەنی کۆبونەوەدا، لێرەدا جۆری کۆبونەوەو ئامانج لەو کۆبونەوەیەو دانانی بەرنامەی کاری کۆبونەوەکە دیاری دەکرێت:

جۆری کۆبونەوە:

- کۆبونەوەی ئەنجومەنی کارگێڕی یان بەڕێوەبەرەکان.
- کۆبونەوە بۆ گفتوگۆ دەربارەی بەجێ گەیاندنی ئەرکەکان.
- کۆبونەوەی رۆژانە، هەفتانە، مانگانە.
- کۆبونەوەی ئەرك‌و کارەکان یان لیژنەیەك یان بەشێك.
- کۆبونەوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری یان گفتوگۆ لەسەر کارێك.
- کۆبونەوە بۆ وەرگرتنی بڕیارەکان یان چارەسەرکردنی کێشەکان.

هەموو جۆرێ لەو کۆبونەوانەی پێشوو پێویستی بەپلان‌و ئامادەکردنی جیاواز هەیە.



* ئەگەر کۆبونەوەکە تایبەت بوو تەنها بەئەنجومەنی کارگێڕی یان بەڕێوەبەرەکان لێرەدا پێویست بەدیاریکردنی:

ـــ جۆری ئەوانەی بەئومێدی بانگ کردنن بۆ کۆبونەوە جیاوازەکان لەبەڕێوەبەرەکان، یان ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێڕی.

ـ جۆری ئەو ئەرکانەی بەئومێدن گفتوگۆی لەسەر بکرێت.

ـــ ئایا بەستنی ئەم کۆبونەوەیە بەپێویست دەزانی تەنها لەبەرئەوەی کۆبونەوەیەکی ئاسایی یان رۆتینیە یان تەنها لەبەرئەوەی کەسانێك بۆ کۆبونەوە داوا کراون؟

* ئەگەر کۆبونەوەکە تایبەت بێت بەوەرگرتنی بڕیارەکان‌و چارەسەرکردنی کێشەکان لێرەدا پێویست بەدیاریکردنی:

ـ ئایا ئەو زانست‌و زانیاریانەی پێویستن بۆ وەرگرتنی بڕیار یان چارەسەرکردنی کێشەکە لەبەردەستی ئامادەبوانە؟

ـ ئایا جێ بەجێ کردنی بڕیارەکە پێویستی بەبەشداریکردنی کەسانی تر هەیە بەجیاوازی ئەوانەی چاوەڕوانی ئامادەبونیان دەکرێت؟

ـ ئایا لێرەدا کار لێکردن هەیە لەنێوان گروپی بەشداربوان بۆ یارمەتی دانی گەیشتن بەبڕیارێکی دروست؟

ـ ئایا لێرەدا ئەگەری پەیدابوونی بیروڕای دژ بەیەك هەیە کە پێویست بەچارەسەر بکات؟

ـ ئایا لێرەدا چەند بابەتێك هەیە پێویستی بەهەمان مامەڵە کردن هەبێت؟

ـ ئایا ئامادەبوان هەنگاوە کردەییەکانی وەرگرتنی بڕیارێك یان چارەسەرکردنی کێشەیەك دەزانن بەڕێگایەکی کردەیی دروست یان پێشبینی روداوێکی سەرپێی‌و کوێرانە دەکرێت؟

ئێستا بڕیاری کۆتایی بەبەستنی کۆبونەوەکە درا، بۆیە دەبێ بەقوڵی بچینە ناو ئەم قۆناغە.

### أ ـ هەڵبژاردنی کاتی کۆبونەوەکە:

چاکتر وایە بۆ خۆدورخستنەوە لەدژواری زیاتر کاتو مێژووی کۆبونەوەکە لەکۆتایی کۆبونەوەی رابردوو دیاری بکرێت ئەگەر کۆبونەوە بەسترابوو، ئەگەر پێشتر کۆبونەوە نەبەسترابوو یان لەتوانادا نەبوو لەکۆبونەوەی پێشوو دیاری بکرێت ئەوا پێویستە کاتی کۆبونەوە:

- گونجاو بێت بۆ سەرۆکی کۆبونەوە.
- گونجاو بێت بۆ ئامادەبوان، تا ئامادەبونیان مسۆگەر بێت.
- گونجاو بێت بۆ مسۆگەر کردنی پێداویستیە جۆراوجۆرەکانی کۆبونەوە.
- گونجاو بێت بۆ خۆئامادەکردن بۆ کۆبونەوە.
- پێویست دەکات لەم کاتانەدا خۆمان دوور بخەینەوە:

* رۆژی پێش کۆتایی هەفتە یان پشوی رەسمی.
* سەرلەبەیانی پاش رۆژی پشودان.

### ب ـ دیاریکردنی شوێنی کۆبونەوە:

پێویستە داکۆکی بکرێت لەسەر شوێنی کۆبونەوە بە:

- گونجاو بێت بۆ بەشداربوان لەڕووی شوێنو بارەگاوە، وابکرێت گەیشتن بۆی ئاسان بێت.
- جێگای هەموو ئامادەبوانو پێداویستیەکانیان ببێتەوە.
- ئامرازەکانی یان گۆڕینی تێدا بێت.



- ئامرازەکانی رووناکی باش بێت.
- جێگای باشو گونجاو بێت بۆ ئامادەبوان (لەڕووی کەرەستەوە).
- دوور بێت لەهەراو هوریاو قسە بڕینەوەی جۆراوجۆر.
- کەسی تیادا نەبێت لەکاتی دیاریکراوی کۆبونەوە.

### ج ـ بانگ کردن بۆ کۆبونەوە:

ناردنی داواکاری بۆ بەشداری کردن لەکۆبونەوە پێویستە بەنووسین بێت نەك زاری (بەبێ توانا) تا رێگای گفتوگۆ نەدرێت کە کەسێك ئاگادار نەکراوەتەوە، لەگەڵ دڵنیابوون بەگەیشتنی داواکارییەکە.

نوسراوی داواکردنەکە بۆ کۆبونەوە پێویستە مێژوو کاتی دەست پێکردنو کۆتایی هاتنی کۆبونەوەکە دیاری بکات لەگەڵ بەرنامەی کاری کۆبونەوەکە.

### د ـ بەرنامەی کار:

- واتا ئەو شتانەی کە پێویستە لەکۆبونەوەکەدا بکرێت، گەورەترین هەنگاوی لەبار کە بخرێتە سەر باس لەکۆبونەوەیەکدا بریتیە لەگواستنەوەی بایەخ پێدان لە (ئەرك) بۆ (ئەنجام) باشترین تەکتیك بۆ جێ بەجێ کردنی ئەمە بریتیە لە (بەرنامەی کاری کۆبونەوە) تا ئەمە جێ بەجێ بێت پێویستە پرسیار بکرێت لەسەر:
- ئایا لەگەڵ بەشداربووانی کۆبونەوە راوێژت کردوە دەربارەی ئەو بابەتانەی کە بەباشی دەزانن لەکۆبونەوە گفتوگۆی لەسەر بکرێت بەبێ زیادەڕۆیی وە پاش بێژانەوەی ئەم بابەتانە لەلایەن خۆتەوە؟

ـ ئایا کەست بانگ کردووە جگە لەبەشداربوان بۆ بەشداریکردنت لەدیاریکردنی بەرنامەی کار ئایا کەس هەندێ سەرنجیان بەرچاو خستووە تا کەس نارازی نەبێت لەبەشداربوان؟

ـ ئایا ناوی ئەو کەسانەت نووسیوە، کە هەریەکەیان لەسەر بابەتێك بدوێن؟

ـ ئایا رەچاوی زنجیرەی بەندەکانی بەرنامەی کارت کردوە بەپێی:

* ئەقلانیەت.

* دۆخی گونجاوی بەشداربوان (نەك یەکێکیان پەیوەستی سەردانێك لەبەر هەرهۆیەك).

* دژواری: (بەندە دژوارەکان پێش بخرێت، بەڵام لەسەرەتادا نەبێت).

* ژێری بابەتی: (ئەو بەندانەی جێگای وروژاندنی گفتوگۆن لەکۆتایی بەرنامەکە بێت یان پێش داواکردنی پشودان).

ـ ئایا رەچاوی ئەوەت کردووە کە بەرنامەی کارت زۆر پڕ بابەت نەبێت؟

ـ ئایا کاتی هەر بابەتێکت دیاری کردووە کە گفتوگۆی تیادا لەسەر بکرێت؟

بەرنامەیەك دابنێ بۆ دیاری کردنی کاتی پێویست بۆ هەر بابەتێك لەبابەتەکان لەماوەی ئەم هەنگاوانە:

١. بەرچاوخستنی کێشەکە.

٢. بەرچاوخستنی راستیەکان.

٣. ئاشکراکردنی بیروڕا تایبەتیەکان.

٤. بەرچاوخستنی ئەلتەرناتیڤەکانو چارەسەرە کردەوەییەکان.

٥. باسی تایبەتمەندییەکانی هەر رێگا چارەیەك.

٦. باسی کەموکورتیەکانی هەر رێگا چارەیەك.

٧. رێککەوتن لەسەر چارەسەری گونجاوو وەرگرتنی بڕیار بەجێ بەجێ کردنی.



٨. هەنگاونان بەرەو بابەت یان خاڵی داهاتوو.

ـ ئایا هەموو کاراییە رەسمیەکانت وەرگرتووە بۆ بەستنی کۆبونەوەکە (وەك وەرگرتنی رەزامەندی پێشتر لەسەرۆکەوە بۆ ئەم کۆبونەوەیە).

## نموونەی داواکردن بۆ ئامادەبوونی کۆبوونەوە

بەڕێز ....................

سڵاوێکی گەرم

بەڕێز .................. پێخۆشحاڵە بەداواکردنی بەڕێزتان بۆ ئامادەبوونی کۆبونەوەی ژمارە ..................... و تایبەت بە .................... لەتەواوی کاتژمێری .................... لەبارەگای دامەزراوەی ....................... لەڕۆژی ...../ ...../ .......... .

هاوپێچ بۆ بەڕێزتان بەرنامەی کاری کۆبونەوەی پێشنیازکراو لەلایەن ئێمەوە، هیوادارین بەبیروڕاو پێشنیازەکانی ئاگادارمان بکەنەوە، بۆ ئەوەی هاوپێچی بەرنامەی کاری بکەن.

لەگەڵ ئەوپەڕی رێزمان

هاوپێچ

...................

بەرنامەی کاری کۆبونەوە

......................

## نموونەیەکی تر داواکردنی ئامادەبوونی کۆبونەوە

بەڕێز ....................

بابەت/ بەشداریکردن لەکۆبونەوەو ئامادەکردنی بەرنامەی کاری ئەنجومەنی ...............

سڵاوێکی گەرم

بەئاماژە کردن بۆ بابەتی لای سەرەوە بەڕێزەوە ئاگاداری بەڕێزتان دەکەینەوە، بۆ زانین پێشنیار کراوە بەبەستنی کۆبونەوەی ئەنجومەنی کارگێڕی لەماوەی ڕۆژانی ...../ ..../ ...... و تا ...../ ...../ ........ بۆیە جێگای سوپاسە، کە بەڕێزتان بەپەلە ئاگادارمان بکەنەوە بەپێی ئەو نموونەیەی هاوپێچە بەو زانیاری و پێشنیارانەی کە بەگرنگی دەزانن بخرێنە ناو بەرنامەی کاری ئەنجومەن لەکۆبونەوەی داهاتوو.

لەگەڵ ئاگادارکردنەوەمان بەهەر ئامارو زانیارییەك کە پەیوەست بێت بەو بابەتانەو پێشنیارکردنی کاتی گونجاو بۆ بەڕێزتان.

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزمان

سەرۆکی

ئەنجومەنی کارگێڕی

هاوپێچ

- بەرنامەی کاری کۆبونەوە.
- نمونەی دیارکردنی بابەتەکانی پێشنیازکراو کە بخرێتە ناو بەرنامەی کاری ئەنجومەنی کارگێڕی داهاتوو.



## نموونەیەك بۆ دیاریکردنی بابەتەکانی پێشنیارکراو بۆ بەرنامەی کاری ئە نجومەنی کارگێڕی داهاتوو

| ز | بابەتە پێشنیارکراوەکان | هۆیەکانی |
| --- | --- | --- |
| | | |

## نموونەی بەرنامەی کاری کۆبونەوە

ژمارەی کۆبونەوە ______ کاتی کۆبونەوە ______

شوێنی کۆبونەوە ______ ماوەی کۆبونەوە ______

مێژووی بەستنی ______

| ریزکردنی بابەت | بابەت | بەرپرسی بابەت | ماوەی بەرچاوخستن | ئامارو زانیاری پێویست |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |



بەرپرسی کۆبونەوە

بەڕێز ______

داواکراوان بۆ کۆبونەوە

بەڕێز ______ بەڕێوەبەر ______

بەڕێز ______ بەڕێوەبەر ______

بەڕێز ______ بەڕێوەبەر ______

بەڕێز ______ بەرپرس ______

بەڕێز ______ سەرۆکی لیژنە ______

## نموونەیەکی تر بۆ بەرنامەی کاری کۆبونەوە

بەرنامەی کاری کۆبونەوە ______

کات‌و مێژووی بەستنی کۆبونەوە ______

شوێنی دانیشتن ______

لێپرسراوی کۆبونەوە ______

ماوەی دیاریکراو بۆ کۆبونەوە (٩٠) خولەکە.

ئامانج لەم کۆبونەوەیە ______

بابەتەکانی گفتوگۆ لەکۆبونەوە:

١. بابەت ______ ١٥ خولەکە.

٢. بابەت ______ ١٥ خولەکە.

٣. بابەت ______ ١٠ خولەکە.

٤. بابەت ______ ١٠ خولەکە.

٥. بابەت ـــــــــ ٢٠ خولەکە.

٦. بابەت ـــــــــ ٢٠ خولەکە.

گشتی کات ٩٠ خولەکە.

بەشداربووان:

١. ـــــــــ .

٢. ـــــــــ .

٣. ـــــــــ .

٤. ـــــــــ .

**٥ ـ کۆکردنەوەی ئامارو زانیاریو راپۆرتەکان:**

کە رەنگە لەبەشداربووانی کۆبونەوە پێویستی هەبێت بۆ وەرگرتنی پرسیارێك تا دوا نەخرێت بەهۆی کەمی ئەم زانیاریانە.

**٦ ـ ئامادەکردنی پێویستیەکانی شوێنی تایبەت بەکۆبونەوە:**

پێویست بەدڵنیایی دەکات لە:

ـ مێزو کورسیەکان رێکخراوبن بەپێی جۆری کۆبونەوەکەو ژمارەی ئامادەبوان.

ـ دانانی ناو بۆ ئامادەبوان (ئەگەر هاتوو یەکتر نەناسن).

ـ ئامادەکردنی کەرەستەی پێویستی بەکارهێنراو وەك: (پرۆجکتۆر، سەبورە، ڤیدیۆ، ئامێری تۆمارکردنی دەنگ، کۆمپیوتەر، ئامێری سینەما، کەرەستەی



............. و لەهەمووی گرنگتر دڵنیا بوون کە ئەم کەرەستەو ئامێرانە بەکەڵکی بەکارهێنانن، باشتر وایە تاقی بکرێتەوە.

ـ خواردنەوەو خواردن ئەگەر پێویست بوو.

ـ ماوەیەکی پشودان.

ـ پێویستیەکانی نووسین بۆ ئامادەبوان.

ـ کۆنوسی کۆبونەوەی پێشوو (ئەگەر دابەش نەکرابوو پاش کۆبونەوەی رابردوو).

**٧ ـ بوونی سکرتێر بۆ تۆمارکردنی کۆبونەوەکە.**

## قۆناغی دووەم

## قۆناغی بەڕێوەبردنی کۆبونەوەکە

بەڕاستی قۆناغی ماندووبوونە، لەبەر یەکلاکردنەوەیەکی ڕێكو پێك، کارامەیی جۆراوجۆر، لێهاتوویی‌و کاریگەری، بەرپرسیارێتی.

### یەکەم: بەرپرسارێتی

سەرۆکی کۆبونەوە بەرپرسە لە:

- بەڕێوەبردنی کۆبونەوەکەو ئاراستەکردنی بۆ جێ بەجێ کردنی ئامانجەکان.
- تێگەیشتنێکی تەواو لەوەی دەیەوێت جێ بەجێی بکات دەربارەی هەر بابەتێك‌و لەهەر کۆبونەوەیەك بەگشتی.
- دڵنیابوون لەگفتوگۆکردنی هەر بابەتێك لەبابەتەکانی بەرنامەی کار، بەڕاشکاوەیی، هەر ئامادەبوویەك بیرورای خۆی دەردەبڕێت.
- گێڕانەوەی گفتوگۆکان بەرەو ناوەڕۆکی بابەتی باسکراو لەبارێکدا گفتوگۆکان بەرەو بابەتی لابەلا ڕۆیشت.
- یەکلاکردنەوەی گفتوگۆ لەنێوان بەشداربووانی کۆبونەوە ئەگەر بەئاراستەیەکی تر ڕۆیشت‌و ببێتە هۆی هەڕەشە لەسەر ڕێڕەوی ڕاستی بەرەو جێ بەجێ کردنی ئامانجەکانی.
- دڵنیابوون لەتۆمارکردنی ئەو خاڵانەی لەکۆبونەوە بڕیاری لەسەر دراوە.
- بەستنی کۆبونەوەیەکی تر بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەو بابەتانەی پێویست بکات.
- بەدەستەوەگرتنی هەڵسوڕاندنی گفتوگۆکان.



### دووەم: ڕۆڵی سەرۆکی کۆبونەوە دەربارەی ئەرکەکانی بەرنامەی کار

- بڕیاری دەستپێکردنی کۆبونەوە دەدات لەکاتی خۆیدا.
- دەستپێکردن بەگفتوگۆ کردن دەدات لەکورتترین ماوەدا.
- بەبەرنامەی کاردا دەچێتەوە بەپەلەو پرسیار دەکات ئەگەر هەر پرسیارو بەدواداچونێك هەبێت.
- جەخت لەسەر بابەتی باسکراو دەکات.
- زانیاری لەبەشداربوان وەردەگرێت.
- بەراورد و هاوسەنگی لەنێوان بیروڕاکان دەکات.
- باسەکانی ناو کۆبونەوەکە کورت دەکاتەوە.
- بەرنامەی کار دادەنێت.

### سێیەم: ڕۆڵی سەرۆکی کۆبونەوە لەکارلێکردنی نێوان ئەندامان

- سەرپەرشتی بەشداربوان دەکات.
- هانی بەشداربوان دەدات لەگفتوگۆدا.
- پشتگیری بەشداربوان دەکات.
- پشتگیری دەربڕینی بیروڕای جیاواز دەکات.
- چارەسەرکردنی ململانێی نێوان بەشداربوان ئاسان دەکات.
- دەربڕینی هەست‌و کارلێکردن هاندەدات.
- ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕاو خۆراکی گەڕاوە هاندەدات.

## چوارەم: ڕۆڵی سەرۆکی کۆبونەوە لەڕێکخستنی کۆبونەوەکە

ـ دانانی بەرنامەی کار (بەشداریکردنی کەسانی تر هەندێ جار ئەگەر پێویست بکات).

ـ دانانی ئامانجەکان.

ـ ڕێگاو شێوازی تایبەت بەکاردێنێت بۆ:

* شیکردنەوەی زانیارییەکان.

* بەرچاوخستنی جێگرەکان (البدائل).

* وەرگرتنی بڕیارەکان.

ـ دیاریکردنی ڕۆڵی هەر ئەندامێك لەجێ بەجێ کردنی ئەرك‌و بڕیارەکان.

ـ دانانی کاراییەکانی کارکردن.

## پێنجەم: کارامەییە پێویستیەکانی سەرۆکی کۆبونەوە:

ـ تێگەیشتن‌و زیرەکی بۆ جێ بەجێ کردنی ئامانجەکانی کۆبونەوەکە.

ـ پەیوەندیکردنی کاریگەر.

ـ خوێن گەرمی لەهاندانی بەشداربوان بۆ بەشداریکردن‌و ڕازی بوونیان بەو بیروڕایانەی پێش چاو خراون، کارکردن بۆ جێ بەجێ کردنیان‌و پابەندی کردنیان.

ـ بوونی توانای دەسەڵات پێدان‌و دابەشکردنی ئەرکەکان.

## لەکاتی بەڕێوەبردنت بۆ کۆبونەوەکە:

ــ سەرەتا ........... پێشوازییەکی گەرمی ئامادەبوان بکەو ئەوی نوێیە بەئامادەبوانی بناسێنە.



ـ ئاماری ئامادەبوان بکەو بزانە کێ ئامادە نەبووەو هۆیەکەی چییەو ئایا چاوەڕوانی دواکەوتنیان دەکرێت؟

ـ دەست بەچالاکیەکانی کۆبونەوەکە بکە بەپێی بەرنامەی کاری ئامادەکراو.

ـ لەکاتی گفتوگۆ کردن لەسەر هەر بەندێ:

* لەکاتی پێشکەشکردنی بابەتی گفتوگۆ گرنگی بابەتەکە دیاری بکەو ئامانج لەو گفتوگۆیە چییە؟

* کاتی گفتوگۆ دەست پێدەکات لەسەر ئەو بابەتە:

أ ـ پرسیارەکان گشتی بن‌و پرسیاری داخراو بەرچاو مەخە.

ب ـ ورووژاندنی کێشە یان ئەو پرسیارانەی بیروبۆچوونی جیاواز هەڵدەگرێ.

ج ـ نموونەیەك بۆ ڕوونکردنەوە باس بکە.

د ـ بیروڕای جۆراوجۆر باس بکە.

هـ ـ بەژمارەو ئامار بەڵگەکانت بەرچاو بخە.

و ـ ئامارو نەخشەکانی بەرچاو بخەو خاڵەکانی کورت بکەوە.

ز ـ کاتێ گفتوگۆکان ئاراستە دەکەیت:

* با گفتوگۆکان ڕاست‌و دروست بن‌و دوور لەگاڵتەوگەپ.

* هەمووان بەشداری گفتوگۆکە بکەن.

ـ کاتێ دەتەوێت گفتوگۆکان هێمن‌و بێ ئاژاوە بن:

* بیروبۆچوونی کەسانی تر کورت بکەوە.

* سوود لەئەزموونی هەندێ ئامادەبوان وەربگرە دەربارەی ئەو بابەتەی کە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت.

ـ کاتێ هەندێ لەبەشداربوان لەو خاڵەی گفتوگۆی لەسەر دەکەن لادەدەن:

* کێشەکە دووبارە داڕێژەوە.

* پرسیار بكە دەربارەی پەیوەندی نێوان ئەو خاڵەی لەدوایدا باس كراوەو نێوان كێشەكە كە جێگای گفتوگۆیە.

* پرسیاری گونجاو بكە بەمەبەستی گەڕانەوە بۆ گفتوگۆكە.

* داوای دواخستنی بابەتە لابەلاكان بكە.

* ئامادەبوان دڵنیا بكە كە هەر خاڵێكی لابەلایان هەبێت تۆمار دەكرێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە لەچوارچێوەی بابەتەكە دەرنەچن.

* داوا لەیەك لەبەشداربوان یان سكرتێری كۆبونەوەكە بكە چاودێری كات بكات بەپێی بەرنامەی كاتی دیاریكراو ئاگادارت بكاتەوە بەكاتەكانی گواستنەوە لەبەندێكەوە بۆ بەندێكی تر.

ـ بۆ هاندانی بەشداربوان لەبەشداریكردنێكی كاریگەرانە:

* ئەركی بەڕێوەبردنی كۆبونەوەكە دابەش بكە بەسەریاندا.

* داوا لەیەكێكیان بكە كە بەرپرس بێت لەبەڕێوەبردنو چاودێری كات، یەكێكی تر پێشنیارەكان بنوسێت، یەكێكی تر كێشەو بابەتە لابەلاكانو ............. بەم جۆرە.

ـ ڕێگا بگرە لەوانەی ئارەزووی دەست بەسەرداگرتنی كۆبونەوەیان هەیە یان دەنگ بەرز دەكەنەوە یان هەر جۆرێكی تر كە دەبنە هۆی پەككەوتنی كۆبونەوەكە.

ـ ئەگەر یەك لەئەندامان ویستی پاوانی گفتوگۆكان بكات، بەهێمنی داوای لێ بكە ڕێگە بەوانی تریش بدات.

ـ هەر بڕیارێك وەرگیرا ڕێگە مەدە كەس دووبارە گفتوگۆی بكاتەوە.

ـ كێشەكان بەپەلە چارەسەر بكە.

زاڵبە بەسەر كۆسپو نەهێنیو ڕەفتارە جۆراوجۆرەكان.

ـ تواناو هێزێكی بەرزی خۆت بپارێزە بەوەی:



* پشودان ماوەی هەر ٦٠ بۆ ٩٠ خولەكە.

* ڕاهێنانی وەرزشی بۆ چالاكی مێشكو ورووژاندنی ركابەری.

* بەشداربوان دابەش بكە بەسەر چەند گروپێكی بچوك.

* بەكارهێنانی ئامرازەكانی بینینی كاریگەر، بەرچاوخستنی كاری سەرنجڕاكێش بۆ نەهێشتنی بێزاریو خولقاندنیو ورووژاندنی.

* بەسەرنجو تێبینیەكانت دەربارەی شێوازو ڕەفتاری بەشداربوانی كۆبونەوە ئاگادار بكەوە.

ـ ئەگەر بەرهەڵستیەك بۆ بڕیارێك بەدەركەوت یان هێرش كرایە سەر بڕیارێكی دیاری لەلایەن بەشداربوان، یەكەم جار گوێ لەبیروڕای دژەكان بگرە، پاشان ڕێگا بدە لایەنگرانی بڕیارەكە، هانیان بدە بۆ دەربڕینی سەرنجەكانیان ئەگەر لایەنگریان بوی. بەپێچەوانەوە ئەگەر لەگەڵ ئەوانە بووی دژی بڕیارەكەن. سەرەتا ڕێگا بەلایەنگران بدە پاشان ڕێگا بەدژەكان بدە با قسەی خۆیان بكەن.

ـ كاتی گونجاو هەڵبژێرە بۆ گەیاندنی دەنگوباسی ناخۆش بەبەشداربوان.

ـ ئەگەر بێ بایەخیەكت لەبەشداربوان یان هەندێكیان دیت، هۆیەكانی ئەو بێ بایەخیە بزانە ڕەنگە:

* بەندەكانی بەرنامەی كار زۆرو جۆراوجۆر بن، گفتوگۆكان لقوپۆپی زۆر بێت.

* بەندەكانی بەرنامەكەت پێشكەش بەئامادەبوان نەكردووە بەجۆرێك كە لەگرنگی ئاگاداربنەوە.

* كاروبارەكانت بەشێوەی پرسیار ڕاستەوخۆ پێشكەش كردووە، توانای گفتوگۆت نییە.

* لەپێشدا خاڵێكی خراپت بۆ گفتوگۆ هەڵبژاردووە كە لەجێگای خۆی نەبووە.

ـ ئەگەر بەرەو ڕووی بیروڕای جیاواز بوویتەوە:

* دڵنیابە لەو راستیانەی بەرچاوت دەخرێت‌و بڕیارت لەسەر دژە رایەکە بەشێوەیەکی بابەتیانە بێت.

* هەڵوێست‌و بیروڕات بەباشترین بەڵگە بسەلمێنە، چونکە هەڵوێستەکان متمانە دەکاتە سەر چۆنێتی بەڵگەکان، نەك قەبارەو ژمارەیان.

* هەندێ نموونەو رووداو باس بکە کە پشتگیری راستیەکان بکات.

* پێشنیارەکانت جارێکی تر دەربارەی کێشەکە لەکۆتاییدا بەرچاو بخە.

* بیروڕای خۆت بەپەلە مەگۆڕەو وازی لێ مەهێنە بۆ دوورکەوتنەوە لەململانێ یان بەدەستهێنانی رازی بوون.

* دوورکەوە لەرێگای کەم کردنەوەی ململانێ بەهاتنە پاڵی بیروڕای زۆرینە یان ناوەندییەکان.

- خۆت ئامادە بکە بۆ خاڵی داهاتوو لەبەرنامەی کار.
- لەکۆتایی کۆبونەوە دڵنیابە لەوەی کە مەبەست یان ئامانج لەم کۆبونەوەیە جێ بەجێ بووە، بەشداربوان زانیاریان هەیە دەربارەی هەموو ئەو بەندانەی گفتوگۆیان لەسەر کراوە، هەروەها ئەو راسپاردە تایبەتیانەی هەر بەشداربوویەك لەکۆبونەوەکە.

## قۆناغی سێیەم

## قۆناغی پاش کۆبونەوە

کۆبونەوە کۆتایی پێ هات، ەڵام ئەرکی سەرۆکی کۆبونەوە هێشتا تەواو نەبووە.

پێویستە:

- کۆنووسی کۆبونەوەکە ئامادە بکات.
- کۆنووسی کۆبونەوەکان بپارێزێت، راسپاردنی یەك لەئەندامان بەدابەشکردنی بەسەر ئامادەبوان.



ـ بەدواداچوونی ئەرکەکانی بەشداربوان لەماوەی تۆمارکردنی لەدەفتەری تۆمارکردنی بەدواداچوونی ئەرکەکان‌و خشتەی جێ بەجێ کردن.

---

**تۆماری بەدواداچوونی ئەرك‌و خشتەی جێ بەجێ کردنی**

کۆبونەوەی ژمارە .................        ژمارەی بەدواداچوون ................

مێژووی بەدواداچون .................        بەرپرسی بەدواداچوون ................

| چییە؟ | کێ؟ | کەی | | ئاکامەکانی بەدواداچوون |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| | | بەنووسین | بەکردەوە | |
| ئەرکی ژمارە (١) | ناوی جێ بەجێ کەر | | | |
| ئەرکی ژمارە (٢) | ناوی جێ بەجێ کەر | | | |
| ئەرکی ژمارە (٣) | ناوی جێ بەجێ کەر | | | |
| ئەرکی ژمارە (٤) | ناوی جێ بەجێ کەر | | | |

## قۆناغی چوارەم

## قۆناغی هەڵسەنگاندنی کۆبونەوە

لەبەرئەوەی سەرۆکی کۆبونەوەی بۆیە پێویستە هەڵسەنگاندنت بۆ کۆبونەوەکە هەبێت، تا بەشداربوان بەرەو گەشەو پەرەسەندن بەریت بەردەوام، بۆیە پێویستە ئەم شێوازانە بەکاربهێنی(بەتاك یان بەیەکەوە باشترە).

**١. ( روونکردنەوە ) یان فۆرمی هەڵسەنگاندن :**

تیادا هەڵدەسیت بەدابەشکردنی فۆرمێك بەسەر بەشداربوان بەگشتی، پاشان هەڵدەستیت بەلێکۆڵینەوە بۆئەوەی شارەزایی دەرفەتەکانی چاك کردن بیت، یان گفتوگۆکردنی خاڵە لاوازەکان لەکۆبونەوەی داهاتوو لەگەڵ بەشداربوانی تر.

ئەمەش نموونەیەکە لەو فۆرمەی چۆنێتی هەڵسەنگاندنی کۆبونەوەکە روون دەکاتەوە بەو جۆرەی دەگونجێت لەگەڵ پێداویستیەکانت لەگەڵ کەسانی ترەوە بەپێی چالاکیو رەفتارەکان.

**هاوڕێی بەشدار:**

لەبەر گرنگیت لامان، تکامان وایە هاوکاریمان بکەیت بۆ رزگاربوونمان لەخاڵە لاوازەکانی کۆبونەوەکان بەدانانی هێمایەك لەدەوری ئەو شتەی رادەی هاوکاری باو دەردەخات لەکۆبونەوەدا.



| | زۆر خراپ | خراپ | ناوەندی | باشە | نایاب |
|---|---|---|---|---|---|
| - جێ بەجێ کردنی ئامانج لەکۆبونەوەکە. | | | | | |
| - سوودوەرگرتن لەکات. | | | | | |
| - سوودوەرگرتن لەبیروڕای ناو کۆبونەوەکە | | | | | |
| - یەکلاکردنەوەی کێشەو ناکۆکیەکانی نێوان بەشداربوان. | | | | | |
| - ئاشکرایی ئامانج. | | | | | |
| - کارکردن وەك تیپێك. | | | | | |
| - پەیوەندی کاریگەر. | | | | | |
| - ئاشکرایی (مصارحة). | | | | | |
| - شێوازی گفتوگۆو رادەربڕین. | | | | | |
| - چیمان پێ دەکرێت بەبەرزکردنەوەی پلەی | | | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| هاوکاری نێوان هەموو بەشداربوان؟<br>ـ ئەو کاروبارانەی سودبەخشن بۆ تۆ لەو کۆبونەوانەی دەبەسترێت؟<br>ـ ئەو کاروبارانەی بێ سودن لەم هەموو کۆبونەوانە؟ | | | | | |

### ٢. چاوپێکەوتنی کەسی:

دەکرێت هەڵسەنگاندنی کۆبونەوەکانت دەستکەوێت لەماوەی سەردانی تایبەت یان چاوپێکەوتن یان بەتەلەفۆن لەگەڵ بەشداربوان.

پرسیاریان لێ بکە دەربارەی بیروڕای تایبەتیان‌وئەم بیروڕایانە کورت بکەوە، خاڵە لاوازەکانت باش بکەوە، پێویستە لێرەدا ئەوە لەبیر نەکەیت کە شێوازی بنەماکانی پەیوەندیو چۆنێتی ئاڕاستەکردنی پرسیارە کراوەکان چۆن دەبێت.

### ٣. ڕەخنە لەخۆگرتن:

ـ لەڕەفتاری خۆت بکۆڵەوەو پەرە بەخۆت بدە.
ـ لەخاڵە لاوازەکانی خۆت بکۆڵەوە، وەریگێڕە بۆ بەهێز.
ـ لەسەرچاوەی هێزی خۆت بکۆڵەوەو گەشەی پێ بدە.



ـ ئەگەر سودمەند نەبێت بۆ خۆتو ئەوانی تر، کەواتە کەی دەگۆڕێیت.
ـ هەموو ئەوانە لەکاریگەریت لەبەڕێوەبردنی کۆبونەوەکان باش دەکاتو پەرە بەخودی خۆت دەدات.

..................

# بەشی سێیەم

ئەگەر لەکۆبونەوە بەشداربوویت

# چۆن جیاکار دەبیت...؟

ئەگەر لەكۆبونەوەیەك بەشداریت كرد:

ئەگەر بانگ كرابیت بۆ بەشداریكردن لەچالاكیەكانی كۆبونەوەیەك، پرسیارێكی هەمیشەییە پێویست دەكات لەخۆتی بپرسیت:

ئایا پێویست بەئامادەبوونی ئەم كۆبونەوەیە دەكات؟

وەلآمی ئەم پرسیارە بەدوە بەشێوەیەكی بابەتیانە، وە هەڵوێستێكی راستو دروست لەگەڵ خۆت هەبێ، هاریكاریت دەكەین لەوەلآمدانەوەی ئەو پرسیارە بەم دە پرسیارە:

١. ئایا تواناو لێهاتوویت بیروڕات كارێكی بنچینەییە بۆ سەركەوتنی ئەم كۆبونەوەیە؟

٢. ئایا بڕیارەكانی ئەم كۆبونەوەیە راستەوخۆ كاردەكاتە سەر تۆو سەر هاوڕێكانت وە بەرپرسیاریت لەكارەكانت؟

٣. ئایا پێویستیت بەئامادەبوون هەیە بۆئەوەی ببیتە پێشەنگ بۆ هەڤاڵەكانت لەكۆبونەوەدا؟

٤. ئایا ئامادەبوونت هەر لەبەرئەوەیە كە تۆ راهاتووی بەئامادەبوونی ئەم كۆبونەوانە بەپێی نازناوو پێگەو نەریت؟

٥. ئایا لێرەدا بابەتێك هەیە كە بتەوێت گفتوگۆی لەسەر بكەیت بەتایبەتی، یان نارازی بیت لێی، یان بەجێی بهێڵیت بۆ كۆبونەوە؟

٦. ئایا لەو كۆبونەوەیەدا بەرپرسە گەورەكانو سەرۆكەكانت ئامادە دەبن وە دەتەوێت بەئامادەبوونت پشتگیریان بكەیت؟



٧. ئایا لەكۆبونەوە گفتوگۆ لەسەر بابەتە زۆر گرنگەكان دەكرێت بەجۆرێك ناكرێت جێگرێك لەجیاتیت ئامادەبێت؟

٨. ئایا لێرەدا ئەو بابەتانە لەكۆبونەوە نەبێت بڕیاری لەسەر وەرناگیرێت؟

٩. ئایا وا دەڕوانیتە ئەم كۆبونەوەیە كە لێی فێربیت؟

١٠. ئایا لەسەر بڕیاری سەرۆكت ئامادەی ئەم كۆبونەوەیە دەبیت؟

دە پرسیاری بابەتی دروستن دیاری دەكات كە پێویستە ئامادەی ئەم كۆبونەوەیە بیت یان نا. بۆیە ئەگەر وەلآمەكەت لەسەر پرسیارەكان لەنیوە كەمتر بەبەڵێ بوو، زۆر بەئاسانی پێویست بەئامادەبوونت ناكات. ئەگەر وەلآمەكەت بەبەڵێ بوو لەسەر حەوت پرسیار، ئەوا پێویست بەئامادەبوونت دەكات، ەلآم لەهەندێ بۆنەی دیاریكراودا، ئەگەر وەلآمەكانت بەبەڵێ لەسەر حەوت پرسیار زیاتر ئەوا پێویستە ئامادەبیت.

ئەگەر وەلآمەكەت بەبەڵێ بوو لەسەر (٥ ـ ٧) پرسیار ئەوا پێویست بەهەڵوەستەیەك دەكات لەگەڵ خودی خۆت، جارێكی تر هاوسەنگیەك بكە لەنێوان نوێیو بابەتی، رەنگە ترسی سەرۆكەكەت هەبێتو ئامادەبیت، بۆ جارێكی تر پرسیار لەخۆت بكە ئایا پێویست بەئامادەبوونت دەكات یان ناكات. ئەگەر وەلآمەكانت لەسەر پرسیارەكان بەئامادەنەبوون بوو، ترسی سەرۆكت نەبێو دەكرێت پێی بسەلمێنی كە ئامادەبوونت هیچ سودێكی نابێت.

بەردەوام ئەوە لەبیر مەكە، كە داواكردنی سەرۆكت بەئامادەبوون لەكۆبونەوە ئەوە ناگەیەنێ كە پێویست بەئامادەبوونت دەكات.

**ئێستا:**

کارەکە کۆتایی پێهات‌و ئامادەی کۆبونەوە دەبیت، چۆن بەشداری چالاکیەکانی دەکەیت؟

تۆ لێرەدا ئەندامی نەك سەرۆکی کۆبونەوەکە، بەڵام بەرپرسیارێتی سەرکەوتنی کۆبونەوەکەت لەسەرە، بەرادەی بەرپرسیارێتیت لەسەرکەوتنی ئەگەر سەرۆکی کۆبونەوە بیت. بەڕاستی تووشی ئەوە دەبیت کە پێت خۆش نییە، هەوڵدە گەورەترین سوود لەم کۆبونەوەیە بەدەست بێنی:

ـ کاتێکی زوو بگە شوێنی کۆبونەوە، رەنگە دواکەوتنت لەکۆبونەوەکە ببێتە جێگای رەخنە، هەروەها رەنگە هەندێ سوود لەدەس بدەی، بۆیە گەیشتنت پێش دە خولەیەك چەند سوودێکی دەبێت بۆ تۆ وەك:

* گفتوگۆ کردن لەگەڵ هاوڕێییەك رەنگە ماوەیەکە چاوت پێی نەکەوتبێ ئەویش زوو گەیشتبیت ـ یان بەڕێکەوت ـ بۆیە دەکرێت بەیەکەوە هەندێ هاوکاری یەکتر بکەن بەپێی شێوازی کارکردنت.

* دانیشتن لەسەر کورسیەك، رەنگە پێت چاك بێت نزیك دەرگا یان پەنجەرەیەك بێت، یان جێگایەك دوور لەهەراوهوریا یان نزیك سەرۆکی کۆبونەوە. (چۆنت پێ خۆش بێت).

* ئەگەر دەستپێکردنی کۆبونەوەکە دواکەوت دەکرێت بەهەندێ کاروبار هەستی کە پێویستە ئامادەی بکەیت یان پەیوەندی کردن بەتەلەفۆن‌و... یان....

ـ بەرنامەی کاری کۆبونەوەکە بخوێنەوەو بزانە چی پێویستە بەتەواوی‌و ئەو ئەرکانەی پێویستە بەتۆوەو رەنگە سوودبەخش یان زەرەرمەند بێت بۆت.

بۆیە ئامادەبە بۆ دەربڕینی بیروڕات یان داواکردنی زانیاری زیاتر بۆ یارمەتیدانت.



ـ لەگەڵ خۆت ئەوەی پێویستە دەبێ ئامادەی بکەی، راپۆرت، ئامار، نوسراو، ئامێری‌و ژمێریاری...

ـ ئەو ئەرکانە دیاری بکە کە دەکرێت بەشداری تیادا بکەیت.

ـ دەکرێت داوای لێبوردن بکەیت‌و زوو بڕۆیت، ئەوەش بەڕێکەوتنی پێشەکی لەگەڵ سەرۆکی کۆبونەوە لەسەر رۆیشتنەکەت کە پاش گفتوگۆی ئەو ئەرکانەی تایبەت بەتۆن. لەو کاتەدا رۆیشتنت هێمن‌و زۆر بەسوود دەبێت.

ـ ئەگەر پێویست بوو لەم کۆبونەوەیە کارێك بەرچاو بخەیت زوو لەو جێگایە ئامادەبەو خۆت راهێنە لەسەر شوێن‌و کەرەستە تایبەتەکان بەنمایش کردن‌و جوڵە کردن لەو شوێنە، پێویستە چەند وێنەیەك لەراپۆرت یان ئەوانەی بەرچاوی دەخەیت لەبەردەست بێت تا دابەشی بکەیت بەسەر ئامادەبوان.

ـ پلان دارێژە کە چۆن بەشێوەیەکی لەبار بەشداری دەکەیت لەماوەی:

* خۆئامادەکردن بۆ کۆبونەوە.
* بەشداریکردنی گفتوگۆکان بەبیروڕات.
* گوێگرتنی کاریگەرانە لەبیروڕای ئەوانی تر.
* تێڕوانینی بابەتیانە بۆ ئەو خاڵانەی بەرچاوخراون.
* بەشداریکردن لەڕێکوپێکی‌و بەڕێوەبردنی کۆبونەوەکە.
* خۆراکی گەڕاوە بدرێتە سەرۆکی کۆبونەوەکە.
* پابەندی بەئەنجام‌و بڕیارەکانی کۆبونەوە.

.....................

**بەشداربووی بەکار:**

ـ لەکاتی کۆبونەوە بەشداری گفتوگۆ لابەلاکان نادات.

ـ هەندێ پرسیار دەردەبڕێ کە گفتوگۆکە دەوروژێنێ.

- ئاگاداری کاروباری ناو کۆبونەوەکەیە.
- بەکاریگەری گوێ لەسەرۆکی کۆبونەوەو ئەوانی تر رادەگرێ.
- پشتگیری بیروڕا باشەکان دەکات ئەگەر هی سەرۆکی کۆبونەوە بێت یان بەشداربوان.
- بڕیار لەسەر بیروڕاکان دەدات لەڕووی چۆنێتیو سوودمەندییەوە نەك لەسەر شێوازی پێش چاوخستنو وتار خوێندنەوە.
- پەلە ناکات لەبڕیاردان لەسەر بیروباوەڕو تێڕوانینەکان تا بەتەواوی بەرچاو دەخرێت.
- هەراوهوریا یان بارودۆخی بێ ئاسوودە کار ناکاتە سەر هەڵسوکەوتی لەگرنگی پێدان بەدەوروبەریو کاروباری ناو کۆبونەوە.
- تۆمارکردنی خاڵە باشەکان کە پێویستی بەدواداچوون یان گفتوگۆ یان گەڕانەوە هەیە لەئاییندە.
- هەڕەشە لەکەس ناکات.
- وەرنەگرتنی هیچ شتێ لەسەر باری کەسێتی.
- بەتەنها دەست بەسەر گفتوگۆکان ناگرێت.
- قسەی ناشرینو بێ ئاستو پیس بەکارناهێنێ.
- هەڵوێستی سلبی نابێت.
- کاتی زیاتر لەکۆبونەوەکە بەسەر نابات.
- لەبیرناکات سوپاسی ئامادەبوان بکات.



**بەڵام:**

ئایا خۆت بەبەشداربویەکی بەکار دەزانی؟

وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوەو رادەی بەشداریکردنت بزانە کاریگەرە یان نا.

| ژ | بەشداربوو بەشدار نەبوو | بەڵێ | نەخێر |
|---|---|---|---|
| ١. | ئایا ئەو کۆبونەوەیەی ئامادەی دەبیت مەبەستەکەی بەرچاو دەخەیت؟ | | |
| ٢. | ئایا رۆڵی خۆت لەو کۆبونەوەیەی ئامادەی دەبێت، تێی گەیشتووی؟ | | |
| ٣. | ئایا پێشەکی بەڵێنی ئامادەبوونی کۆبونەوەکە دەدەیت؟ | | |
| ٤. | ئایا پێشتر خۆت ئامادە دەکەیت بۆ کۆبونەوە بەئامادەکردنو سازدانی زانیارییەکانو لێکۆڵینەوەی | | |
| ٥. | پێشنیارەکان؟ | | |
| ٦. | ئایا دەگەیتە شوێنی کۆبونەوە بەر لەکاتی دیاریکراو؟ | | |
| ٧. | ئایا بەشداری گفتوگۆی لەبار دەکەیت لەگەڵ ئەندامانی تر لەماوەی کۆبونەوەدا؟ | | |
| ٨. | ئایا کۆبونەوەکە بەجێدێڵی ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت بەبێ هۆی | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٩. | گرنگ؟ | | |
| ١٠. | ئایا پرسیار لەهەندێ خاڵ دەکەیت کە تێی نەگەیشتووی؟ | | |
| ١١. | ئایا تێڕوانینی ئەندامانی تر وەردەگریت بەبیرێکی کراوە؟ | | |
| ١٢. | ئایا تۆ گوێگرێکی بەکاری؟ | | |
| ١٣. | ئایا بەشداری لەگفتوگۆکان دەکەیت کاتێ شتێك پێویستی بەبەشداری بکات؟ | | |
| ١٤. | ئایا هاوکاری ئەوانی تر دەکەیت لەپابەندیان بەگفتوگۆکردنی بابەتە | | |
| ١٥. | بەرچاوخراوەکان؟ | | |
| | ئایا ئەوە جێبەجێ دەکەیت کە لەماوەی کۆبونەوە لەسەری ڕێکەوتوون لەهەنگاوەکان. | | |
| | ئایا بەشداری لەپەرەپێدانی کۆبونەوە دەکەیت بەبەخشینی تێڕوانینەکانت؟ | | |
| | ئایا ئاگاداری کەسانی دیاریکراو دەکەیت کە کۆبونەوە بەچی گەیشتووەو ئەو بابەتانەی گفتوگۆی لەسەر کراوە پاش کۆبونەوە؟ | | |



## تێبینی:

بۆ بەشداربوونێکی کاریگەرانە لەکۆبونەوەکە پێویستە وەڵامەکانت لەسەر ئەم پرسیارانە بەبەڵێ بێت، ئەگەر هاتوو چەند کارێك هەبوو بەشداریت تیادا نەبوو، خۆت ڕاهێنەو فێری بەشداریکردن ببە بەفێربوونیو ڕاهێنانت تا بەشداریەکەت کاریگەر بێت.

## لەکۆتاییدا:

ئایا هەڵدەسیت بەپێشکەشکردنی بابەتێك، یان بیروبۆچونێك پێویستیت تیادا بەوە هەبێت کە بەڕوونی لەبەردەم ئامادەبووانی کۆبونەوە قسە بکەیت؟

ئایا ئاگاداریت کە تورەو تووشی گرژی هاتوویت، کاتێ قسە دەکەیت لەبەردەم ئەوانی تر، ئەگەر وەڵامدانەوەی پرسیارێکیش بێت لەکۆبونەوەدا.

لێرەدا یەکسەر دەست پێ بکە:

- ئامادەبە بەئامادەبوونێکی تەواوو باشو پێش وەخت.
- بایەخ بەڕەفتارت کە دڵنیاکەر، هاندەر، بەتوانا، گەشبین بێت.
- چاوەڕوانی چاوەڕوان نەکراو بەهیچ شتێ بەدی نایەت وەك تۆ چاوەڕوان بیت.
- دوورکەوە لەهەموو کارێك کە گرژیت زیاد بکاتو ڕێگربێت لەبەردەم بیرکردنەوەتو وزەت بەفیڕۆ بدات.
- پێشبینی ئەوە مەکە بەردەوام هێمن بیت.

........................

## سەرەتا، باش ئامادەبە:

کاتێك ئەندامێك لەکۆبونەوەیەك قسە دەکات، ئەندامانی تر پێویستیان بەدوو شت دەبێت لێی:

١. ناوەڕۆکی قسەکەی.

۲. لێهاتوویی لەدەربڕینی قسەکان.

سەرنجی ناوەڕۆکی ئاخاوتنەکەت بدە، ئایا بەڕاستی باشە یان لاوازە، کەلێنی تێدایە کە لەسەرت بکەوێت. پاشان چیت لاباشەو خاڵە لاوازەکانت چییە لێی دووربکەوە، چۆن ئەوەی دەتەوێ دەری دەبڕیت.

## ئەوانەی گوێت لێدەگرن کێن:

پێویست دەکات کە ڕەفتاری ئەو بەشداربوانە دیاری بکەیت کە گوێت لێ دەگرن، هەڵسوکەوتیان، ژینگەی تایبەتیان، جۆری ئەوەی خۆشیان دەوێ‌و وەری دەگرن.

بەم پێیە هەمووە ئەمانە چۆنێتی ئاخاوتن‌و ئەو زاراوانەی دەکرێت بەکاریان بهێنیت دیاری دەکات، هەروەها ئەو ئامرازانەی یارمەتیت دەدەن.

## وتارەکەت ڕێك بخە پێش بەرچاوخستنی:

هەموو شتێ سەرەتاو کۆتایی هەیە، وتاریش سەرەتاو ناوەڕاست‌و کۆتایی هەیە. سەرەتا پێویستە کورت‌و سەرنج ڕاکێش بێت، بۆیە هەر لەسەرەتای دوو تا سێ خولەکی یەکەم نەك زیاتر ئەوا وتارەکەت سەرکەوتوو دەبێت یان تێدەشکێت، لەبەرئەوەی ئامادەبوان بڕیار دەدەن کە ناوەڕۆکەکەی تێگەیشتوو سوودبەخش بێ بۆیان یان نا، پاشان شێوازی خوێندنەوەکەی.

ڕەنگە زۆرترین ئامرازە سەرنج ڕاکێشەرەکان لەسەرەتا بۆ بەشداربوان ئەمانەی خوارەوە بێت:

* ئاخاوتن بەژمارەو ئامارو ڕاستیەکان.
* بەکارهێنانی ڕەوانبێژی بۆ سەرنج ڕاکێشان.



* بەکارهێنانی هاوشێوەکان لەگەڵ دامودەزگاو ئۆرگانەکان لەچالاکیدا.
* بەکارهێنانی شێوازی گاڵتەو پێکەنین.
* بەکارهێنانی ڕێزلێگرتن بۆ هەموو ئەوانەی هاوکات بوونە لەئامادەکردنی وتارەکە.

وتارەکە لەناوەڕاستدا پێویستە زانیارییە بنچینەییەکان بگرێتە خۆی کە دەتەوێت ئامادەبوان بیری لێ بکەنەوەو لەبەر ڕووناکی هەڵسوکەوت یان بڕیارێك وەربگرن دەربارەی. گرنگ ئەوەیە وتارەکەت جۆراوجۆر بێت، ئەمەش دەکرێت بە دوو شێوە بەدی بێت:

* هەڵبژاردنی خاڵە سەرەکیەکانی وتارەکەو دابەشکردنی.
* بەکارهێنانی نموونەو وێنە کردەوەییەکان دەربارەی هەر خاڵێکی بنچینەیی.
* بەکارهێنانی ئامرازە یاریدەدەرەکانی بینین. هەروەها بڵاوکراوەکان بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم خاڵانەو نموونەکان.

## لەکۆتایی وتارەکە:

هەروەك چۆن دەستپێکردنەکەی کلیلی تێکەڵ بوونی هەست‌و بیری ئامادەبوانە، بۆیە کۆتاییەکەشی ئامرازی جێ بەجێ کردنە یان ڕازی کردنی کەسانی تر بەوەی وتووتە، بۆیە:

* کۆتاییەکە کورت بکەوە.
* ووشە گونجاوە سادەکان هەڵبژێرەو کورتەی باسەکە بێت...
* بگەڕێوە سەر خاڵە سەرەکیەکانی بابەتەکە بەپەلە، واتا کورت کردنەوەی خاڵەکان.

* وتارەکە کۆتایی پێ مەهێنە بەدەستەواژەیەکی نالەبار کە بریتییە لە (ئایا هیچ پرسیارێك هەیە؟).

لەکاتی ڕێکخستنی بابەتەکەت ڕەچاوی ئەوە بکە:

* قۆناغی دەستپێکردن بۆ سەرنج ڕاکێشان پێویستی بە ١٠٪ی کاتی وتارەکە هەیە.

* قۆناغی ناوەڕاست لەبابەتەکە پێویستی بە ٨٥ ـ ٩٠٪ی کاتی وتارەکە هەیە.

* قۆناغی کۆتایی کورت پێویستی بە ٥٪ی زیاتر نییە لەکاتی گشتی وتارەکە بەر لەدەستپێکردنی وتارەکەت وا بزانە تۆ لەناو کۆبونەوەی، هەستە بەتاقیکردنەوەیەکی تەواو، بڕۆ شوێنی کۆبونەوەکە بۆ دڵنیابوون لەئامادەکردنی کەرەستەی پێویست.

## بابەتەکە دەستی پێکرد:

* بەردەوام بە لەسەر زەردەخەنەیەکی بێگەرد.

* پەیوەندیت بەئامادەبوانەوە لەڕێگای چاوەوە بێت.

* ئەگەر رووبەرێك شوێن هەبوو هەوڵدە تیایدا بجوڵێیتەوە.

* ئەندامانی جەستەت بەکاربهێنە بۆ هاوکاری کردنت لەگەیشتن بەمەبەست.

* زاڵ بە بەسەر دەنگ بەرزیت بەپێی رووبەری شوێنەکە.

* دەستەواژە بەهێزەکان بەکاربهێنە وەك: دەبێ کار بکەین، دەبێ دەست بکەین بەکارکردن، دەبێ بەسەر ئەو کۆسپە زاڵ بین...

* بەتەنگ بەشداریکردنی ئامادەبوان بە لەگفتوگۆ کردن لەگەڵتدا لەهەرکاتێکدا بێت، ئەمە بەپرسیار کردن دەبێت، ئەو پرسیارانە بەکاربهێنە کە کاردانەوەیان بزانی لەکاتی وتار خوێندنەوە.



* ئەگەر پرسیارت لێکراو وەڵامەکەت دەزانی بەپەلە وەڵامی بدەوە، بەڵام بێ ئەوەی قسە لەخاوەن پرسیار بڕێتەوە، بەڵام ئەگەر وەڵامەکەت نەزانی یان ئامادە نەبوو لەمێشکت ئەوا:

ـ پرسیارەکە دووبارە بکەوە تا ڕێگا بەمێشکت بدەیت بۆ وەڵامدانەوە.

ئەگەر وەڵامەکەت نەزانی دان بەوەدا بنێ کە نازانیو بەڵێنی پێ بدە کە لەکاتێکی تر وەڵامەکەی بۆ ئامادە دەکەیت.

ـ ئەگەر وەڵامی پرسیارەکەت دایەوە، پرسیارێك ئاراستەی خاوەن پرسیار بکە وەك:

ئایا ئەوەی دەتەوێ وەڵامم دایەوە، یان شتێکی تر هەیە؟

ئەمە بۆ ئەوەی بزانی کە وەڵامەکەت تەواوە.

* وتارەکەت کۆتایی پێ بهێنە لەکاتی دیاریکراو.

* چاوەڕێی ئەوە بکە کە پێش بینیت نەکردووە، واتە بەئومێدی باشتر چاوەڕوانی خراپتر بە.

## چەند ئامۆژگاریەکی کۆمەڵایەتی بۆ کۆبونەوەکان:

ـ پێویستە ئامانجت لەبابەتەکە ئاشکرابێتو بابەتەکە ڕێکوپێكو تێگەیشتنی ئاسان بێت.

ـ پێویستە بۆ چاو بنووسیت نەك بۆ گوێو بۆ دڵ قسە بکەیت نەك بۆ عەقڵ.

ـ پێویستە جلو بەرگت گونجاو بێت.

ـ گفتوگۆکەری لێهاتوو پێویستی بە:

* مافی قسە کردنی بەدەست هێنابێ.

* باوەڕی بەقسەکانی خۆی هەبێت بەجۆرێك پڕ تواناو بەجۆش بێت.

* نموونەو چیرۆك‌و وێنەكان پشتگیری روونكردنەوەی وتارەكەی دەكەن.

* كاتێ پرسیار بەكاردێنیت بۆ بەشداریكردنی ئامادەبوان بەكاریگەری بزانە:

أ ـ بۆ كێ قسە دەكەیت، كێن بەشداربوان؟

ب ـ دەتەوێت ئامادەبوو چی بزانێت، بیری لێ بكاتەوە پێش گوێ گرتن؟

ج ـ دەتەوێت لەپرسیارەكەت چی بەدەست بێنیت؟

ـ گاڵتەو گەپ‌و نوكتە بەكارمەهێنە تەنها لەكاتی گونجاودا، توانای مامەڵەی باشت لەگەڵیدا هەبێت، بەوریایی هەڵی بژێری، وا مەكە كە رێزت لەلایەن ئامادەبوان كەم بێتەوە.

ـ دوور بكەوە لەبەكارهێنانی زاراوەی هونەری ئەگەر بەشداربوان پسپۆڕ نەبن.

ـ دوور بكەوە لەبەكارهێنانی كورتكراوەو زاراوەی لێكدراوە تەنها ئەگەر ئامادەبوان راهاتبن لەسەری.

ـ دوور بكەوە لەبەكارهێنانی شێوازە كۆنەكان لەكاتی پێشوازی لەسەرەتاو كۆتایی كۆبونەوەكەدا.

ـ لەنوسین‌و ئاخاوتندا ،خاڵە سەرەكیەكان لەیەكتر جودا بكەوەو وتەكانت بەسەر یەكەوە درێژە پێ مەدە.

ـ زۆر ژمارە بەكارمەهێنە تا گوێگر ماندوو نەبێت.

ـ كاتی خۆت‌و ئامادەبوان بەنوسین (دەربارەی هەر شتێ) بەفیڕۆ مەدە لەكاتێكدا دەتوانی پێشتر ئامادەی بكەیت.

ـ ئەگەر تەختەی نوسینت بەكارهێنا، رەنگی وەك شین‌و رەش بەكاربهێنە، كە لەماوەیەكی دوورەوە دەبینرێ، بەڵام رەنگەكانی سوورو سەوز دیتنی لەچەند لایەكەوە ئاسان نابێت.



ـ چەندێ خۆ ئامادەكردنت زیاتر بوو دڵەڕاوكێت‌و گرژیت كەمتر دەبێت، كارتێكردنت لەدانیشتوان زیاتر دەبێت.

ـ ئەگەر رستەیەكت لەبیر چوو خۆت تێك مەدەو دەتوانیت:

* دوا رستە دووبارە بكەیتەوە لەگەڵ گۆڕینی شێوەی قسەكردنت.

* بەدوورو درێژی باسی دوو رستە بكە بەڕوونكردنەوەو هێنانەوەی نموونەیەكی كردەوەیی بۆی.

* ئەوەی پێشوتر وتوتە كورتی بكەرەوە.

* ئاگاداری ئامادەبوان بكە كە لەبیرت چووە ئەوەی نیازت بوو قسەی لەسەر بكەیت.

ئەو سێ هەنگاوەی پێشووتر پیادە بكە، بێگومان ئەوەی دەتەوێ بەبیرت دێتەوە.

ـ هەوڵبدە وتارەكەت لەبەركراو نەبێت، بەڵكو رێگا بدە قسەكانت بێتە دەرەوە تا دەركەوێت كە راستگۆیت‌و قسەت خۆشە.

ـ ئەگەر ترسایت‌و رقت لەبابەتەكە بۆوە، ئەوانەی گوێگرن لێت دەترسێن‌و ناڕازی دەبن‌و لێت هەڵدێن.

ـ چاوەڕوانی ئەو پرسیارانە بكە كە ئاڕاستەت دەكرێت، وەڵامەكەی ئامادە بكە پێش ئەوەی لەكۆبونەوە بوروژێت.

ـ ئەگەر هەواڵی ناخۆشت لابوو، بەتەمای دركاندنی بووی، بەزەردەخەنەیەكەوە دەستی پێ بكە، چونكە زەردەخەنە دەمارەكانی رووت نەمرو شل دەكاتەوە، دڵی گوێگرەكان دڵنیا دەكاتەوە.

ـ ئەگەر بەشداربوان پرسیاریان كرد ئەوە نیشانەی بایەخ پێدانە بەم پێیە رەفتاریان لەگەڵ بكەو ئەمە هەڕەشە نییە.

ـ لێرەدا بەردەوام هەڵەیەك دەبێت، بەشداربوی سەركەوتوو ئەم هەڵەیە پشت گوێ دەخاتو بەردەوام دەبێت لەسەر وتارەكەی.

.............................

# بەشی چوارەم

## پرسیارە زیرەکەکانی سەرکەوتن

# لەکۆبونەوەکاندا

لێرەدا پەندێك هەیە دەڵێت (زانینی چەند پرسیارێك چاکترە لەزانینی هەموو وەڵامەکان).

پرسیارێکی ژیرو گونجاو لەکۆبونەوەیەکدا کارێکی باشە، کارێکی بەرهەمدارو لەبارەو سوودێکی گەورەی هەیە، کاتێك دەزانی چۆن پرسیارێکی ژیرانە ئاراستە بکەیت، دەتوانی هەر شتێکی ئارەزووت لێی بێت بەدەستی بێنیتو لەهەر کۆبونەوەیەکدا. بەڵام وەك بنەمایەك پێویستە پرسیار بەکاربهێنین کاتێك دەمانەوێت:

**١. کەسانی تر رازی بکەین:**

هەرچی بێت کارەکەتو پلەی بەشداریت (سەرۆك یان ئەندام) تۆ خۆت دەبینیت لەهەڵوێستێكو دەتەوێت بزانیت چۆن بەرامبەرەکەت رازی بکەیت (رەنگە ئەو کەسە سەرۆك یان هاوڕێیەك بێت لەکۆبونەوەدا). بەیەك پرسیار دەتوانیت بزانیت کە بەرامبەرەکەت رازیە بەبیروڕات یان نا. هەروەها پرسیار کردن ئەو زانیاریانەت بۆ ئاشکرا دەکات کە دەتەوێت بەردەستت بکەون ـ بەخۆڕایی ـ و ئەو هۆکارە چییە کە بەرامبەرەکەت تووشی دڵەڕاوکێ دەکات بەرامبەر بەتۆ، یان ئاڕاستەکردنی رەخنەیەکی بێ هۆ.

**٢. دەست کەوتنی زانیارییەکان:**

لەچاکترین شێوەکانی بەکارهێنانی پرسیار کۆکردنەوەی زانیاریەکانە. زۆر پێویستە کە بزانیت چی لەدەوروپشتت هەیە لەم کۆبونەوەیە تا سەرکەوتووبیت لەکارەکەت، پرسیارکردن سەرەتای رێگای سەرکەوتنە سەرۆك یان ئەندامی سەرکەوتوو، پێویستی بەوەرگرتنی زانیارییەکانە چەندی بکرێت. زانیاری ناتەواو دەبێتە هۆی زیان پێگەیاندن.



**٣. جێگیری بیروباوەڕ:**

بەشێوەیەکی باو خەڵکی بیروباوەڕی تایبەتی خۆیان پیادە دەکەن نەك بیرەباوەڕی کەسانی تر. بەڵام باری تۆ چۆن دەبێت کاتێك دەتەوێت خەڵکانێك بیروباوەڕی تۆ پیادە بکەن. ئەمە لەڕێگای پرسیار کردنەوە دەبێت، کە بەهۆی پرسیارەوە بیروباوەڕی خۆت دەنێرێ بۆیانو رێگای پەرەپێدانیان پێ دەدەیت هەروەك بیروباوەڕی خۆیان بێت.

**٤. ساغ کردنەوەی مێشك:**

لەگرنگترین سوودەکانی بەکارهێنانی پرسیار، بریتیە لەساغ کردنەوەی مێشکی شپرزە یان ئاشکرا نەبوو، چونکە پرسیار کردن پێویستی بەبایەخدانێکی بەرز هەیە، چەندی پرسیارت کۆکردەوە، بیروبۆچوونت روونتر دەبێتو پێش دەکەویت بەهێزێکی پاڵنەری گەورەتر.بەهۆی دۆزینەوەی هەڵەو کەموکورتیە نائەقڵانیەکانو داکۆکی کردن لەسەر خاڵە بەهێزەکان.

**٥. هاندانی کەسانی تر:**

پرسیار کردن هێزێکی گەورە بەرەو هاندانی کەسانی تر بەدی دێنێ. چونکە ئەوەی پێشکەش دەکرێت لەکارو کردەوەو بیروباوەڕو پێشنیارەکان هەڵدەسەنگێنێ، هەروەها پێشکەشکردنی شارەزاییەکانت لەسەر وێنەی پرسیارکردن، بەبێ ئەوەی لەناخیاندا هیچ رقو کینەیەك بوروژێنی.

**٦. چارەسەرکردنی کێشەکان:**

بەکارهێنانی پرسیارەکان یارمەتیت دەدات (بێ گومان) بۆ گەیشتن بەچارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لەکۆبونەوە بەرەو رووماندەبێتەوە. پاش ئەمەش وەرگرتنی بڕیاری گونجاو دێت، لەماوەی پرسیارکردن خاڵە لاوازو بەهێزەکان

دەزانرێت‌و لەبنچینەدا چییە کێشەکەو چارەسەرە پێشنیارکراوەکان چییە بۆ ئەم کێشەیە.

### ٧. دەربڕینی بیروڕا بەئازادی:

ئەگەر پێویست بوو بەدەربڕینی بیروڕات دەربارەی کێشەیەك یان ڕەخنەگرتن لەیەکێك، دەبینی بێ هیچ ماندووبوونێکی تۆ پارێزگاری لەخۆی دەکات‌و ڕەنگە ناچار بێت هێرش بکاتە سەرت بەبێ هۆ. بەڵام ئەگەر پرسیارت بەکارهێنا دەیبینی کە ڕەخنە لەخۆی بگرێت‌و بیروبۆچوونی چاك بکات‌و هانی کارکردن بدات‌و بەخۆی پارێزگاریت لێ دەکات نەك هێرش بردنە سەرت.

### ٨. کەمکردنەوەی هەڵەکان:

ڕادەی تێگەیشتن بۆ کاروبارەکان سنووردار دەبێت بەڕادەی ئەو هەڵانەی تووشی دەبیت، چەند هەڵەکانت یان هەڵەی ئەوانەی کاریان لەگەڵ دەکەیت لەکۆبونەوە زۆر بێت، ئەوە ڕادەی تێگەیشتن بۆ کارەکان دەردەبڕێت‌و بەپێچەوانە، لەڕێگای پرسیارکردن دەکرێت هەنگاوە ناڕاستەکان ڕاست بکرێتەوەو هەر ڕێنمایی یان کارێکی ئاڵۆز ڕوون بکرێتەوە.

### ٩. زاڵ بوون بەسەر بەرهەڵستیەکان یان کەمکردنەوەی:

هەموومان بەردەوام بەرەو ڕووی زنجیرەیەك نارەزایی دەبینەوە لەسەر هەندێ کاروبار ڕەنگە لەلایەن سەرۆکی کۆبونەوەکە یان ئەندامانی بێت.

پرسیارەکان ئەم کۆسپ‌و نارەزاییانە کەم دەکەنەوە یان لەناوی دەبەن، ئەو کێشانە چین کە لەئەستۆی تۆدایە... وەك نووسینی ڕاپۆرتێك، یان ڕاپەڕاندنی ئەرکێك... یان هەر کارێکی تر... چی ئەوانەی وەك ئەڵتەرناتیڤێك دەبینی؟... چۆن هاوکارت دەبن؟



### ١٠. پەیوەندی بەکەسانی تر:

هەرکاتێ فێری پرسیارکردنی ڕاست بوویت، دەتوانیت لەگەڵ جۆرەها خەڵك‌و خاوەن ڕەفتاری جیاواز قسە بکەیت، مەترسیت کەمتر دەبێتەوە، پلەی کرانەوەت زیاتر دەبێت بەسەر کەسانی تر کەمتر قسە دەکەیت‌و زیاتر گوێ ڕاگر دەبیت، لەئاکامدا دەستکەوتی باشترت دەبێ.

### جۆرەکانی پرسیار وەك ئامرازێکی یاریدەدەر لەکۆبونەوە:

دەکرێت پرسیارەکان کە لەکۆبونەوە بەکاردێت بەم جۆرە پۆلێن بکرێت:

١. **پرسیارە ئاڕاستەکراوەکان:** مەبەست ئەو جۆرە پرسیارانەیە کە وەڵامدانەوە دەگرێتە خۆ.

٢. **پرسیارە ڕوونکردنەوەکان:** مەبەستی ئەو پرسیارانە دەستکەوتنی زانیاری‌و ڕاستیەکانە لەئامادەبووانی کۆبونەوە.

٣. **پرسیاری ڕاستەوخۆ/ کەسێتی:** ئاڕاستەی کەسێکی دیاریکراو دەکرێت لەنێوان ئامادەبوانی کۆبونەوە.

٤. **پرسیارە گشتیەکان/ بەکۆمەڵ:** ئاڕاستەی سەرجەم بەشداربوان دەکرێت.

٥. **پرسیارە شاراوەکان:** زیاتر لەمانایەك هەڵدەگرێت.

٦. **پرسیاری بەگفتوگۆ:** دەبێتە هۆی گفتوگۆ لەنێوان بەشداربوان.

٧. **پرسیاری گەڕاوە:** ئەو پرسیارەی دەگەڕێتەوە بۆ ئامادەبوان یان یەك لەبەشداربوان.

٨. **پرسیارە هەژاندنەکان:** بۆ وروژاندنی کەسێك.

٩. **پرسیارە داخراوەکان (بەڵێ ـ نا):** ئەو پرسیارەیە کە ڕێگەی سێیەم هەڵناگرێت.

**پرسیارە داخراوەکان:**

ئەو پرسیارانەن کە زانیارییەکمان لێ دەست دەکەوێتو ڕێگا لەبەردەم درێژەپێدانی گفتوگۆ دەگرێت، دەکرێت وەلامی بدرێتەوە بە (بەڵێ، نەخێر) یان بەزاراوەیەکی سادەو راستیەك دەگرێتە خۆیو دەبێتە پشتگیری بۆی، ئەم جۆرە پرسیارانە باشن بۆ دەستکەوتنی زانیاری بەپەلە.

**چەند نموونەیەك:**

- کەی دەست بەو ئەرکە پێ سپێردراوە دەکەیت؟
- ئایا ئەم راپۆرتە تەواوە؟
- کەی کاتی کۆبونەوەیە؟
- کەی نوسینگەکە بەجێ دێڵی؟
- ئایا ئامادەبوونت ئەمڕۆ بەئوتومبێلی دەزگا بوو؟
- چەند منداڵت هەیە؟

**ئەم پرسیارانە بەسوودن لەبارێکدا:**

* بۆ سەرنج راکێشانی کەسێك.
* کات بەفێڕۆنەدان.
* پارێزگاری کردنی ئاڕاستەی گفتوگۆکان.
* داکۆکی لەسەر رێکەوتنەکان.

بەڵام تەنها تۆ دەتوانیت جۆری پرسیارەکە دیاری بکەی بەپێی پێویستو هەڵوێستو سروشتی کارەکەت.



**١٠. پرسیاری کراوە:**

وەك: (چی، بۆ، کێ، کەی، کوێ، چۆن).

**پرسیاری کراوە:**

ئەو پرسیارانەن کە ڕێگا خۆش دەکات بۆ بیرکردنەوەو هانی بەردەوامی گفتوگۆدان. لەبەرئەوەی ڕێگا دەداتە لایەنی تر بۆ بەشداری کردن لەلایەنی گفتوگۆو دۆزینەوەی چارەسەریەکانی بەخۆی، پێویستی بەوەلامدانەوەی قوڵتر هەیە کە بە (بەڵێ، نەخێر) کۆتایی بێت.

**چەند نموونەیەك:**

- چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو ئەرکە دەکەیت کە پێت سپێردراوە؟
- چ ڕێگایەکت بەکارهێنا لەکاتی دانانی ئەم راپۆرتە؟
- ئایا دەتوانی باسی گفتوگۆی داهاتوومان بۆ بکەیت؟
- وا دیارە کارەکەت پێ خۆشە دەکرێت باسم بۆ بکەیت؟
- چۆن داوکەوتنت ئەمڕۆ کارتێکردنی بەسەر بەڕێوەبردنی کارەکەت هەبوو؟
- جێگیری ژیانی خێزانیت دەبینم بەتەواوی، دەتبینم بەژمارەیەکی گەورەی منداڵی گەمارۆدراوی؟

**ئەم پرسیارانە بەسوودن لەبەرئەوەی:**

- دۆخێك لەگفتوگۆکردن پەیدا دەکات لەنێوان ئەندامانو لەو کاتەدا دەکرێت باری گفتوگۆ کە باشتر بێتو رەفتاری تاك سنوردار بێت.
- کەمکردنەوەی هەست کردن بەو جۆرە وەلامدانەوەیەی کە بەردەوام پرسیاری داخراوی لەگەڵدایە.

رەنگە تاك هەست نەکات بەوەی کە تۆ پرسیارت لێکردووە، لایەنی تر هانی بیرکردنەوە لەوەلامەکەی دەدات.

لایەنی تر هانی دەربڕین لەخودی دەکات.

دەکرێت هەر پرسیارێکی داخراوە وەرگێڕیتە سەر پرسیارێکی کراوە بەپەلەو ئاسان ئەگەر ئەوە لەبەرژەوەندی هەڵوێستەکەدا بوو، لەڕێگای چەند وشەیەکی کەم وەك: (بۆ، چۆن، ئایا) کە دەکرێت روونی بکەیتەوە.

**نموونە:**

داخراوە: ئایا کۆمپیوتەر بەکاردێنیت؟

کراوە: چۆن تەکنۆلۆژیای نوێ بەکاردێنی لەکارەکەتدا بەتایبەتی کۆمپیوتەر؟

داخراو: ئایا تووشی هیچ کێشەیەك دەبیت لەئەرکەکانتدا؟

کراوە: ئەزمونەکەت چۆن بوو لەئەرکی ئێستادا؟

داخراو: بۆ ئەم کارەت کرد؟

کراوە: ئایا دەتوانی ئەم رەفتارەم بۆ روون بکەیتەوە؟

داخراو: ئایا ئەم بیرۆکەیە باشە؟

کراوە: ئەم بیرۆکەیەم بۆ باس بکەو سوودی چییە؟

داخراو: ئایا ئەوە بەکاردێنیت؟

کراوە: ئایا لێرەدا شێوازی بەکارهێنانی تر هەیە؟

زۆر ئاگاداربە لەکاتی بەکارهێنانی وشەی (بۆ) لەپرسیارەکەت، رەنگە هەموو پرسیارەکەتو تۆ ئەوەی دەستت دەکەوێت تووشی مەترسی بێتو وەرگەڕێتە دژت.

**ئاگاداربە لە:**

بەکارهێنانی پرسیار بۆ سەرنج راکێشانی بەلای خۆتدا.

بەکارهێنانی پرسیارە خۆ تێ هەڵقورتێنو سنوور بەدەر.

پرسیارکردن لەکاتی نەگونجاو.



وروژاندنو تورەکردنی ئەوانی ترو سوکایەتی پێکردن بەزۆر رەویو یان پرسیاری گەوجانە.

......................

**پرسیارکردن لەوانی تر**

کاتێ پرسیار لەکەسێك دەکەیت، ئەمە بە (٦) هەنگاو تێپەڕ دەبێت:

**هەنگاوی یەکەم:**

جیاکردنەوەی کەسایەتی تاكو دۆزینەوەی جۆرەکەی: ئەمە لەڕێگای زانینی رەفتاری ئەو کەسەوە دەبێت. رەفتار بارێکە دەکرێت چاودێریو پێوانە بکرێت، مامەڵەکردن لەگەڵیدا بەشێوەیەکی بابەتیانە بەڵکو تا گۆڕینی. بەشێوەیەکی دیاریکراو کەسایەتی وریات دەکاتەوە بەشێوازو جۆری پرسیارەکان کە ئامادەیی بۆی هەیە بەشێوەیەکی سوودبەخشو گەورەتر.

**هەنگاوی دووەم:**

مەبەست چییە لەم پرسیارە؟

پێش پرسیارکردن پێویستیت بەوە هەیە کە ئامانجت بزانی لەماوەی:

ـ بۆ پرسیار دەکەیت؟ یان بەدیاریکراوی چیت دەوێت؟

ـ ئایا هاوکاری زیاتر، پێشکەشکردنی هاوکاری، رێنماییەکان؟

ـ پێویستە ئەو کەسە بناسیت کە وتوێژی لەگەڵ دەکەیت.

ـ ئەگەر تۆ لەجێگای لایەنی تر بیت، چیت دەوێت؟

ـ پرسیارەکەت چۆن دادەڕێژیت بۆ ئەوەی کاریگەری هەبێ لای گوێگر؟

**هەنگاوی سێیەم:**

شێوەی پرسیارکردن.

پێشتر ئامانجت دیاری کردو شێوازی پرسیارەکەت دارِشت، ماوە پرسیار ئاراستەکردنەکە، کە پێویستە بەشێوەیەکی ئاشکراو لەسەرخۆو بەرێگایەکی راستەوخۆ قسە بکەیت، پەلە مەکە لەوەرگرتنی بیروڕای لایەنەکانی تر، وای لێ مەکە هەست بەناڕەزایی یان رەخنەی شاراوەی لادروست بکەیت... تەماشای چاوەکانی بکە، پەلە مەکە لەپرسیارەکەت یان بەلێشاو قسەکانت دەربڕی... چونکە ئەمە دەبێتە هۆی لەناوبردنی پرسیارەکەت.

**هەنگاوی چوارەم:**

بەدەنگەوە هاتنی لایەنی تر بۆ پرسیارەکەو گوێ راگرتنی:

پرسیارەکەت بێ سوود دەبێت ئەگەر گوێ لەبەرامبەرەکەت نەگریت کاتی وەڵامدانەوە، گوێ راگرتنی باش کارامەییە کە پێویستی بەبایەخ پێدانو رەنجدان هەیە، لەبەرئەوەی بیرکردنەوەمان پەلەترە لەقسەکردن، بۆیە لەسەرتە خۆت ئامادە بکەیت بۆ گوێگرتن لەبەرامبەرەکەتو خۆت راهێنی لەسەری ئەوەی مەبەستە لەم گوێڕاگرتنە دیاری بکەی.

**هەنگاوی پێنجەم:**

هەڵسەنگاندنی پرسیار.

کاتێ گوێ رادەگریت پێویستیت بەهەڵسەنگاندنی وەڵامەکە دەبێ، لەدواییدا رەنگە پێویستیت بەپرسیارکردنی تر هەبێ، پێش ئەوەی بگەیتە مەبەست.

**هەنگاوی شەشەم:**

سوودوەرگرتن لەپرسیار.



لەبەرئەوەی پرسیارت کرد دەبێ سوودی لێ وەربگریت، ئەگەر سوودت لێ وەرنەگرت، یان وەڵامەکەت پشت گوێ خست، بەوە رێزلێگرتنی لایەنی تر لەدەست دەدەیو رەنگە وەڵامی پرسیاری تر نەداتەوە جارێکی تر.

**لەبیر مەکە:**

١. پێویستە وەڵامدانەوەی پرسیارەکان لەسەر (بەڵێ)و (نەخێر) کورت نەبێتەوە، تا بەشدارییەکی کاریگەری گوێگر مسۆگەر بکەیت، پێویستە هانی بدەیت بەدۆزینەوەی بیروبۆچوونەکانی بەدەستپێکردنی پرسیارەکان بەئامرازی پرسیارکردن وەك: کێ، لەکوێ، کەی، چۆن.

٢. پێویستە پرسیارەکان هێمای وەڵامدانەوە هەڵنەگرێت، تاکو زانیارییە بابەتیەکانت بەدەست بکەوێتو نەك جیاواز، چاکتروایە پرسیارەکان کراوە بێ بەپێی توانا.

٣. پێویستە پرسیارەکان ئامانجەکەت ئاشکرا نەکات، ئەگەر پێویستیت بەزانیارییە راستەکان بوو، پرسیارەکانت راستەوخۆ ئاراستە مەکە لەوەی لێی دەگەڕێیت.

٤. پێویستە پرسیارەکان کورت بن بەجۆرێك تێگەیشتنی ئاسان بێت.

**(مێزی کۆبونەوەکانو کارکردن)**

روونکردنەوەی هەڵوێست، پاشان پرسیارێکی ژێر دەربارەی:

ـ دوو یان سێ کەس درەنگ گەیشتنە شوێنی کۆبونەوە بەنیوکاتژمێر، ئەوانی زووتر ئامادەبوان ئەوانیش دواکەوتووبوون بەماوەی (٥ ـ ١٠) خولەك، تا ئێستا (٣٥) خولەك تێپەڕ بووە بەسەر کاتی کۆبونەوەکەو چەند ئەندامێك ئامادە نەبوونە.

پێشتر جەخت لەسەر پێویستی ئامادەبوان کراوە لەکاتی دیاریکراو، پابەندبوون بەو بڕیارە.

ئەگەر یەکسەر پرسیارێکت ئاڕاستەی دواکەوتوان کرد پاش ئامادەبونیان، ئەوا بەرەو رووی هەڵوێستێکی نالەبارو تەنگاو دەبن، رەنگە هەر یەکە پارێزگاری لەخۆی بکات بەوەی سەرقاڵی ئیشو کاری جۆراوجۆرەو یان چەندەها بیانوت بۆ دەهێننەوە.

بەڵام پێشەکی بیر بکەرەوە لەپرسیارێك، پاشان کاتی گونجاو دیاری بکە بۆ ئاڕاستەکردنی. چەند ساتێك چاوەڕوان بە، بەمەرجێك زۆرترینی نەهاتووەکان ئامادەبن. بەهەمووان بڵێ: ئایا دەتوانین بۆ بەستنی کۆبونەوەکە کاتێك دیاری بکەن، کە بۆ هەمووان بگونجێ؟ ئەگەر هەموو لەسەر ئەوە کۆك بوون کە دەکرێت کاتێکی تر هەڵبژێردرێت بابکرێت... تەماشای هەمووان بکە بەتایبەتی ئەوانەی دواکەوتونو پێیان بڵێ:

راتان چییە لەم کاتە نوێیە لەڕووی گونجاندنی بۆ ئێوە؟ ئەگەر هەموو رازی بوون بەبێ تەنگاوبوون بەهۆی دواکەوتنیان، پێیان بڵێ: چۆن دەتوانین کۆبونەوەکانمان زیاتر کاریگەر بکەین؟ ئەگەر رازی نەبوون لەسەر کاتی نوێ، پرسیاریان لێ بکە: بۆ ئەم کاتە گونجاو نییە؟ ئایا ئەم رازی نەبوونە هۆی تایبەتی هەیە کە پەیوەندی بەکارەوە نەبێ؟ ئەگەر وەڵامیان بەبەڵێ بوو، لێیان مەپرسە چییە؟ بەڵکو پرسیارێکی تریان ئاڕاستە بکە: باشترین کات بۆ کۆبونەوە چ کاتێکە؟ نێوان هەمووان رێك بخەو بیانگونجێنە بۆئەوەی کاتێك دیاری بکەن گونجاو بێت بۆ هەمووان. ئەگەر رازی نەبوونیان بەهۆی پەیوەندیان بەکاری دامەزراوەوە بێت. ئەوا دوو رێگات لەبەردەمە، یان دەسەڵاتەکانت بەکاربهێنە بۆ ئاسان کردنی ئامادەبوونیان لەکاتی کۆبونەوەکە، بەڵام خۆیان بەشدار مەکە لەم کارە واتا



رێگایان پێ بدەیت کۆتایی بەکارەکانیان بێنن تا ئامادەی کۆبونەوەبن لەکاتی دیاریکراو. یان تۆ ئەم کارەت پێ ئەنجام نادرێ، بگەڕێوە بۆ پرسیارێکی کۆتایی کە بریتیە لە: کەی چاکترین کاتی کۆبونەوەیە بۆ ئێوە؟

ـ دەبینیت لەکۆبونەوەدا هەر بەشداربویەك کێشەکانی لای خۆی بەدوورودرێژی باس دەکات، لەهەمان کۆبونەوەدا داوای چارەسەر دەکات بۆئەوەی کە گەڕایەوە شوێنی کاری خۆی چارەسەری کێشەکانی بەدەستەوە بێت. کارەکە زۆر ترسناکە کاتێکی زۆر بەفیڕۆ دەڕوات لەم بوارەدا.

بەشداربوانی کۆبونەوە متمانە دەکەنە سەر تۆو ئەوانی تر بۆ دۆزینەوەی چارە بۆ کێشەکانیان. لەگەڵیان لەکۆبونەوە دابنیشەو دەست بکە بەدیاریکردنی چۆنێتی زانینی ئەو کێشانەو دیاردەو هەنگاوەکانی دیاریکردنیو چۆنێتی گەیشتن بەچارەسەرو پێشنیاری چارەسەرەکان بەشێوەیەکی گشتی.

واتا فێریان بکە بەچۆنێتی بیرکردنەوە بۆ بەرەو رووبونەوەی کێشەکان. ئەم شێوازە بەکردار پیادە بکە لەسەر یەك لەکێشەکانو پاشان پرسیاریان لێ بکە: چیمان پێویست دەبێت کاتێ کێشەکان لەکۆبونەوە باس دەکەین؟

پێویستمان بەدیاریکردنی کێشەکە هەیە بەوردیو چارەسەرەکانی بۆ ئامادە بکەین پێش ئەوەی لەکۆبونەوە بەیەکەوە دابنیشین. ئەوەی کێشەکەی بەرچاو دەخات لەگەڵیدا چارەسەری بۆئامادە بکات، لەکۆبونەوەدا هەموو ئەمانە بەکورتی بەرچاو دەخرێن، رۆڵی تۆو بەشداربوانی کۆبونەوە هاوکاری کردنە بۆ هەڵبژاردنی چارەسەرێك لەنێوان چارەسەرەکان.

رۆڵی ئەو ئەندامەی کێشەی هەیە، چارەسەریشی بۆ پێشنیار بکات، نەك کێشەکە بخاتە ئەستۆی تۆو بۆ خۆی تەماشاکەر بێت، تۆش ئەرکەکە هەڵگریت.

ـ فێری بکە چۆن راو دەکاتو ئامرازەکانی راویشی بدەرێ، بەڵام نێچیری مەدە دەست بیخوات، تا ئەگەر برسی بوو نەگەڕێتەوە لای تۆ.

ـ گفتوگۆکانی ناو کۆبونەوە بابەتی جۆراوجۆری زۆری لێ بۆوەو تا رادەیەك کەس نەزانێ کێشە سەرەکیەکە چییەو چۆن بگەڕێنەوە سەری. هەموو وا دەزانن کارەکە هێشتا لەژێر سێبەری بابەتە دیاریکراوە بنچینەیەکەدایە لەبەرنامەی کاری کۆبونەوە.

بەئاسانی دەتوانی گفتوگۆ لابەلاکان کۆتایی پێ بێنیتو بگەڕێیتەوە سەر بابەتە بنچینەییەکە. ئەم ئاسانیە بێ سوود دەبێتو دەبینی بەخێرایی گفتوگۆکان دەگەڕێتەوە سەر بابەتی لابەلا، بەڵام لێرەدا دەکرێت پرسیار بکەیت: ئایا کەس لەئێوە دەتوانێ لەهۆیەکانی دەرچوون لەبەرنامەی کاری کۆبونەوە ئاگادارمان بکاتەوە؟

دەبینین هەندێك هۆکاری زۆری ئەم دەرچوونە لەبەرنامەی کۆبونەوە دەژمێرن، هەروەها دەبینی هەندێکی تر لەوانە هۆکاری سەلمێنراوت دەدەنێ لەبارەی ئەم دەرچوونە، بۆیە لەم بارەدا بگەڕێوەو جارێکی تر پرسیار بکە: بۆ ئەم لادانە؟ هۆیەکانی خۆت دەربارەی دەرچوون لەبەرنامەی دیاریکراو باس بکە. ئەگەر هەموو رازی بوون، کارەکە بەو جۆرە بەجێ مەهێڵە بەڵکو پێویستە زاڵ بوونی تەواوت بەسەر ئەم لادانە هەبێت.

بگەڕێوەو پرسیار بکە: چۆن دتوانین تووشی دەرچوون بین لەبەرنامەی کۆبونەوەکەماندا؟ گوێ بۆ پێشنیارەکانیان بگرە ئەوانەی لەبەرنامەی کۆبونەوەکە لایان داوەئەرکی زیاتریان بخە سەر، لەم بڕیارەت شێوەی گاڵتەوگەپ بەکاربهێنە، یان هەندێکیان ئەرکی میوانداریو نان خواردنی بەشداربوان هەڵگرن (بۆ بەهێزکردنی پەیوەندیەکان).



ـ یەك لەئەندامان دەربارەی کێشەیەك بیروڕای خۆی خستە بەرچاو، ئەوەی سەرنجتی راکێشا هەندێ لەئەندامانی کۆبونەوە ئەو بیروڕایانەیان لاپەسەند نەبوو، بەڵکو هەندێ بیروڕای جیاوازیان هەبوو، لێرەدا پێویست ناکات ئەوانەی لەبیروڕای ئەو ئەندامە تێنەگەیشتوون تەنگاویان بکەیت، بەڵام پرسیار بکە: ئایا دەکرێت ئەو بەڕێزە............ بفەرموێت بەدووبارەکردنەوەی بیروڕاکانی خۆی جارێکی تر، بەشێوەیەكو شێوازێکی جیاواز، بۆئەوەی هەموو دڵنیابین لەتێگەیشتنی، من بیروڕاکانی ئاسان نابینم، لەگەڵ رێزم بۆی؟ لەماوەی روونکردنەوەی ئەو بەڕێزە بۆ بیروڕاکانی خۆی هەندێ پرسیاری ئاراستە بکە ئەگەر سادەو یان بێ بایەخیش بوو بەلای تۆوە، گرنگ ئەوەیە کە دڵنیابین هەموو تێی گەیشتوون. لەکۆتاییدا ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ئەوانەی تر بکە: مامەڵەمان چۆن دەبێت لەگەڵ ئەو بیروڕایانە بۆ چارەسەرکردنی کێشە یان ئەرکەکانمان؟

لەوەڵامدانەوەی ئامادەبوان تێدەگەیت کە هەموو تێگەیشتوون لەوەی باس کراوە، ئەگەر بینیت هەندێك هێشتا رازی نین، ئەو ئەندامە بەڕێزە تەنگاو مەکە، داوای لێ بکە با جارێکی تر بەشێوازێکی تر باسەکەی بەرچاو بخاتەوە، گرنگ ئەوەیە هەموو ئەو بیروڕایانە تێ بگەن، دەکرێت ئەمەش لەڕێگای پرسیارێکەوە بێت وەك: من وا دەبینم کە بیروڕاکانی تۆ بواری نوێی هەیە، لەمێشکی ئێمە رانەهاتووین لەسەری، ئایا دەکرێت هەوڵێکی تر بدەیت بۆئەوەی هەرچی دەیڵێیت تێی بگەم، من ئەزانم کێشەکە لەبیرکردنەوەو تێگەیشتنم دایە... وانیە..... (لەگەڵ هەندێ پێکەنین).

ـ دوو کەس جیاوازیان هەبوو لەسەر بابەتێك یان ئەرکێك یان رێكوپێك کردنی بابەتەکانی بەپێی گرنگی، یان پێویستی لایەنێك لەلایەنەکان. گرنگ ئەوەیە کە جیاوازیەکە لەخۆیدا کێشە نییە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە هیچ لایەنێك ئامادە نییە

**گوێ لەلایەنی تر بگرێت دەنگو توڕەیی هەر لایەك بەرز بۆوە، هەر لایەك لایەنەکەی تاوانبار دەکات بەوەی چەندی ئاسان کاری دەوێت، یان رادەی ماندووبوونی لایەنەکەی تر هەڵیدەگرێت.**

**سەرەتا بەدەنگێکی بەرزتر لەدەنگی هەردوولا داوا بکە کە هەردوولایان هێمن بن، پاشان بەزەردەخەنەوە پرسیار لەهەردوولا بەیەکەوە بکە: چیت گوێ لێ بوو لەوی تر؟**

**ئەم پرسیارە تەنها رێگا خۆشکەرە بۆ پرسیارێکی تر، لێرەدا چاوەڕوانی وەڵامی پرسیارەکەت مەکەو ئەگەر لایەکیان دەستی بەقسەکردن کرد داوای لێ بکە چاوەڕوانی بکات تا وتەکانت تەواو دەکەیت. پاشان پرسیارێکی دیاریکراو ئاڕاستەی هەردوولایان بکە: لایەنی تر چی لەتۆ دەوێ؟**

**رێگا مەدە هەردوولا بەیەکەوە قسە بکەن، با لایەنێك قسەی خۆی تەواو بکات، پاشان لایەنەکەی تر وەڵامی بداتەوە. داوایان لێ بکە باسی کۆسپو کێشەکان نەکات، بەڵکو باسی چارەسەرو پێشنیارەکان بکەن بۆ زاڵ بوون بەسەر کۆسپەکان.**

## <u>پرسیار بکە :</u>

**- چییە پێشنیارەکەت وەك چارەسەرێك تا ئەم کێشەیە یەکلابێتەوە؟ هەمان شت لەگەڵ لایەنی تر پرسیار بکە. بەدڵنیاییەوە رێك ناکەون... لێرەدا رۆڵی تۆ دێت کە نێوان هەردوولایان رێك بخەیت تا کێشەکە یەکلادەبێتەوە.**

**- پاشان کێشەکان باس بکە لەزۆربەی بوارەکانەوە، بۆئەوەی لەگەڵ ئەندامانی تر بتوانن لەجێ بەجێ کردنی بەشداریەکی دەروونیو گیانیتان هەبێ، وەك ئەگەرێك لەکارێکداو لەکاتی جێبەجێ کردنی رووبەڕووی کۆسپو ململانێ هاتن لەگەڵ کەسانی تر، پێویستە لێرەدا بچینە کەسایەتی ئەوانەوەو لەگەڵیدا بژین، لێرەدا پێویست بەیەك لەئامادەبوان دەکات رۆڵی ئەو کەسێتیە وەربگرێت، ئەمە لەجیاتی**



**گفتوگۆکردن کەچی دەکرێت یان ئەوەی لەتوانادا دەبێت. وەرگرتنی رۆڵی کەسێتی (تقمص الشخصية) دەبێتە هۆی پەیدابوونی داهێنان لەئاستێکی بەرز چۆنێتی پێشبینی کردن بەکاردانەوەی کردەوەکان، لێرەدا پێویست بەپرسیارێکی گونجاو دەکات تا کەسێکی گونجاو بۆ ئەم ئەرکە دیاری بکرێت، پرسیارەکەش بریتیە لە: کێ دەیەوێت رۆڵی بەڕێز........... وەربگرێت بۆ رووبەڕووبونەوەی ئەرکی ................؟ یان: کێ رۆڵی کەسێتی پارێزەری شەیتان وەردەگرێت؟**

**ــ لەکاتێکدا نەخشەی کارێکی نوێ بەرچاو دەخەیتو دەتەوێت بیروڕای بەشداربوان لەکۆبونەوەکەدا بزانیت بەجۆرێکی کردەوەیی، دەکرێت بپرسین: ئەگەر تۆ یەك لەجێبەجێکەرانی ئەم نەخشەیە بیت، چۆن بەگونجاوی دەبینیو چ گۆڕانکارییەکت پێ باشە لەسەری بکرێت؟ لەبارێکدا بیروڕای زیاتری بەشداربوانی ویست دەکرێت بپرسیت: لەتێڕوانینی خۆتو لیژنە تایبەتیەکە بەخۆتو کارگێڕییەکەت، چی دەکرێت بخرێتە سەر ئەم پلانە؟**

**- گروپێکی بەشداربوو لەکۆبونەوە لەگەڵتدا، تووشی زنجیرەیەك شکست یان کۆسپ هاتن لەو ئەرکانەی لەئەستۆیاندا بووە، تووشی بارێکی گەورەی بێ ئومێدی بوون، ئەم بارە لەقوڵایی دەرونیاندا رەنگی دایەوەو لەرەفتاریان بەدەرکەوت تا گەیشتە رادەی دڵ تەنگیت، بێ سوودە لێرەدا کە داوایان لێ بکەیت، هانیان بدەیت، پێیان بڵێیت بێ ئومێد مەبن، ورەتان بەرزبێت، فرمێسك مەرێژن..... چەندین جۆری تری لەم جۆرە قسانە، بەڵام بێ کردار، دەکرێت پرسیارێکی بەدوایەکدایان ئاڕاستە بکەیت لەگەڵ وەڵامەکانیان:**

**لەبەرچاوترین ئەم پرسیارانە:**

**١. چین ئەو کۆسپانەی لەڕێگای سەرکەوتنی ئەرکەکانمانن؟**

**٢. گرنگترین ئەو کۆسپانە چین؟**

٣. چۆن دەتوانین زاڵبین بەسەر ئەو کۆسپە زەقانە؟

٤. چۆن دەتوانین سەرکەوین بەسەر هەموو کۆسپەکانی کارکردنمان لەسەر خۆو بەپێی پلانێکی کارێکی دیاریکراودا؟

٥. چییە سەرچاوەی هێزمان بۆئەوەی زیاتری بکەینو خۆمانی پێ بپارێزین؟

٦. چییە خاڵە لاوازە زەقەکانمان، چۆنێتی دوورخستنەوەیان، یان وەرگێڕانیان بۆ سەرچاوەی هێز؟

لەکۆتایی کۆبونەوەکە کارەکان دەبینی جێگیرنین، کۆمەڵێك بڕیار وەرگیراو داوای جێبەجێکردنی ژمارەیەك لەو ئەرکە راسپێراوانە کرا، لەبەردەمت بەرنامەی کار ماوەتەوە، لەبیرت نەماوە کە بەکێ راسپێراوەو بۆچی.....

لەکۆتایی کۆبونەوە داوای بێ دەنگی بکە بۆ چەند ساتێكو لەهەوڵی کۆکردنەوەی هەموو ئەركو پێ سپاردەکان بە ئەگەر ئەمەت لا زەحمەت بوو، لەسەرتە بپرسیت:

کێن ئەو کەسانەی بەرپرسن لەبەدواداچوونی ئەرکەکان؟

کێن ئەو کەسانەی داوای پلانی بەرنامەی کاریان لێکراوە؟

کێن ئەو کەسانەی بەرپرسن لەکۆکردنەوەی...؟

ـ یەك لەبەشداربوانی کۆبونەوەت سەرنجی راکێشای (یان سەرۆکی کۆبونەوەکە) ئەگەر تۆ ئەندام بوویت، کۆبونەوەکە بەرەو وەرگرتنی بڕیارێك دەبات کە پەیوەندی لەگەڵدا نییە، بەڵکو ئەرکی خۆیەتیو پێویستە خۆی بەتەنها ئەو بڕیارە وەربگرێت، پێویستە یەکەم جار تۆ سوپاسی ئەو کەسە بکەیت ـ ئەندام بوو یان سەرۆك ـ لەسەر متمانەی بەتۆو رێز لەکارەکەی دەگرێت بەتەواوی، بەڵام پرسیاری لێ بکە:

ئایا باشترو سوودبەخش تر نییە بۆ هەمووان کە ئەو بڕیارە بەتەنها خۆت وەری بگریت؟ ئەگەر وەڵامەکەی بەبەڵێ بوو ئەوا هاتەوە سەر رێگای راست، ئەگەر



وەڵامەکەی بە (نەخێر) بوو، بەپێویستی زانی ئێوە بەشداری لەوەرگرتنی ئەو بڕیارە بکەن، بۆی شیکەرەوە کە ئەم کارە دەکەوێتە سنووری دەسەڵاتو بەرپرسیارێتی تەنها خۆی، ئەگەر بەباشی دەزانێ بەشداری بکرێت لەلایەن کەسانی ترەوە با لەم کۆبونەوەیەدا نەبێت بەڵکو کێ لەئامادەبوان بەباش دەزانێ دیاری بکات بۆ وەرگرتنی ئەو بڕیارە.

ــ داوات لێکرا لەلایەن سەرۆکەوە کە ئامادەی کۆبونەوەیەك بیت، بەڵام بەبۆچوونی خۆت وا دەبینی کە ئامادەی ئەم کۆبونەوەیە نەبیت. ئەگەر سەرۆك بەم بۆچوونەی زانی ئەوا هەموو شتێکت بەسەردا وەردەگێرێتو تاوانبارت دەکات بەسەرنەکەوتوو هەڵهاتوو لەئەرکی بەرپرسیارێتی... تا چەندین جۆرە تاوانی تر، بەڵام ئەگەر بەڕاستی پرسیارت لێی کرد (نەك بەگاڵتە):

بەڕێز بیروڕات چییە لەبەشداریکردنم لەم کۆبونەوەیەدا؟

ئەگەر وەڵامی دایەوە کە ئامادەبوونتو بەشداریت پێویستن لەبەر ئەم هۆیانە (هۆیەکانی باس کردو بینیت بەڕاستی هۆی دروستنو تۆ بەخۆت هیچ ئەم هۆیانەت لەیاد نەبووە بەڵکو تازە فێری بوویت).

ـ ئەگەر وەڵامی دایتەوە کە بەشداریەکەت تەنها کارێکی هێماییە یان گومانی کرد لەگرنگیو دروستی بەشداربوونت، بیروڕای خۆت بۆ باس بکەو بەبەڵگە بیسەلمێنە لەڕاستی ئامادەنەبوونت لەو بەشداریکردنە بەڵکو باشترە کە سوود لەکاتەکەت وەربگریت بۆ کارێکی تر.

هەندێ جار رەنگە (سەرۆکی کۆبونەوە) ئەوەت بەیاددا بێنێتەوە کە ئەم جارە ئامادەبەو بۆ جارەکانی تر بەخۆت بڕیاری یەکلایی بدە بەپێی ئیشوکارەکانت، لەم بارەدا پێویست بەپرسیارێکی ئاشکرا دەکات: ئەگەر دەرکەوت کە توانای

ئامادەبوونم نییە، ئەو بنچینانە چین کە پێویستە ڕەچاو بکرێت بۆ دۆزینەوەی جێگرێك بۆ من؟

لەو کاتەدا دەکرێت لەنێوان چەند پاڵێوراوێك بۆ بەشداربووان یەکێکیان دیاری بکات، ئەگەر ئەو تۆی ڕانەسپارد بەهەڵبژاردن (تۆ کەس دەست نیشان مەکە پێش ئەوەی خۆی کەسێك دیاری دەکات، ئەگەر کەسێکی ترت هەڵبژارد بۆی باس بکە بۆ ئەو کەسەت هەڵبژاردووە).

ـ سەرۆکت لەکۆبونەوە داوای ئەرکێکی لێکردی ئەویش ئامادەکردنی پڕۆژەیەکی نوێیە بۆ دامەزراوەکە، کە لەلایەن بەرپرسەکانی سەرۆکەوە ڕێکەوتنی لەسەرکراوەو ڕۆڵی تۆ لێرەدا تەنها جێ بەجێ کردنە، لەبەرئەوەی جۆری ئەم پڕۆژەیەت دەزانی وەك ئەوەی پێشووتر سەرکەوتوو نابێت، وە هەوڵتدا سەرۆك ڕازی بکەیت بەجێبەجێنەکردنی، بەڵام هەموو هەوڵەکانت بێ سوود بوو، لێرەدا پێویستە پێی بڵێیت، بەڵێ بڕیاری بەڕێزتانە من ئەو پڕۆژەیە جێبەجێ دەکەم، دەست دەکەیت بەئامادەکردنی هەنگاوەکانی جێبەجێ کردن، بەڵام پرسیارێکی لێ بکە: چی دەبێ ئەگەر ئەم پڕۆژەیەش وەك ئەوانەی پێشتر بێت؟ ئەگەر وەڵامی دایەوە کە هەوڵی سەرکەوتنی دەدات، لێرەدا تێڕوانینی خۆی ڕوون بکاتەوە کە پێشتر چەند جارێك باسی کردوەو ڕەنگە ئەم جارە شتێکی نوێی لێ پەیدابێت، پاشان بگەڕێوەو پرسیار بکە:

ئایا دەکرێت کۆبونەوەیەکی سەربەخۆ ببەستین بۆ گفتوگۆکردنی چۆنێتی ڕووبەڕووبونەوەی کۆسپە چاوەڕوانکراوەکانی جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیە؟

ئەگەر تێڕوانینی تۆ هاتەدیو پڕۆژەکە تێکشکا وەك پێش بینیت دەکرد، ئەوا لەسەر ئەم بابەتە دڵی مەڕەنجێنە، بەڵام داوای بەستنی کۆبونەوەیەکی فراوانی لێ بکە، کە خۆتو سەرۆکیشو بەرپرسەکانی تری تیادا ئامادەبن بۆ گفتوگۆکردنی



ئەم کاروبارانە. لێرەدا پرسیاری لێ بکە: ڕادەی بەستنی کۆبونەوەیەکی فراوان بۆ هەمووان بۆ گفتوگۆکردنی ئەم کارە چەندە؟ ئەگەر ڕازی بوو بیروبۆچوونی خۆتی بۆ باس بکەو ئەگەر ڕازی نەبوو پەلە مەکە لەسکاڵاکردن لێی بەڵکو جارێکی تر هەوڵبدە هەموو وریا بکەیتەوە لەو بارەی تیایدان.

ـ لەکۆبونەوەیەك داوای بیروبۆچوونت کرا دەربارەی کێشەیەکت بەرچاوخست، بەڵام لەلایەن کەسیان پشتگیری نەکرای وە بیروبۆچوونی تر خرایە بەرچاو لەلایەن یەك لەبەشداربوان ئەو بیروبۆچوونەش هەمان بیروبۆچوونەکەی تۆ بوو، بەڵام بەدەستکارییەکی کەمەوەو بەپێش چاوخستنێکی باشەوە کە لەلایەن بەشداربوان پشتگیری باشی لێکرا. لێرەدا تۆ ناتوانی تاوانباری ئەو ئەندامە بکەیت کە ئەم بیروبۆچوونە هی تۆ بووەو ئەو دزیویەتیو شتێکی کەمی خستۆتە سەر، بەڵام دەکرێت بپرسیت: ئایا دەکرێت ئەو جیاوازیە دیاری بکەن لەنێوان بیروبۆچوونی منو ئەوەی هاوڕێکەم بەرچاوی خست؟

ئەگەر جیاوازییەکی گەورەیان بەرچاوخست لەنێوان هەردوو بیروبۆچوونەکە، تۆ ناتوانی هاوڕێکەت بەدوو ڕوو تاوانبار بکەیت کە زاڵ بوو بەسەر دڵو دەروونی بەشداربوان بەڵکو بپرسیت: هاوڕێی من چی کرد... تا ڕادەی بەدەنگەوە هاتنتان بۆی زیاتر لەبارتربوو وەك بۆ من؟ (پێویستە دەربڕینی ئەم پرسیارە بەنەرمیو لەسەرخۆ بێت، پێشتر ڕێزو خۆشەویستی خۆت بۆی دەربڕی لەگەڵ توانای بیرکردنەوەی).

ـ یەك لەبەشداربوانی کۆبونەوە بیروڕای خۆی دەربارەی یەك لەکێشەکان دەربڕی، بەڵام لەبەر چەند هۆیەك (ڕەنگە لەلای خۆتەوە بێت یان لەلای ئەو بەشداربووەی بیروڕای خۆی دەربڕی) باش تێنەگەیشتی، ئەگەر لەبەردەم هەمووان وا باس بکەیت کە تێنەگەیشتوی ئەوا ڕەنگە وا لێك بدەنەوە کە تۆ درەنگ تێ دەگەیت یان بیرت

بۆ لایەکی تر ڕۆیشتبوو. هەموو ئەمانە ڕەنگە ئازارت پێ بگەیەنن بۆیە وا چاکە بپرسیت:

ئایا مەبەستی تۆ ئەوەیە کە بڵێیت...؟

بەشێکی بچووك لەو قسانەی کردی دووبارەی بکەوە بەشێوەیەکی تر، ئەگەر ئەو جەختی لەسەر کرد، ئەوە تێگەیشتی کەچی وتوە، ئەگەر وەڵامەکەی بە (نەخێر) بوو ئەوا پرسیاری لێ بکە: ئایا دەکرێت بیروڕای خۆت باشتر ڕوون بکەیتەوە؟ ئەگەر جارێکی تر تێنەگەیشتی، پرسیار لەهەمووان بکە: ئایا دەکرێت یەکێکیان بفەرموێت بەهاوکاری کردنم لەتێگەیشتنی ئەم بیروڕایەی بەرچاو خراوە؟ ئەگەر دیسان تێنەگەیشتی بگەڕێوەو جارێکی تر پرسیار لەهەمووان بکە: چۆن ئەو بیروڕایە یارمەتیمان دەدات لەجێبەجێکردنی ئامانجەکانمان؟ ئەگەر تێگەیشتی ئەوا زۆر باشەو ئەگەر تێنەگەیشتی، پرسیار بکە، ئایا دەتوانم کۆبونەوەکە بەجێ بهێڵم، من ئەمڕۆ زۆر ناتەواوم لەبیرکردنەوە، هەست بەنەزانینێکی گەورە دەکەم زاڵە بەسەر هەموو هەوڵەکانم بۆ تێگەیشتن؟ ئەگەر ڕازی بوون ئەوا زۆر باشە، ئەگەر ڕازی نەبوون‌و سووربوون لەسەر ئەوەی تێڕوانینی خۆت ڕوون بکەیتەوە بەچەند ڕێگایەك، ئارام بگرە ئەوان لەسەر هەڵەن کە تا ئێستا لەسەر تۆ ئارامیان گرتووە.

ـ زۆرجار سەرۆکی کۆبونەوە دەبینین وەك (دیکتاتۆر) کار دەکات‌و زاڵە بەسەر ئەندامانی کۆبونەوەکە. وا تەماشایان دەکات وەك بووکە شووشەیەك چۆن بیەوێت یاریان پێ دەکات هەر کات‌و ساتێ. ئەگەر یەکێك ململانێی لەگەڵ کرد ئەوا هەموو ناڕەزاییی‌و تووڕەیی خۆی بەسەریدا دەرژێنێت‌و دەیکاتە نموونەیەك بۆ ئەوانەی بەو جۆرە بیر بکەنەوە. لێرەدا ئاڕاستەکردنی پرسیارێکی ژیر هاوکاریت دەکات، بەزۆری لەکۆبونەوەت لەگەڵ ئەم جۆرە سەرۆکە. بۆیە پرسیار بکە: بەڕێز من وادەبینم ئەرك‌و کارت زۆرەو بڕیارت وایە بەزۆری خۆت پێی هەستی، هەروەها



بیروڕامان زۆر کەم لاتان پەسەندە بۆیە من وادەبینم کە ئامادەبوون یان ئامادەنەبوونمان لەم کۆبونەوەیە بێ سوودە، وا باشترە کۆبونەوەکە هەڵوەشێنیتەوەو بڕیارەکانمان پێ بگات بۆ جێبەجێ کردنی یەکسەر بێ کۆبونەوە؟

ئەگەر وەڵامی بە (بەڵێ) بوو ئەوا زرگارت دەبێت لەکۆبونەوەیەك کە هیچ ڕەنگ‌و تامی نەبێ. ئەگەر وەڵامەکەی بە (نەخێر) بوو ئەوا بەئاشکرا داوای لێ بکە کە بیروڕاتان لەسەر بڕیارەکان وەربگرێت‌و جێبەجێ بکرێت.

کەم کەم دەتوانن ڕزگارتان ببێت لەو دیکتاتۆرە، خۆزاڵ کردنە بەسەرتاندا. ئەمەش کارێکی ئاسان نییە پێویستی بەکات هەیە.

لەکۆتاییدا.. ناکرێت هەموو پرسیارە چاوەڕوان کراوەکان لەکۆبونەوە دیاری بکرێت‌و بخرێتە بەر تاقیکردنەوە بڕیاردان لەکۆبونەوە دەگۆڕێت لەجێگایەکەوە بۆ جێگایەکی ترو لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، بۆیە پێویستە بەخۆت ئەو کۆسپانە دیاری بکەیت، کە ڕەنگە بەرەو ڕووت بێتەوەو سیناریۆی پرسیاری گونجاوی بۆ دابنێی.

# بەشی پێنجەم

چی دەکەیت لەگەڵ

# ئەمانە ... ؟

**ئەمانە بەشداربووانی کۆبونەوەکەن، بگرە لەسەرۆکەوە تا هەموو جۆرەکانی تر، جیاوازیەکی ئاشکرا لەنێوان کەسایەتیان دەبینیت، راستیەکان لەکاتی رووبەڕووبوونەوە دەردەکەوێت، شتی سەیرو سەمەرە دەبینیت وەك:**

**١. دواکەوتوو لەکۆبونەوە.**
**٢. کارلێکردنی لاواز لەچالاکییەکانی کۆبونەوە.**
**٣. سستی لەتێگەیشتن.**
**٤. تەوەزەل.**
**٥. لاواز لەگفتوگۆکردن (کەم دوو).**
**٦. بێ ئومێدی لەکاتی بەرەو رووبونەوەی کێشەکان.**
**٧. خۆسەپاندن بەسەر کۆبونەوەکە.**
**٨. بێ دەنگ.**
**٩. زۆر بڵێ.**
**١٠. خۆدەرخستن.**
**١١. تێ هەڵچو.**
**١٢. رارا.**
**١٣. توندوتیژ.**
**١٤. خاوەن گفتوگۆی لابەلا.**
**١٥. بێ بەرگەیی بەرامبەر بیروڕای جیاواز.**
**١٦. هەستیار.**
**١٧. هەموو شتێ دەزانێ.**
**١٨. سستی لەجێبەجێکردنی ئەرکەکان.**
...............................



### ١. دواکەوتن لەکاتی کۆبونەوەکان:

**ئاکارەکانی ئەم ئەندامە لەکاتی کۆبونەوەکان:**

**ـ لەکاتی کۆبونەوە پابەندنییە بەئامادەبون، رەنگە پێش دەست پێکردنی ئامادەبێت یان لەناوەڕاست یان لەپێش کۆتایی.**

**ـ پرسیاری زۆرە لەسەر بابەتەکانی پێشتر باس کراون.**

**ـ هەراوهوریا دروست دەکات لەکاتی ئامادەبوونی بەزۆر قسەکردن لەگەڵ ئەوانی تر.**

**ـ پرسیار نەکردن لەسەر کاتی دەست پێکردنیو کۆتایی کۆبونەوەکە هەروەها شوێنی بەستنی، بەڕاستی هیچ بایەخ نادات بەم لایەنە.**

**ـ هانی کەس نادات لەپابەندبوون بەکاتەکان، لەڕاستیدا خۆی دەترسێت لەپابەند نەبوونیو دڵنیاشە لەوە.**

**ـ بەردەوام پاساوی هەیە بۆ دواکەوتن، داواکاری جۆراوجۆری هەیە لەکارەکانیدا.**

### ئەم ئەندامە پێویستی بە:

**بۆ دوادەکەوێت، ئایا لەبەرئەوەی:**

**أ ـ لەبەر ئەم هۆیانە دوادەکەوێت:**

*** کاتی بەستنی کۆبونەوەکە گونجاو نییە.**
*** کۆبونەوەکەی لا زۆر گرنگ نییە یان لەبارنییە.**
*** بەشداربوانی دواکەوتن لەئامادەبون.**
*** کۆبونەوەکە بەشێوەیەکی ئاسایی لەکاتی دیاریکراودا دەست پێ ناکات.**
*** کۆبونەوەکە لەژێر چاودێریو بێزاریو نەریتگەرییە.**
*** کۆبونەوەکە کاتو شوێنی دیار نییە.**
*** سەرۆکی کۆبونەوەکە زۆر دوادەکەوێت.**

* ئەو کەسانەی دوادەکەون لێپرسینەوەیان لاوازە.

* بەهۆی ئیشوکاری تر کە پەیوەندی بەم کۆبونەوەیە نییە. هەموو ئەم هۆیانە مرۆڤی ئاسایی دوادەخات لەئامادەبوون، بەڵام مرۆڤی نائاسایی‌و ناچالاك لەکاتی کۆبونەوە ئامادە دەبێت بێ دواکەوتن، چارەسەری ئەم هۆیانە بکە هەموو لەکاتی خۆیدا ئامادە دەبن.

ب ـ بەڵام ئەگەر هۆکاری دواکەوتن، تەنها رەوشتی ئەو ئەندامە بوو، ئەوا دەکرێت:

* دەست بکرێت بەهۆشیارکردنەوەی ئەم ئەندامە لەبەرگرنگی بەشداربوونی لەچالاکیەکانی کۆبونەوەکە.

* بەبیرهێنانەوەی ئەو ئەندامە بەماوەیەکی تەواو کە پابەند بێت بەکاتی کۆبونەوەکە، ئەم کارە دەکرێت کارگێڕ پێی هەڵسێت.

* پاداشت کردنی ئەو ئەندامانەی لەکاتی کۆبونەوە ئامادە دەبن.

* لێپرسینەوە لەگەڵ بەشداربووی کۆبونەوە، بەئامۆژگاری راستەوخۆ، پاشان لەبەردەم ئەوانی تر، ئەگەر پابەند نەبوو سزا بدرێت (بەپێی جۆری بەشداربوونی).

## ٢. کارلێکردنی لاوازە لەچالاکیەکانی کۆبونەوە:

ئاکارەکانی ئەم ئەندامە لەکۆبونەوە:

* هیچ جۆرە کارتێکردنێکی لەباری لا دەرناکەوێت سەرەڕای ئامادەبوونی هەموو کۆبونەوەو چالاکییەکانی.

* بایەخ نەدان‌و بەشداری نەکردن لەو کێشانەی دەخرێنە بەردەمی.

* هاوکاری نەکردنی بەشداربووانی کۆبونەوە لەو کارانەی کە داوای لێدەکرێت.

* رەنگەو وا دەردەکەوێت بەپەرۆشی ئامادەبوونی چالاکیەکان نەبێ.



* رازی نەبوون بەجێبەجێکردنی هەر ئەرکێك کە بخرێتە ئەستۆی داوای لێبوردن ناکات‌و هیچ هۆیەك دەرنابڕێ، تەنها رازی نابێت‌و دەڵێت: (من لەسەر ئەم کارە رازی نیم، ناتوانم....).

* باوەڕی بەهەندێ ئامانجی ئۆرگانەکەی نییە، لەڕاستیدا ئامانج لەبەستنی ئەو کۆبونەوەیە.

* ئاواتی ئەوەیە کە بەجیا لەخەڵکی بژێت‌و کەس داوای هیچی لێ نەکات‌و خۆی هیچ بەکەس نەڵێت.

* ئارەزووی دووبارەکردنەوەو رۆتینی هەیە لەکارو لەچارەسەرکردنی کێشەکان.

* باوەڕی وایە کە ئەم رەفتارەی گونجاوە بۆ ئەو کۆبونەوەیەو هیچ ئارەزووی گۆڕانکاری نییە.

* ئەگەر کارێکت تەواو کردو پرسیارت لەبەشداربوان کرد:

ـ ئایا هیچ پرسیارێك هەیە وەڵامی بدەمەوە؟ هیچ پرسیارێك ناکات.

## ئەم بەشداربووە لەکۆبونەوە پێویستی بە:

* بەئاشکرایی‌و بەهەموو روونیەك ئاگادار بکرێتەوە چالاکی نییە لەکۆبونەوە، دەبێ هۆیە راستیەکانی ئەمە بزانرێت، ئەگەر ئاشکرای کردو دەرکەوت کە هەڵەکان لەتۆدایە چارەسەری هەڵەکانت بکە، ئەگەر دیتت هۆکارەکان لاوازن‌و هیچ ئاوێتەبوونێکی دەرنەبڕی لەگەڵ قسەکانی تۆ، بەردەوام بە لەبەدواداچوونی بەم جۆرە:

* ئەرکی جۆراوجۆری پێ بسپێرەو لەهەموو کۆبونەوەیەکدا، بەلای کەم ئەرکێکی بۆ دیاری بکە، ئەم ئەرکەش ئاکارێکی چالاکانەی پێوە دیاربێت‌و

کارلێکردنی هەبێت لەگەڵ ئەوانی تر ئەگەر بەشداربوانی کۆبونەوە بن یان کەسانی تر کە مامەڵەیان لەگەڵ دەکات لەکاتی جێبەجێکردنی ئەرکێك.

* بەشێوەیەکی بەردەوام راپرسی ئەنجام بدە لەنێوان بەشداربوانی کۆبونەوە بەتایبەتی بۆ ئەم بەشداربوە، زانیاری لێ وەربگرە کە چۆن گیانی کارلێکردن لەناو کۆبونەوەکان بڵاودەکرێتەوە.

کۆبونەوەکان ئاکاری هاورێیەتیو دڵخۆشی پێوە دیار بێت هەموو ئاواتیان ئەوە بێت کە ئامادەی بن، ئەوەی تۆ بڕیاری لەسەر دەدەیت جێبەجێی بکەن نەك ئەوەی داوای دەکەیت. بەشداربوانت خۆش بوێت، خۆشەویستیان بۆت دەبێت دڵسۆز بە بۆیان دەبینیت کارلێکردنیان دەبێت، لێیان بپرسەو ئاگاداری کێشەو ئیشوکارەکانیان بە، دەیانبینی بەشداریت دەکەن لەچالاکیەکانی کۆبونەوەکان.

....................

## ٣. سستی لەتێگەیشتن:

ئەم ئەندامە لەکۆبونەوەدا دەیبینی:

* ئەوەی لەکۆبونەوەدا باس دەکرێت تێی ناگات، تەماشای قسەکەر دەکات زۆر بەتوندی هەروەك دەری بخات بایەخی زۆر دەداتە قسەکان.

* پاش کۆتایی گفتوگۆ کە هەندێ پرسیاری نامۆ دەپرسێت.

* دژی بێ کارییە - یان پێسپاردنی جۆرە ئەرکێکی فیکری - ئارەزووی کاروباری کارگێڕیو رۆتینی هەیە.

* گاڵتە بەئیشوکار دەکات، باش شارەزای نوکتەو گاڵتەپێکردنە.

* ئارەزووی خوێندنەوەو بیرکردنەوەی لۆژیکی دروستی نییە، نازانێت چۆن خۆی ئامادە بکات بۆ ئەرکێك.

* دەگەڕێت لەوەی دەروونی دڵخۆش بکات.



**ئەم ئەندامە پێویستی بە:**

- سوودوەرگرتن لەچالاکیو ئەو ئەرکانەی باش شارەزایەتی، دوورخستنەوەی لەو کارانەی تابزانێت چۆن جێبەجێی بکات یان پێویستی بەڕەنجو پەیت کردنی مێشکی هەیە، ئەمە یان بەشێوەیەکی سەرەتایی بێت.

- لەبارێکدا ئەركو کاروباری مێشکی پێ سپێردرا باسادە بێتو رەچاوی هاوکاری کردنی بکەن لەگەڵ دووبارەکردنەوەی بەزیاتر لەئامرازێكو بارگرانی نەخرێتە سەری بەکاروبارێك کە پێویستی پێی نییە.

- لەگەڵ نەخۆشو دەردەداراندا کۆبکرێتەوە، ئەم کۆبونەوەیە بۆ ئەو جۆرە کەسانە بێت نەخۆشی هاوشێوەیان هەیە، لەگەڵ بایەخدان بەچەمكو ئەرکەکانی خراوەتە ئەستۆی بەشێوەیەکی سادەو نەزانراو نەبێت لەبەردەم بەشداربوانی تر.

- وا تێنەگات چ بەشێوەیەکی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ کە تێگەیشتنی سستە، ئەگەر لەم بارەدا هەڵەت کرد دەیبینیت زۆر بەتوندی رەخنەت لێ دەگرێت، قسەوقسەلۆکت بەسەردا دەبارێت.

- بەردەوام هانی بدە، رێگاو ئامرازەکانی پێشکەوتنو لێهاتوویی بۆ ئاسان بکە. وەك بەشداریکردنی لەخولی راهاتن یان بەکارهێنانی هەندێ چالاکیو راهێنانی مێشکی ئاسانو پلە بەپلە.

- دۆسیەیەکی تایبەتی بۆ بکەرەوە، رادەی پێشکەوتنی لەکاروباری مێشکی تیادا روون بکەوە، تا بزانرێت رادەی سەرکەوتنی بۆ قۆناغێکی باش.

- لەبیری مەکە کە ئەم ئەندامە توانایەکی جەستەیی گەورەیە. تۆ لەڕووی جەستەیی سوودی لێ وەرگرە ئەویش لەڕووی ئەقڵانیەوە. بۆ نموونە دەکرێت ئەرکی کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی کارێکی پێ بسپێرێت، دەبینی بەکارەکە هەڵدەسێت

بەئەوپەڕی لێهاتوویی (چالاکی جەستەیی). یان یەکێکی تر ئەم زانیاریەت بۆ شی بکاتەوە (چالاکی مێشکی).

ـ بەشداری پێ بکە لەم شیکردنەوەیە، ئەم ئەندامە لێرەدا ئەو زانیاریانەی کۆی کردۆتەوە دەیزانێت‌و بینینی بۆ جۆری کرداری شیکردنەوەکە توانای مێشکی زیاد دەکات.

## ٤. تەوەزەل:

لەکۆبونەوەدا دەبینرێت:

* دوادەکەوێت (یان ئامادە نابێت) لەئامادەبوونی کۆبونەوە، کاتت بەفیڕۆ دەدات ئەگەر چاوەڕوانی بکەیت.

* بەپەرۆش نەبوونی پرسیارکردن یان بەدواداچوونی کارو ئەرکە جۆراوجۆرەکان. تا ئەوەی پەشیمان نییە لەبەسەرچوونی هەر شتێ کە دەبوایە بکرێت.

* بیانووی زۆرە بۆ دواکەوتن یان ئامادەنەبوونی کۆبونەوە.

* دەبێتە هۆی داڕوخانی ئەوانی تر کاتێ ئامادە دەبێت. ئەو هیچ سوودێك لەو کارە نابینێت، بەڵگەشی هەندێ کاری پێشووە.

* کاریگەر نییە لەگەڵ چالاکی‌و ئەرکەکانی ناو کۆبونەوە، دەیبینیت پرسیار لەهیچ شتێ ناکات یان هەوڵی گۆڕانکاری بەرەو باشتر.

* دوادەکەوێت لەوەرگرتنی هەر پرسیارێك‌و متمانە ناکرێتە سەری لەچارەسەرکردنی کێشەیەك، بەڵکو بەجێی دەهێڵێ تا خۆی چارەسەر دەبێ.

دەبێتە هۆی پەیدابوونی کێشەی جۆراوجۆر بۆ ئەوانی ترو بەشداربووانی کۆبونەوە.



### ئەم ئەندام کۆبونەوەیە پێویستی بە:

لەسەرەتادا پێویست دەکات شتێکی زۆر گرنگ بزانیت کە لەم پەندەوە سوودی لێ وەردەگریت، (ئەگەر بتەوێت بزانی بەرەو کوێ دەڕۆیت، دەبێ بزانیت لەکوێوە هاتویت). بۆ ئەم ئەندامە هەموو ئەو کارانە دەکات، ئایا لەبەرئەوەی:

ـ لەم کارەیدا باش ئامانج تێنەگەیشتووە، یان ئامانج لای روون نییە، ئامانجی بۆ روون بکەرەوەو دیاری بکە.

ـ ئەرکی پێ نەدراوەو رانەهاتووە لەسەر کاری دروست‌و کاتی بێ ئیشی زۆرەو راهاتووە لەسەر ئەم بارە. هەنگاو بەهەنگاو کاری پێ بسپێرە تا رزگاری دەبێت لەم بارە، بەڵام نەك بەیەکجار.

ـ لەو ئەرکانەی پێی سپێراوە بەدواداچوونی نەبووە یان زۆر لاواز بووە، ئەمە هەستی بێ بایەخی پێداوەو لای بۆتە داڕمان، ئەم داڕمانەی ئاڕاستەی کەسانی تری کردووە.

ـ بایەخی پێ بدە با هەست بەگرنگی خۆی بکات.

ـ کەس هانی نەداوە یان رێز لەڕەنجی نەگیراوە، لەدواییدا هەستی وابووە کار بکات‌و نەیکات وەکو یەکە هانی بدە، رێزی بگرە. هەڵسوکەوتی ناڕاستی دیوە لەبەرپرسەکانی پێشووی ئەمە رەنگدانەوەی خراپی لادروست کردووە، ئەم بڕوایەی بگۆڕە بەوەی تۆ ببیتە پێشەنگێکی باش.

ـ بەردەوام لەکارکردندا هەست بەبێزاری‌و رۆتین دەکات، شێوازی کارکردنی بگۆڕەو بەردەوام بۆی نوێ بکەرەوە، گرنگ هەست‌و ورەیەکی نوێیە دەبێت بەجەستەیدا بڕوات.

ـ تەوەزەلی تر کاری لێ دەکەن، دووری خەوە لێیان.

ـ ئارام بگرە تا چالاکی دووبارە دەگەڕێتەوە، بەڵام وریابە پەیوەست نەبێت تەنها بەتۆوە، واتا ئەگەر رەفتارێکی نالەباری لەتۆ دیت، بشکێتەوەو بگەڕێتەوە سەر نەخۆشیەکەی پێشووی.

.......................

**٥. کەم دوو:**

لەکۆبونەوەدا بەم جۆرە دەیبینی:

* لەکاتی گفتوگۆکردن بەزۆری تووشی زمانگیران دەبێت.

* لەکاتی گفتوگۆکردن زۆر دەوەستێتو زۆر ئاو دەخوات.

* لەکۆبونەوەدا بەردەوام بێ دەنگە، تەنها لەکاتێ داوای قسەکردنی لێ بکرێت دەنگو رەنگی تێك دەچێو دەبێتە جێگای گاڵتەپێکردن.

* حەزی لەکارکردنی سێبەردایە (بەرچاو نەبێت)و پێی خۆشە لەپێشەوە نەبێت.

* بەردەوام دەترسێ هەڵە بکات.

* متمانە دەکاتە سەر ئەوانی تر لەگەیاندنی بیروڕاکانی.

**ئەم ئەندامە پێویستی بە:**

* ناساندنی بەبنەماکانی گفتوگۆکردنو خۆبەرچاوخستن لەبەردەم کەسانی تر، چۆنێتی بەدەست هێنانی بڕوا بەخۆ لەکاتی گفتوگۆکردنو خۆڕاهێنان. دەکرێت ئەم کارە لەلایەن تۆوە جێبەجێ بکرێت بەڕاهێنان پێکردن لەبەردەم خۆ لەسەر ئەو بابەتانەی گفتوگۆی لەسەر دەکات لەکاتی کۆبونەوەی داهاتوو.

* بڕگەیەکی بەردەوامی بۆ دیاری بکە لەهەموو کۆبونەوەکان ئەگەر بۆ چەند خولەکێکیش بێت بۆ قسەکردن لەبەردەم ئەوانی تر.

* دەکرێت بەڕێوەبردنی کۆبونەوەکەی پێ بسپێرێت لەجێگای خۆت.



* ئەو هەستەی پێ بدە کە تۆ بەهەموو شێوەیەك پشتگیری دەکەیتو لەپێشەوەی کەسانی ترە لەچاودێریو رێز لێگرتن.

* جەخت لەسەر ئەوە بکە کە گفتوگۆکردنی باش یەك لەئامرازە گرنگەکانە بۆ گەیشتن بەئامانجەکان.

* پاش ماوەیەك ئەگەر بۆت دەرکەوت کە ئەو هەموو رەنجە سوودی نەبوو، داوای لێبکە سەر لەپزیشکی دەروونی بدات، رەنگە پەروەردەی منداڵی کاری تێ کردبێت.

* جارێکی تر پاش ئەو هەوڵو ماندوبوونە ئەگەر بۆت دەرکەوت کارەکەت بەرهەمی باشی هەبوو، لەگەڵی گفتوگۆ بکە.

* داوای لێبکە متمانە بکاتە سەر خۆیو تۆ بەردەوام پشتگیری دەکەیت.

ئەگەر بەتەواوی چاك بۆوە دەبینی لەکۆبونەوەکان زۆر قسە دەکاتو بەڕادەیەك لێی بێزار دەبن.

**٦. بێ ئومێدی لەکاتی بەرەو رووبوونەوەی کێشەکان:**

ئەم ئەندامە لەکۆبونەوەکاندا دەبینرێت:

ـ ئەگەر تووشی کێشەیەك ـ یان چەند کێشەیەك هات، ئەوا دەست ناکات بەبیرکردنەوە لەچارەسەرکردنیان، بەڵکو دەکەوێتە ناو گێژاوی بێ ئومێدی لەژیانو کارو هەموو شتێکدا.

ـ بەردەوام خەمگینو دڵتەنگە.

ـ دوادەکەوێت لەکۆبونەوەکاندا.

ـ بەزۆری داوای لێبوردن دەکات لەئامادەبوونی کۆبونەوەکان بەبیانووی ئەوەی کە باری دەروونی باش نییە.

- دەبێتە هاوڕێی کەسانی خەمگین، داڕوخاو، سەرنەکەوتوو، خاوەن بیری مـردوو، روخێنەر، بەگومـانو لەتەنیشتیان دادەنیشێ لەکۆبونەوەکان.
- بەردەوام دوور دەکەوێتەوە لەکەسانی سەرکەوتوو چـالاكو خـاوەن بـیری کـراوەو نوێ لەبەشداربووانی کۆبونەوە.
- زیاد لەپێویست رەخنەو نـاڕەزایی لـەخۆیو سەرزەنـشتی دەکـات تـاڕادەی بـێ ئومێدی لەچارەسەرکردنی کێشەکان.
- باوەڕی بەخۆی نییە.
- دوور دەکەوێتەوە لەچالاکیە ئارەزوومەندەکان.

### ئەم ئەندامە بۆ چارەسەرکردنی پێویستی بە :

*دروستکردنی باوەڕ بەخۆ لەدەروونیدا، لەژیانی راستگۆ بێـت، پاشـان لـەکارو پەیوەندییە کۆمەلآیەتیەکان.

* جەخت لەسەر ئەو لایەنە بکـە کـە لەیەکـەم تێکـشکاندا بـێ ئومێـد نـەبێتو لەهەولّی خۆڕاگرتن بێـت جـار لـەداوی جـار، سـەرکەوتن لەیەکـەم رووبەڕووبونـەوەی کۆسپەکان مسۆگەر نییە.

* سـەرکەوتنەکانی پێـشووی بەبیربێنـەوە - ئەگـەر هـەبوو - یـان باسـی لایەنـە باشەکانو ئاکارە لێهاتووەکانی بکە.

* رای بهێنە لەسەر رووبەڕووبونەوەی کێشەکان کە بەرەنگاری دەبێت، پێشنیاری گونجاوی بۆ دیاری بکە.

* کۆبونـەوەی لابـەلای لەگـەلّ بکـە بۆئـەوەی ئاکـاری بـاشو بـاوەڕ بـەخۆبوونی لادروست بکەیت، لەکۆبونەوەدا تووشی ناو زڕاندنی نەکەیت کە رەنگە ببێتـە هـۆی زیادبوونی رادەی نەخۆشیەکەی.



* فێری بکە چۆن بەگالّتە تەماشای رووداوەکان بکاتو لەباری خـەمۆکیو ئـەو بیروبۆچوونە تێیدایە، رزگاری بکە.

* بەشداری ئەو هاوڕێیانەی بکە کە حەزیان لەچالاکیو دلّخۆشی هەیـەو دووری بخەوە لەوانەی خەمـبارن.

* بۆ ئاسان کردنی رووبەڕووبونـەوەکانی ئـەركو کێـشەی بـچوکی پـێ بـسپێرە، لەبەردەم هەمـووان سوپاسی بکە.

......................

### ٧. خۆسەپاندن بەسەر کۆبونەوەکە :

ئاکارەکانی ئەم ئەندامە لەکۆبونەوەدا:
- گفتوگۆو قسەکردن پاوان دەکات.
- زالّ دەبێت - یان هەولّی زالّ بوون دەدات - بەسەر کۆبونەوە.
- دەستی خۆی دەخاتە هەموو شتێ.
- گالّتە بەهەموو کەسایەتیەکان دەکات بەتایبەتی ئەوانەی بەکۆششن.
- باوەڕی زۆری بەخۆیەتی.
- لەبەر زۆر هۆ خۆی بەجیاکار دەبینێ لەوانی ترو مـافی زالّ بوونی هەیە.

ئەم جیاکاریە دەگەڕێتەوە بۆ:
١. شارەزای کردەوەیی.
٢. بەلّگەنامە زانستیە بەرزەکان.
٣. پایەی کۆمەلآیەتی.
٤. نەخۆشی دەروونی، واتێدەگات کە ئەو بەڕاستی جیاکارە لەوانی تر.

**ئەم ئەندامە پێویستی بە:**

ـ بەشێوەیەکی سەرەتایی سەرنجی رابکێشە بۆ پێویستی هەل پێدان بەیەکسانی بۆ هەمووان.

ـ جەخت لەسەر بێ سوودی خۆسەپاندن بەسەر کاروبارەکانی بکە.

ـ ئەگەر ویستی خۆی بسەپێنێ بەسەر گفتوگۆکان لەکاتێکدا تۆ لەگەڵ هاوڕێکانت لەکۆبونەوە خەریکی وتوێژ بوون، بەشێوەیەکی جوان سەرنجی بۆ ئەوە راکێشە کە هاوڕێیەکت مافی گفتوگۆکردنی لەپێش ئەودا هەیە. یان بەئەنقەست پرسیاری راستەوخۆ ئاراستەی ئەوانی تر بکە بۆ بەشداریکردنیان لەگفتوگۆکردن، گوێ بەوە مەدە کە ئەو دەیڵێت، لەسەر ئەم شێوازە جوانە بەردەوام بە تا هەمووان رادێن لەسەر مامەڵەپێکردن لەکۆبونەوەدا.

ـ ئەگەر ئەم رێگا جوانە بێ سوود بوو، دەست بکە بەدیاریکردنی رێگایەکی کەمتر شیاو، یان گاڵتەپێکردنیش بێت بەو شێوازەی ئەو پیادەی دەکات، یان ئەمە لەبەردەم هەمووان بێت بۆ نموونە:

ئەم هاوڕێیە راهاتووە لەکۆبونەوەکان خۆبسەپێنێ، بەڵام ئەم رەفتارە لەگەڵ ئێمە بێ سوودە، بێ گومان ئێمە پێمان دەکرێت خۆ رزگار بکەین لەهەر کەسێ خۆی بسەپێنێ بەسەرماندا.

ـ ئەگەر ئەم رێگایە بێ سوود بوو، دەست بکە بەدیاریکردنی رێگایەك بۆ هەڵسوکەوت لەناو کۆبونەوە. بەوەی هەر بەشداربوویەك مافی دەربڕینی بیروڕای خۆی هەیە لەو سنورەی کە لەلایەن تۆوە دیاری کراوە. بۆیە پێویستە لەسەر ئەم هاوڕێیە پابەند بێت بەم رێبازە ئەگەرنا رێگای تر هەیە بۆ چارەسەرکردنی.

بەڵام پەنامەبەبەر هیچ شێوازێکی تر تەنها ئەگەر بەتەواوی سەرکەوتوو نەبویت بەشێوازەکانی تر.



خۆت بەهێز بکە بەتەواوی بەرامبەر ئەو هاوڕێیە رەنگە تۆش قسەی ناشرین بێتە سەرت، بۆیە خۆت ئامادە بکە کەهەڵسوکەوتت چۆن دەبێت ئەگەر ئەو هاوڕێیەت بەکارێکی ناشرین هەستاوە لەبەردەم هەمووان.

......................

## ٨. بێ دەنگ:

ئاکارەکانی ئەم ئەندامە لەکۆبونەوەدا:

※ بێ دەنگە بەتەواوی.

※ ئامادەی وەڵامدانەوەی قسەکانی نییە.

※ لەهۆی نهێنی بێ دەنگیەکەی ئاگادارت ناکاتەوە.

※ هێمنە لەکاردانەوەی.

※ زۆر کەم ئەوەی لەدڵیدایە دەری دەبڕێت.

※ چەند بکرێت دوور دادەنیشێتو وا دەردەکەوێت کە گوێگری بابەتەکانە.

**ئەم ئەندامە پێویستی بە:**

ـ وروژاندنی بەهەموو کاروبارێك ـ بێ پرسیارکردنی ناشرین ـ تا بەقسەدێت یان ئەوەی بیری لێ دەکاتەوە دەری بڕێت، تا خودی راستیەکەی بەدەردەکەوێت.

ـ رەنگە ئەمە:

١. بێ دەنگ بێت لەبەرئەوەی هیچ تێناگات، بێ دەنگ ئەوە ناگەیەنێ چی گوێی لێ بووە تێی گەیشتووە، بۆیە لەوکاتەدا پێویست بەفێرکردنو ئاگادارکردنەوەی دەکات بەوەی لەدەوروبەریدا هەیە بەرەچاوکردنی رادەی تێگەیشتنی.

٢. بێ دەنگە لەبەرئەوەی هیچی بەدڵ نییە لەوەی لەدەوروبەریدا روودەدات، نازانرێت چۆن بیروڕای خۆی دەردەبڕێت، بۆیە پێویست بەگوێگرتنی دەکاتو بەهەر شێوەیەك بێت لەبەرگرنگی بیروڕای.

٣. بێ دەنگە لەبەرئەوەی ئاکاری کەسێتی وایە.

ــ شێوازی پرسیارە کراوەکانی لەگەڵ بەکاربهێنە بۆئەوەی زانیاری تەواوو جۆراوجۆرت دەست بکەوێت، دوور بکەوە لەبەکارهێنانی پرسیارە داخراوەکان کە وەڵامەکانی بە (بەڵێ) یان (نەخێر) دەبێت.

ـ هەر کاتێ ویستی بگەڕێتەوە سەرباری بێ دەنگی رایکێشە بەرەو قسەو گفتوگۆکردن، هێرش بەرە سەری بەپرسیارێکی کراوەی زۆر.

ـ رەنگە دوابکەوێت لەوەڵامدانەوەی پرسیارەکەت، پەلە مەکە لەقسەکردن بەڵکو تەماشای بکەو چاوەڕوان بە، تۆ رۆڵی بێ دەنگی وەربگرە تا وەڵام دەداتەوە، لەچاوەڕوانی وەڵامی پرسیارەکانت زەردەخەنە بەسەر رووتەوە بێت.

ــ جەخت لەسەر گرنگی رۆڵی بکەوە کە هەموو پێویستیان پێیەتی بەو شارەزاییە کۆکراوانەی لایەتی.

......................

## ٩. زۆر بلێ:

ئەم بەشداربووەی کۆبونەوە بەم جۆرە دەبینرێت:

* حەزی لەگفتوگۆکردن هەیەو لەدواییدا رەنگە لەگەڵ هەر بابەتێك قسەکانت پێ ببڕێتەوەو بیروڕای خۆی دەربڕێت.

* دیاردەی گاڵتەوگەپ زۆر بەسەریدا زاڵە.

* گفتوگۆکانی بەزۆری دەکەوێتە دەرەوەی بابەتە بنچینەییەکە.



* کاتی کۆبونەوەکە بەفیڕۆ دەداتو وا دەکات ئەوانی تر سوودی لێ وەرنەگرن.

* بەئاسانی لەکۆبونەوە دوورت دەخاتەوەو بەرەو بوارێکی تر بەشداربوان رادەکێشێت.

* زۆر باوەڕی بەخۆیەتی کە هەموو شتێك تێدەگات، تۆش باوەڕت وا دەبێ کە بەتەواوی ئەو لەسەر هەڵەیە لەهەموو شتێك.

### ئەم ئەندامە پێویستی بە:

ـ راگرتنی گفتوگۆ زۆرەکانی بەبێ توڕەیی‌و بریندار کردن.

ـ ئەگەر دەستی بەگفتوگۆی دوورو درێژ کرد زۆر بەڕێزەوە داوای لێ بکە کە لەبارەی پەیوەندی بیروڕاکانی بابەتە بنچینەییەکە زانیاریت بداتێ. ئەگەر دەربارەی ناوەڕۆکی بابەتەکە قسەی کرد داوای لێ بکە کە بیروڕاکانی کورت بکاتەوە بۆ تۆو بۆ ئامادەبوان.

ـ لەمامەڵەکردنت لەگەڵیدا ئارامگربە، پرسیارەکانت بۆی راستەوخۆ بێتو پێویستی بەوەڵامی دیاریکراوی هەبێت.

ـ رێگا بدە ئامادەبوانی کۆبونەوە چی لەمێشکیاندا هەیە دەربارەی ئەم ئەندامە دەری بڕن (بەڵام بەکورتی) دەربارەی شێوازی ئەم ئەندامە کە دەبێتە هۆی دواخستنی کۆبونەوەو بەفیڕۆدانی کات.

ــ رەزامەندی دەربڕە لەسەر بەشە گونجاوەکەی ئاخاوتنەکانی، بەڵام هەوڵبە بابەتەکە ببەسترێتەوە.

..............................

**١٠. خۆدەرخستن:**

**ئاکارەکانی لەکۆبونەوە:**

ـ سووره لەسەر رای خۆی ئامادەی وازلێهێنانی نییە تا ئەگەر بەڵگەو نیشانەکانی بۆی بەرچاویش خست.

ـ بەڕاستی بەشداری کۆبونەوە ناکات ئەگەر بوارێکی باشی بۆ بەرچاوخستن لەبەردەم ئامادەبوان بۆ خۆش نەکەیت.

ـ دەبێتە هۆی داڕوخانی ورەو لەباربردنی هەر پێشنیارێك کە لەلایەن خۆیەوە ئامادە نەکرابێت.

ـ بەردەوام چی هەیە لەزانست دەری دەخات.

ـ لەململانێی بەردەوامە لەگەڵ ئەوانەی هەمان ئاکاریان هەیە.

ـ لەجێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی خۆی تیادا دەرکەوتوو نییە داوای لێبوردن دەکات.

ـ رەخنەو ناڕەزایی زۆرە.

ـ دەبێتە هۆی لاوازکردنی بەشداربوانی دەوروبەری.

**ئەم ئەندامە پێویستی بە:**

* روونکردنەوەی کارە بنچینەییەکەی و رۆڵی لەکۆبونەوەدا.

* هەوڵدان بۆ چەسپاندنی گەورەیی بەرپرسیارێتی سەرشانی هەر ئەندامێك، پاشان بەرپرسیایرێتی لەبەردەم ئەو دامەزراوانەی ئەو کاری تیا دەکات.

* چەسپاندنی ئاکارەکانی دڵسۆزی لەکاردا.



* ئاگاداربوونەوە لەپیاهەڵدانی بەشداربووانی کۆبونەوە، یان زیدەڕۆیی لەو پیاهەڵدانە لەبەردەمی ئەو، کە دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی پلەوپایەیان و دابەزینی ورەیان.

* سوور بوون لەسەر وەرگرتنی بیروڕای هەموو ئەندامان، نەك بەرچاوخستنی بیروڕای ئەو.

* پابەندکردنی بەجێبەجێکردنی ئەرکە ئاسانەکان.

* هێنانەوەی ئەو بەڵگەو نیشانانەی دژ بەبیروڕای ئەون و سووربوون لەسەر پیادەکردنی.

* ئاگاداربوون لەکاردانەوەی، بۆ تێکدانی پێشنیارە تایبەتیەکانو جێبەجێکردنی ئەگەر لەلایەن خۆیەوە نەبێت.

* وەڵامدانەوەی رەخنەو ناڕەزاییەکانی، بەڵام بەقۆناغ، واتە لەسەرەتادا وەڵامدانەوەی هەموو بیروڕاکانی، پاشان بەشێکی، تا دەگاتە ئەوەی بایەخ بەناڕەزاییەکانی نەدرێت. (تەنها ئەگەر پێشنیارەکانی لەباربوون).

* ئەگەر توانیت رای بهێنی ئەوا ئەندامێکی کارات راکێشا، ئەگەر نەکرا ئەوا واز لەئامادەبوونی بهێنەو رێگاکانی چارەسەر هیچ سوودێکی نابێ لەگەڵیدا، بەڵام وریابە لەهەڵمەتێکی توندوتیژ دژ بەتۆ (بەهۆی ئامادەنەبوونی لەکۆبونەوەکان). کە تۆ خۆت رزگار کرد لێی لەبەرئەوەی تەنها تێگەیشتووە لەنێوان ئەندامانی (بەبۆچوونی خۆی).

### ١١. تێ هەڵچوو:

ڕەفتاری لەکۆبونەوەکاندا:

١. بەپەلەیە، ئارامی نییە.

٢. کەم گوێ لەکەسانی تر دەگرێت.

٣. بەردەوام گفتوگۆکان دەبڕێت.

٤. بەپەلەیە لەدەربڕینی بیروڕایو بەهەمان شێوە دەیگۆڕێ کات بۆ بیرکردنەوە وەرناگرێت.

٥. ئارەزووی بەدەست هێنانی یەکەمایەتیو پەیداکردنی.

٦. ڕێزلێنانی هەیەو جێگای سەرنجی هەمووان بێت.

٧. راوێژ لەگەڵ کەس ناکات ئەگەر بڕیارێکی وەرگرت، بڕیارەکەی بەئاشکرا چەندین کەموکورتی تێدایە.

٨. زۆر ورە بەرزە، بەڵام بێ دیسپلین.

### ئەم ئەندامە پێویستی بە:

* بەردەوام جەخت کردن لەسەر هێمنیو راوێژو لێکۆڵینەوەی فراوانو لەسەرخۆ بۆ هەموو بوارەکان.

* جەخت لەسەر گرنگی سوودوەرگتن لەبەسەرهاتی کەسانی تر.

* بایەخدان بەگرنگی هەناسە درێژی لەکارو گفتوگۆکان.

* ئەگەر ئەم رێگایانەی پێشەوە چارەی نەکرد بۆ رێگرتن لەتێ هەڵچوونی پێویستە:

ـ سەرەتا رێگای قسەکردنی پێ بدرێت بێ تێکچوونی سیستەم یان بەمافی یەکەمایەتی لەقسەکردن بۆ کەسێکی تر لەبەشداربوان، دەکرێت ئەم کارە جێبەجێ



بکرێت بەوەی لەتەنیشتی خۆت جێگای دانیشتنی بۆ بکرێتەوەو قسەی لەگەڵدا بکەیت.

لەگفتوگۆکاندا دوورکەوە لەدرێژەپێدانی بابەتەکانو بایەخ بەئامانجەکان بدە.

هەوڵدە شێوازی هەڵسوکەوتت لەگەڵیدا بۆ بەڕێوەچوونی گفتوگۆکان بەپەلە بێت.

### ١٢. رارا:

ڕەفتاری لەکۆبونەوەکاندا:

١. رارایە لەدەربڕینی بیروڕای بەگشتیو لەبابەتە رووژاوەکان بۆ گفتوگۆ بەتایبەتی.

٢. دڵنیا نییە لەهیچ شتێ.

٣. خۆڕاگریی نییە لەسەر یەك بیروڕا.

٤. بەردەوام دەترسێ لەوەرگرتنی هەر بڕیارێك، ئەگەر بڕیارێکی وەرگرت ناخەوێتو لەئەنجامەکەی دەترسێ.

٥. بەردەوام لەقسەکانی خۆی دەگەڕێتەوە بەهۆی هەست نەکردنی بەدڵنیایی.

٦. باوەڕی بەخۆی نییە هەست بەکەمو کورتییەکی ترسناك دەکات لەخودی خۆی.

### ئەم بەشداربووە پێویستی بە:

١. باوەڕ بەخودیو خۆیو هەروەها باوەڕ بەتۆ، لەدواییدا هاوکاری بکە بۆ دەربازبوون لەو رارایییە لەکاروبارەکان.

٢. بابەتەکانی بەتەواوی بەرچاو بخە بێ کەموکورتی لەتوێژینەوە یان شیکردنەوە یان بژاردن لەنێوان چەند ئەرکێکی جیاواز. لەدواییدا وای لێ دێت هەڵەکانی بەردەوامی کەم دەبنەوەو لەهەڵوێستێکدا دەبێت کە توانای بڕیاردانی هەبێت.

٣. باوا هەست نەکات کە بەبێ تۆ ناتوانێت هەڵسوکەوت بکات کە دەبێتە هۆی وەرگرتنی بڕیارێك بەشێوەیەکی کوێرانە رەنگە زیانی لەخۆتو ئەوانی تر بدات.

٤. هەندێ پیاهەڵدانو باس کردنی زۆر نا، سوود بەو ئەندامە دەگەیەنێت.

٥. جەخت لەسەر راستی بیروڕاکەی بکە (ئەگەر بەو جۆرەت بینی)و ئاگاداری ئەوەبە کە ئەو رارایيە بەرەو لایەکی تری نەبات یان زیاتر رارابێت لەوەی کە ئێستا تووشی بووە.

٦. لەکاتی پشوودان پشتگیری پێشنیارەکانی خۆتی بۆ بکەو رازی بکە بەدوا بڕیارت لەگەڵی دەربارەی ئەو بابەتانەی گفتوگۆی لەسەرکراوە بۆئەوەی هیچ هەلێکی تری لەبەردەم نەبێ.

## ١٣. توندوتیژ:

رەفتاری لەکۆبونەوە وادەردەکەوێت:

- حەز لەبەکارهێنانی هێز دەکات لەهەموو شتێ، ئەگەر قەرزی هەبوو پێی نەگەیشتەوە، پێشنیاری رێگای دادگا دەکات لەجیاتی گفتوگۆو شێوازی نەرم بەکارهێنان، ئەگەر پێشنیاری رێگای دادگا کرا، ئەو داوای بەکارهێنانی زەبرو زەنگ دەکات بۆ وەرگرتنەوەی ئەو قەرزە.
- هەر رێگا چارەیەك یان پێشنیارێك لەلایەن خۆیەوە دەرنەچووبێت پەسەندی ناکات، بەتایبەتی ئەوانەی شێوازی نەرمو شل دیاری دەکات. بەڵام ئەوانەی رێگای



توندوتیژی بەرچاوخستووە پەلەی بۆ دەکاتو هەوڵی بژاردنی دەدات، تا دامەزراوەکەی وەك دارستانێك لێ دێت.

- هەموو شێوازەکانی تری چارەسەرکردن، تەنها هی خۆی نەبێت بەڕاستی نازانێت.
- ئاکاری توندوتیژی بەسەر گفتوگۆکان دەچەسپێنێت.
- زۆر بەسکالآیە لەنەرمو شلی ئۆرگانەکەی لەگەڵ کەسانی تر، ئەگەر هاوڕێیو بەرپرسیشی بێت، بەڵام لەژێر دەسەڵاتی ئەون ئەوا خۆی دەزانێ چۆن رەفتاریان لەگەڵ دەکات.
- کەم ئارامەو پەلەی ئەنجامەکانێتی.
- خوێن گەرمە، بەشێوەیەك لەڕادەبەدەر بێت.

### ئەم ئەندامە پێویستی بە:

١. بەزەیی پێ هاتنە، رەنگە لەمنداڵیەوە تووشی بەکارهێنانی توندوتیژی هاتبێت لەلایەن باوكو دایكو کەسو کارییەوە، یان تووشی کۆسپێکی دەروونی هاتبێت.

٢. زانینی ئەو ژینگەیەی کە تیایدا ژیاوەو رادەی ئەو دەردەسەریانەی کە چێژتوویەتی، چۆن دەکرێت ئەو کارتێکردنە ژینگەییەی لەسەر لابەرین.

٣. هەوڵدانێ بۆ فێرکردنی، ئەوانەی بەپەلە توڕە دەبن کەم زانستن.

٤. بەپەرۆشی بۆ روونکردنەوەی مەترسییەکانی ئەو توندوتیژییەی کە پیادەی دەکات لەسەر کەسێتی خۆی بۆ یەکەم جار، لەسەر دامەزراوەو قەوارەکەی.

٥. بەبیرهێنانەوەی تاقی کردنەوەکانی کەسانو دامەزراوەکانی تر، کە هەمان بیرکردنەوەیان هەبووە بەرەو نەمان رۆیشتن.

**٦. جەخت لەسەر ڕەوشتی ئارام گرتن، گرنگی ئەم ئاکارە لای هەمووان.**

**٧. لەکاتی ئەرك پێ سپاردنو کارکردنو کارکردن لەگەڵ کەسانێ کە بەڕەفتاری لەسەرخۆو پشوفراوانی ڕاهاتوون کۆبکرێنەوە.**

**٨. چالاکیو خوێن گەرمی ئەندامان ئاکارێکی پێویستو بنچینەییە، بەڵام پێویست دەکات ژیری لەگەڵدا بێت.**

**......................**

## **١٤. خاوەن گفتوگۆی لابەلا:**

**تونای گفتوگۆی باشی هەیە لەگەڵ ئەملاوئەولای یان بەرامبەرەکەی. توانای ئاخاوتنی باشی هەیە لەگەڵ دوو تا سێ لەبەشداربوانی کۆبونەوە بەیەکەوە.**

**مەترسی ڕووبەڕووبونەوەی جەماوەری هەیە ئەگەر داوای قسەکردنت لێ کرد بەئاشکرا، یان بیروڕای خۆی دەربڕێ، لەوکاتەدا زمانی تێك دەئاڵێتو داوای لێبوردنت لێدەکاتو پێی باشترە کە گفتوگۆی لابەلا بکرێت بەشێوەیەك دەتوانێ بیروڕای خۆی بگەیەنێتە هەموو بەشداربوانی کۆبونەوە.**

### **ئەم ئەندامە پێویستی بە:**

**ـ زانینی هۆیەکانی گفتوگۆکردنی لابەلا ئایا لەبەرئەوەی:**

**١. خاوەن بیروبۆچوونێکە بەپێویستی دەزانێ کە ببێتە بیروڕایەکی گشتی، پێش بەرچاوخستنی بۆ گفتوگۆی بەشداربوانی کۆبونەوە. لێرەدا داوای لێ بکە کە بیروبۆچوونەکانی بەرچاو بخات تەنها بۆ یەك جار. مافی خۆی لەکاتی گفتوگۆکردنی نوێ وەردەگرێت.**



**٢. مەترسی ڕووبەڕووبونەوەی هەموو بەشداربوانی کۆبونەوەی هەیە بەیەکجار، لەگفتوگۆی لابەلا شارەزایی باشی هەیە. فێربکرێت کە بیروبۆچوونی خۆی بەرچاو بخات، هان بدرێت تا فێری ئەم کارە بێت.**

**٣. حەزی لەم جۆرە گفتوگۆیانە هەیە، لەم کاتەدا:**

*** بێ دەنگبە بەتەواوی تا لەگفتوگۆ لابەلاکەی دەبێتەوەو تۆش بەزەردەخەنەوە بەرامبەریت، پاشان بەخۆیو ئەوەی قسەی لەگەڵ دەکات تێیان بگەیەنە کە بێ دەنگی تا ئەوان لەگفتوگۆی خۆیان دەبنەوەو پاشان تۆ دەست بەئاخاوتنی خۆت دەکەیت.**

*** ئەگەر بەردەوام بوو لەسەر گفتوگۆ لابەلاکەی یان گەڕایەوە سەری جارێکی تر، تۆ لەقسەکردن بوەستەو سەرنجی بەشداربوانی کۆبونەوە بۆ لای ئەوو هاوڕێکەی ڕاکێشە، پێی بڵێ ماوەیەکی کەم دەوەستین بۆ بەشدارییەکی هێمنانە لەو گفتوگۆ لابەلایە بۆ ئەوەی سوود لەم هاوڕێیەو لەبیروبۆچوونەکانی وەربگرین ئەگەر بێ دەنگ بوو لەگەڵ هاوڕێکەی بەپەلە بگەڕێوە سەر بابەتەکەی خۆت، ئەگەر شیاو نەبوو، لەگەڵ ئامادەبوان تووشی گفتوگۆی لابەلای کردن، پێی بڵێ کە گوێیان لێتان دەبێت، بەڵام پاش کۆتایی هاتن بەو بابەتەی کە لەبەردەستە.**

*** ئەگەر ئەو ڕێگایانەی پێشوو سوودی نەبوو، ئەوا ئاگادارییەکی سەرەتایی بکەوە کە گفتوگۆی لابەلا لەکۆبونەوە ڕێگای پێ نادرێت.**

*** ئەگەر ئەو ئاگادارییە سەرتاییە کاریگەر نەبوو ئەوا ئاگادارییەکی کۆتایی ئاڕاستە بکەو پێی بڵێ ئەگەر ئارەزووی گفتوگۆی لابەلای هەیە ئەوا دەتوانێت لەگەڵ هاوڕێکەی بچێتە دەرەوەو گفتوگۆیان کۆتایی پێ بهێننو پاشان بگەڕێنەوە. (بەڵام بەشێوەیەکی هێمنو بەزەردەخەنەوە).**

ئەگەر بێ دەنگ بوو ئەوا باشە، ئەگەر دەرچووە دەرەوەو پاشان گەڕایەوە، بەهەموان بڵێ کە گفتوگۆی لابەلا ڕێگای پێ نادرێت لەکۆبونەوەکانو لەسەر هەموانە پابەندبن بەم شێوازە ئەگەرنا ئامادەنەبونیان باشترە.

....................

## ١٥. بێ بەرگەیی بەرامبەر بیروڕای جیاواز:

ڕەفتاری ئەم ئەندامە لەکۆبونەوە:

* بەهیچ بیروڕایەکی تر ڕازی نابێت کە پێچەوانەی بیروڕای خۆی بێت.
* لەکاتی گفتوگۆ قسە بەبەرامبەرەکەی دەبڕێتەوە ئەگەر ناکۆك بوو لەگەڵیدا.
* هەڵدەچێتو توڕە دەبێت لەگوێگرتنی هەر ڕایەکی پێچەوانە.
* جەخت لەسەر لایەنە لاوازەکانی بیروڕای دژەکەی دەکاتو بایەخ نەدان بەلایەنە باشەکان.
* دان بەهەڵەی خۆی دانانی ئەگەر بەرچاویش بێت.
* زۆر بەبیروباوەڕەکانی خۆی دەنازێ کە دەری دەبڕێ.
* بەگومانە بەرامبەر هەرکەسێ بیروڕای ناکۆکی هەبێ بەرامبەری.
* حەزی لەگفتوگۆی بێ بەرە.
* بێزار دەبێ لەسەرۆکی کۆبونەوەو پێی خۆشە لەجێگای خۆی دووری دەخاتەوە ئەگەر بیروڕاکانی دژی ئەوبوو.



**ئەم ئەندامە پێویستی بە:**

- فێربوونی ڕێسای جیاوازی لای.
- جەخت لەسەر ئەوەی کە هەموو جیاوازییەك بەدگۆ نییە، ئەگەر مەبەستەکەی پەرەسەندنی کارەکە بێت ئەوە جیگای ڕەزامەندییە، ئەگەر مەبەستی تۆڵە سەندنەوەی کەسێتی بێت ئەوا جێگای گازندەیە.
- ڕاهاتن لەسەر واتاکانی ئارام گرتنو بەزەیی پیاهاتنو ڕەوشت جوانی.
- دەربڕینی بیروڕای باشو ئاشکرا.
- ڕاهاتن لەسەر ڕێگاپێدان بەگفتوگۆو ڕادەربڕینو گوێ ڕاگرتن بۆ هەموان.
- بەرچاوخستنی هەندێ نمونەی بەرچاو لەسەر بەرگەیی لەبیروڕای جیاواز، بەتایبەتی ئەگەر نموونەکان لەناو کۆبونەوەدا بێت.
- ڕاهاتن لەسەر ئەوەی کە بیروڕای جیاواز لەبەهاو بایەخی کەس کەم ناکاتەوە.
- ڕاهاتن لەسەر پێوەنەنازین بەبیروڕا.
- فێربوون لەسەر بەرگەیی لەڕاستی بیروڕای جۆراوجۆر.

....................

## ١٦. هەستیار:

ئەم ئەندامە لەکۆبونەوە:

* زیادەڕۆیە لەهەستەکانی بەرامبەر ئەوانی تر، تێگەیشتنی کاروبارەکان بەشێوەیەکی خراپو دوور لەڕاستی.
* وشەو دەستەواژەو کارەکان زیاد لەپێویست لێك دەداتەوە.
* بەدگومانە بەرامبەر بەشداربوانی کۆبونەوە.
* بەپەلە هەڵدەچێت بەرامبەر بەئاخاوتنو کردەوەکان.

* بەرگەگرتنی لاوازەو بەپەلە هەڵدەچێت.
* رەخنەی زۆرە.
* حەزی لەدوورەپەرێزییەو دوور دەکەوێتەوە لەگوێ راگرتنی بەشداربوان.
* زۆر بەکێشەو ململانێیە لەگەڵ ئەندامانی ترو قسەیان پێ دەبڕێتەوە.
* بەردەوام خۆی بەڕاست دەزانێ.
* رادەبینێ کەس بایەخ بەخۆیو کێشەکانی نادات.

ئەم ئەندامە پێویستی بە:

ـ روونی وشەو دەستەواژەکان بەجۆرێك سەرلێ تێکدانی تیادا نەبێتو بواری لێکدانەوە هەڵنەگرێت.

ـ داکۆکی کردن لەسەر ئەوەی کە دەرفەت بدرێت بەهەموان بۆ دەربڕینی سەرنجو بیروڕاکانیان دەربارەی کاری پێویست یان ئەرکی پێ سپێراو.

ـ بەکارهێنانی شێوازی لێك ئاشکراو شارەزا بەیەکتربوون لەهەموو کارو بارێکی پەیوەندار.

ـ هەڵبژاردنی وشەو زاراوەی جوانو باش لەگفتوگۆکردن لەگەڵیدا.

ـ پێ سپاردنی هەندێ ئەرك کە لەماوەیدا باوەڕ بەهەموان پەیدا دەکات، وا هەست دەکات کە کەسانێك بایەخی پێ دەدەن.

ـ رەخنە نەگرتن لێی لەبەردەم کەسانی تر.

ـ پرسیارکردنی بەردەوام لەخۆیو بایەخدان بەهەندێ کێشە تایبەتیەکانی کە بەرەو رووی دەبێتەوە لەژیانیداو دۆزینەوەی رێگاچارە بۆی.

......................



## ١٧. هەموو شتێ دەزانێ:

رەفتاری ئەم ئەندامە لەکۆبونەوەدا:

* واپیشان دەدات کە هەموو شتێ دەزانێو لەسەر هەموو شتێ.
* زۆر شانازی بەخۆیەوە دەکات.
* کۆمەڵایەتیو چالاكو بەکردەوەیە.
* دەیەوێت بیروڕای خۆی بسەپێنێ.
* زانیاری زیاتری هەیە دەربارەی کاروباری جۆراوجۆر.
* خۆی هەڵدەکێشێ بەزانیارییەکانی.
* گومان کردن لەقسەکانی لاپەسەند نییە.
* وەڵامی بۆ هەموو پرسیارێك هەیە.
* ژیرییەکی بەرزی هەیە بۆ خۆ رزگارکردن لەو گێژاوەی تووشی دەبێت.
* بەزۆری زاراوەی وەك: من، بیروڕام، رای راست، بەکاردەهێنێ.

## ئەم ئەندامە پێویستی بە:

ـ داوای بیروبۆچوونی بکە پێش ئەوەی خۆت یان ئەندامانی تر پێشنیارەکانتان بەرچاو بخەن.

ـ گوێ بگرە لەهەموو ئەوانەی دەری دەبڕێ بەوردی، ئەگەر ویستت قسەی پێ ببڕیت داوای مۆڵەتی لێ بکە لەپێشداو داوای روونکردنەوەی زیاتری لێ بکە دەربارەی قسەکانی یان پرسیاری ئاڕاستە بکە دەربارەی بەراوردی ئەنجامەکان یان هەربارێکی تر.

ـ خاڵە لەبارەکانی ئاخاوتنەکانی وەربگرە، سوپاسی خۆتی بۆ دەربخەو متمانە بکە سەر وتەکانی بۆ تەواوکردنی بابەتەکە لەگەڵ ئەندامانی تر.

ـ لەبارێکدا چەند باسێکی بەهەڵە بەرچاوخست پێی مەڵێ ئەمە هەڵەیە بەڵکو زانیارییە راستەکان ئامادە بکەو بەرچاوی بخە بێ رووبەڕووبونەوە لەگەڵی، پێشنیار بکە بۆ گوێڕاگرتن لەبیروبۆچوونی جیاواز.

ـ ئەگەر ویستی لەهەڵوێستێکی نالەبار خۆی رزگار بکات رێگای بدە، ئەگەرنا دەبێتە هۆی وێرانکردنی ئەو هەڵوێستەو تۆڵەسەندنەوە لەتۆ.

ـ رێگای مەدە رات کێشێتە ناو گفتوگۆی لابەلا تا زانیاریەکانت بۆ دەربخا، ئەمە دەبێتە هۆی بەفیڕۆدانی کات.

## ١٨. سستی لەجێبەجێ کردنی ئەرکەکان:

رەفتاری لەکۆبونەوەدا:

ـ دوادەکەوێت لەجێبەجێکردنی ئەرکەکان.

ـ بەردەوام مێشکی پڕەو خەیاڵی رۆیشتووە.

ـ رەخنە زۆر دەگرێت، ئەوەی دەوترێت پەسەندی ناکات، ئەرکەکان بەنارەزایی جێبەجێ دەکات.

ـ خاڵە لاوازو کەموکورتیەکانی ئەوانی تر بەرچاو دەخات، تا هۆیەکانی سستی لەجێبەجێ کردنی ئەرکەکان دەربخات.

ـ بەردەوام خاوبونەوەیەکی هەیەو ئامادەیی نییە بۆ وەرگرتنی ئەرکەکان.

ـ ژیانی پڕە لەگێژاوو نارێکی.

**ئەم ئەندامە پێویستی بە:**

* بەدواداچوونێکی بەردەوام لەلایەن سەرۆکی کۆبونەوە بەتایبەتی کاتێ بیرو هۆشی دەڕوات، تا بیگەڕێنێتەوە بەشێوەیەکی جوان بۆ ناو کۆبونەوەکەو بەردەوام



بوون لەگفتوگۆکردن بەورەیەکی بەرزو چالاکی، ئەمەش دەکرێت لەماوەی پێشکەشکردنی هەندێ خواردنو خواردنەوە بێت.

* بەدواداچوونێکی بەردەوام بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ئەگەر بەئەرکێك راسپێردراو بەباشی زانیو جێبەجێی دەکاتو بەرچاوی کۆبونەوەی داهاتووی دەخات، دەکرێت لەم ماوەیەدا بەدواداچوونت بۆی هەبێو پرسیاری لێ بکەیت وەك:

ئایا ئەو ئەرکەت جێبەجێ کرد کە لەکۆبونەوە پێش چاوی دەخەیت؟

ئەگەر تەواوی نەکردبوو پرسیاری لێ بکە:

چۆن دەتوانم هاوکاریت بکەم بۆ کۆتایی پێ هێنانی تا ئامادەبیت بۆ کاتی کۆبونەوە؟

ئەگەر خۆت کاتت نەبێ بۆ بەدواداچوونی، دەکرێ کەسانی تر راسپێریت بۆ ئەو مەبەستە.

* رازی بکە بەگرنگی رۆڵی لەدامەزراوەکە، کە ئەگەر ئەو ئەرکەی پێی راسپێردرابوو جێبەجێی بکات.

* هاوکاری بکە لەرێکخستنی کاتی، رزگاربوون لەو گێژاوە کاتیەی تیادا دەژیت.

* زیاد لەتوانا ئەرك مەخە ئەستۆی، رەنگە هۆی سستی لەجێبەجێکردنی لەئەنجامی زۆری ئەرکەکان بێت، یان بێ باوەڕی بەئەنجامەکانی، هەوڵبدە باوەڕی خۆتی لا بچەسپێنی.

* دۆخی ئەو ئەندامە رەچاو بکە، ئەوەندەی ئەرك پێ بسپێرە کە لەگەڵ دۆخو باری ژیانی بگونجێ.

# بەشی شەشەم

چۆن ڕەفتار دەکەیت کاتێ ... ؟

# ٢٩ کێشە لەپشتەوەی کۆبونەوەکانمان

چالاکیەکانی کۆبونەوە دەستی پێ کرد، بەڵام هەندێ کاروبار روویداو سەری لێ شێواندی کە چۆن چارەسەری بکەیتو هەڵسوکەوتێکی دروستو بەکارت هەبێ بەرامبەری، ئەم هەڵسوکەوتە لەسەر زۆر کاروبار دەوەستێت، بێ گومان هەندێکیان پەیوەستە بەجۆری کۆبونەوەو بەشداربوانو بەشوێنو کاتی ئەم کۆبونەوەیە سەرەڕای زۆر هۆکاری تر.

ئێستا لەگەڵ ئەم کێشانەی توشت دێن:

١. بەر لەدەست پێکردنی کۆوبنەوە بەماوەیەکی زوو گەیشتیە شوێنی کۆبونەوەکەی کە خۆت سەرۆکایەتی دەکەیت. جێگای کۆبونەوە سەرنجی راکێشایت کە پێویستی بەڕێکوپێکی هەیە بەجۆرێکی تایبەت تا کۆبونەوەکە سەرکەوتوو بێت، سەرەڕای ئەوەی جێگاکە بەم شێوەی ئێستا دەکرێت کۆبونەوەی تیا ببەسترێت، بەڵام تۆ لەسەر ئەم جۆرەی پێت باش نییە.

دەکرێت لێرەدا یەك لەکارمەندانی ئەوجێگایە (ئەگەر کۆبونەوەکە لەدەرەوەی ئۆرگانەکە بوو) هاوکاریت بکات، یان یەك لەهەڤاڵانی هاوکارت بن بۆ رێکوپێك کردنی جێگاکە بەو شێوەیەی تۆ دەتەوێت، بەخۆت دەتوانیت کارەکە هەڵسەنگێنیت کە ئایا بۆت دەکرێت جێگاکە چاك بکەیت بەو شێوەیەی دەتەوێتو بەمتمانە کردن تەنها لەسەر خۆت.

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە: ئایا بۆ خۆت تووشی ماندووبوونی جەستەیی دەکەیت کە دەکرێت کۆبونەوەکە ببەسترێت بەو بارەی ئێستای جێگاکە وەك بنەمایەك جەخت لەسەر دۆخی ئێستا بکەو چۆن لەکاریگەری زیاد دەکەیت. بیر لەو



گۆڕانکاریە مەکەوە کە بەهیوای تەنها لەبارێکدا بووە هۆی سەرکەوتن لەبەڕێوەبردنی کۆبونەوە.

٢. تۆ سەرۆکی کۆبونەوەیەك بوویت پێشتر جەخت لەسەر ئامادەبوونی هەموو بەشداربوان دەکرد کە پێش دەست پێکردنی کۆبونەوە ئامادەبن.

بەڕاستی هەشت کەس ئامادەبوو، دوو کەس ئامادەنەبوونو کەس لەهۆی دواکەوتنیان ئاگادار نەبووە.

داوات لەکارگێڕی کۆبونەوە کرد کە پەیوەندیان لەگەڵ بکات هیچ شوێنەوارێکیان دیارنەبوو نزیکەی دە خولەك زیاتر لەسەر کاتی کۆبونەوەکە تێپەڕبوو، دەکرێت کۆبونەوەکە دەست پێ بکەیت لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەی ئامادەبوونە ئەگەر بابەتەکانی کۆبونەوەکە پەیوەندی نەبوو بەو دوو کەسەی ئامادەنەبوون، یان دەکرێت بەرنامەی کۆبونەوەکە بگۆڕیت ئەگەر پەیوەندی بەنەهاتووەکانەوە بوو. بۆ ماوەی پێنج خولەکی تر چاوەڕێیان بکە، ئەگەر کەسیان ئامادەبوو ئەوا زۆر باشە، ئەگەر ئامادەنەبوون بگەڕێوە سەر بەرنامەکەت، ئایا دەتوانیت گفتوگۆی لەسەر بکەیت بەبێ ئەو دوو هەڤاڵە؟ ئەگەر بۆت نەکرا ـ دەکرێت کۆبونەوەکە دوابخەن بەهۆی ئامادەنەبوونیان، ئەگەر ئامادەش بوون ئەوا دەست بەکۆبونەوەکە بکە یەکسەر، بەڵام ئەوە لەبیر مەکە کە سزایان لەگەڵ بەکاربهێنی، ئەم لایەنەش پەیوەندی بەخۆتەوە هەیە کە بە چ جۆرێك رەفتاری ئەو سزادانەیان لەگەڵ دەکەیت.

٣. لەکاتی کۆبونەوە بابەتێکت بەرچاوخست بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەنێوان ئەندامانی، بەڵام بێ دەنگیەکی تەواو خۆی سەپاندو کەس لەگەڵتدا کارلێکردنی نەبوو لەسەر ئەم بابەتە.

دەکرێت دەربارەی بابەتەکەو بۆ هەموان پرسیارێك ئاڕاستە بکەیت وەك: تێڕوانینتان چییە دەربارەی ..........؟) ئەگەر گفتوگۆیەکت بینی جێگای ڕەزامەندی نییە، دەکرێت پرسیارەکە بەشێوەیەکی تر ئاڕاستەی یەك لەبەشداربوان یان ئەوەی پەیوەندی بەبابەتەکەوەهەیە دەربارەی بیروبۆچوونیو کارتێکردنی ئەو لەسەر کارەکەی...... ئەگەر ئاوێتەبوونێکت لێی نەبینی دەکرێت پرسیارێکی تری دیاریکراو بۆ هەموو بەشداربوان ئاڕاستە بکەیت، ئەویش:

بۆ بەشداری من ناکەن لەم گفتوگۆیەدا؟ ئەگەر هیچ وەڵامیان نەبوو، پرسیارێك ئاڕاستەی یەك لەبەشداربوان بکە بۆ بەشداری گفتوگۆیەکە ناکات دەربارەی بابەتی دیاریکراو. چاوەڕوانی وەڵامەکانیان بکە، ئەگەر وەڵامەکانیان ژیرانە بوو ئەوا کۆتایی بەگفتوگۆکردن بهێنە لەسەر بابەتەکە وە ئەگەر تەماشات کردکە بابەتەکەت بەشێوەیەکی هەڵە بەرچاوخستوە، بۆیە بیروڕای هەڵە هەبووە دەربارەی بابەتەکە. ئەوا چەمكو بیروبۆچوونەکانت ڕاست بکەوە.

٤. تێبینی دەکەیت لەکاتی کۆبونەوە کە سیمای بەشداربوان بێ بایەخە لەگوێگرتن یان ئاگاداربوون دەربارەی قسەو ڕووداوەکانی ناو کۆبونەوەکە، ئەم دیاردەیە پێشتر نەبووە، دەکرێت پرسیار لەخۆت بکەیت:

* ئایا ئاخاوتنەکەت لەسەر یەك شێوازەو گوێگر تووشی بێزاریو بێ توانایی دەکات؟ بۆیە باشتر وایە جۆری قسەکردنت بگۆڕێتو شێوەی گفتوگۆکانت سەرنج ڕاکێش بێت.

* ئایا ئامادەبوان تووشی ماندووبوون هاتوون پاش ڕۆژێکی درێژ لەکۆبونەوە؟ کاتی کۆبونەوەکە بگۆڕە تا چالاکیو زیندوویی بگەڕێتەوە بۆ ئەندامان.



* ئایا بەرنامەی کاری کۆبونەوە زۆر پڕبوو تا بەشداربوان بێزار بوون؟ ماوەیەك پشوو وەربگرە ئەگەر ئەمەت پێ باش بوو، یان کۆتایی بەکۆبونەوەکە بێنەو دوای بخە.

* ئایا بەشداربوان پێویستیان بەوروژاندنو ورە بەرزکردنەوە هەیە؟ چییە ئەو جۆرە وروژاندنە، نوکتە، قسەی خۆش، خواردنێکی سووك، جۆرە باسێکی سەرکەوتوو نایاب. بزانە چی هانیان دەدات پێش کۆبونەوەکە، ئەگەر ساردبونەوە هانیان بدە.

٥. یەك لەبەشداربوانی کۆبونەوە پرسیارێکی لێکردی دەربارەی بابەتێك، بەڵام وەڵامەکەی نازانی، بێ دەنگ بوویو نازانی چی وەڵام بدەیتەوە.

پێویستە لەبێ دەنگیت دەرچیتو بڵێی:

لەڕاستیدا من وەڵامی ئەم پرسیارەم پێ نییە، بەڵام بەڵێنت پێ دەدەم کە بگەڕێم لەم کارەو بەکۆششەوە.

دەکرێت پاش ئەوە، یان پێش ئەو وەڵامە، تۆ پرسیار لەو ئەندامە یان لەبەشداربوانی کۆبونەوەکە بکەیت کە ئایا وەڵامی ئەم پرسیارەیان لایە، ئایا ئەم پرسیارەی بۆچی کردوە، چۆن دەکرێت سوودی لێ وەربگرین لەبواری باسەکانمان.

٦. بڕیار وایە ماوەیەك پشوو بدرێت لەناو کۆبونەوەکەدا، کاتی پشودانەکە هاتو تۆش لەگەڵ ئەندامانی تر لەباسو گفتوگۆیەکی گەرمدان دەربارەی بابەتێکی زۆر گرنگو پێویست بەتەواوکردنی دەکات ئێستا نەك پاش ماوەی پشودان. بەڵام یەك لەبەشداربوان ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە کاتی پشودانەکە هاتووەو لەمەوە گفتوگۆ لەنێوان ئامادەبوان دەستی پێکرد دەربارەی تەواوکردنی یان تەواونەکردنی باسەکە.

دەكرێت یەكەم جار پرسیار لەئامادەبوان بكەیت كە ئایا پێیان باشە پشو بدەن‌و پاشان بابەتەكە تەواو بكرێت یان بابەتەكە تەواو بكەین‌و پاشان پشو بدەین.

ئەگەر بەگشتی رازی بوون لەسەر تەواو كردنی گفتوگۆ كە ئەوا پەلە بكرێت بۆ تەواوكردنی، ئەگەر هەندێ خۆڕاگربن ئێستا بەپەلە بابەتەكە كۆتایی پێ دێنین‌و پاشان پشو دەدەین.

وە ئەگەر زانیت گفتوگۆكان زۆر دەخایەنێت ئەوا باشتر وایە پشو بدەن‌و پاشان دەست پێ بكەنەوە، بەڵام بەمەرجێ لەكاتی دەست پێكردنەوەی گفتوگۆكان كورتەی باسەكەو گفتوگۆكان بەچی گەیشت دووبارە بكرێتەوە.

٧. لەیەك لەكۆبونەوە ناچارییەكان سەرۆكی كۆبونەوە داوای بەشداری كردنی تۆ لەبەندەكانی، لەبەر ئەوەی هیچ بەرنامەیەكی ئاشكرای كاری كۆبونەوەو كاتی كۆتایی هاتنی كۆبونەوە دیار نەبوو، داوات لێ كرد بەرنامەی كاری كۆبونەوەو كاتی دیاریكراو بۆ كۆتایی هاتنی كۆبونەوە دیاری بكات.

بەم داواكاریە زۆری پێ تێكچوو بەلادانی دانا لەڕێسای كۆبونەوەو یەك دەنگی، دۆخی ناو كۆبونەوە زۆر تێك چوو، هیچ ڕێگایەك لەبەردەم چاككردنەوەی ئەو دۆخە نەما كە هەموو بەشداربوانی كۆبونەوەی گرتەوە بەهەردوو لایەنی لەبارو نالەبار.

دەكرێت بۆ هەموانی روون بكەیتەوە بەسەرۆكی كۆبونەوە، كە بارێكی بەڵگە نەویستەو بنچینەییە كە هەر كۆبونەوەیەك بەرنامەی كۆبونەوەو كاتی كۆتایی پێ هاتنی دیاری بكرێت تا ئەگەر كۆبونەوەكە ناچاریش بێت تا ئەگەر ئەم داواكارییە جێگای سەخڵەت بوونیش بێت. چونكە هەموو كەسێك پابەندی بەكاروباری خۆیەتی‌و پێویستی بەڕێكخستنی كاتەكانی دەكات بۆ بەجێ گەیاندنی كاروبارەكانی.



٨. وەك باوە كۆبونەوەی ناوەندی فراوان دەبەسترێت‌و بەشداربوانی لەوڵاتانی جۆراوجۆر یان ناوچەو پارێزگاكاندا ئامادە دەبن‌و هەر جێگایەك رەوشت‌و رەفتاری خۆی هەیە. جیاوازی ئەم رەوشت‌و رەفتارانە ئەوە دەگەیەنێ كە هەندێكیان رەنگە بەشداربوونێكی بەكار نەبێت لەكۆبونەوەكە وەك تۆ پێت چاكە یان ئاواتە خوازی، هەروەها بێ دەنگی رەزامەندی‌و نالەباری ئاشكرا ناكات‌و هەروەك یەك دەنگیش ناگەیەنێ.

دەتوانیت بەشداربوانی كۆبونەوە دابەش بكەیتە سەر چەند گروپێكی كار لەنێوان (٣ تا ٢) ئەندام بن، بكۆڵنەوە لەو بابەتانەی تایبەتن بەكۆبونەوەكە.

لێرەدا هەر گروپێكی كار دەتوانێ رای خۆی دەربڕێ بێ ئەوەی كەسێك یان ئەندامێك بەتەنها ببێتە ئەستێرە یان كارتێكردوو لەهەموان، هەروەها هەر گروپێك دەتوانێت بەوپەڕی شەفافیەتەوە بیروڕای خۆی بنووسێت، پێویستە راپۆرتی هەر گروپێكت بەدەست بگات كە هێشتا لەكاتی كۆبونەوەی گشتیدابن.

بەم جۆرە یەك دەنگی جێبەجێ دەبێت‌و بەرپرسیارێتی دیاری دەكرێت‌و هەرلایەك بەشداری كاریگەری بەتوانای زیاتری دەبێت. بەبێ پێویستی بۆ ئاخاوتنی تاك یان بوونی دژایەتیەكی بەهێز لەكێشەیەكی دیاریكراودا.

٩. دەكرێت لەكۆبونەوەكان دەربارەی یەك لەبابەتەكان ململانێ روودات لەنێوان ئامادەبوان. ئەم ململانێیە رەنگە رووبدات لەئەنجامی جیاوازی لەبیروبۆچوونەكان دەربارەی كارو بارو رووداوەكان یان نەبوونی پەیوەندی نێوان بەشداربوان، هەر ئەندامێك ئەوی تر دەبینێ بەشێوەیەكی پەسەند نەكراو، هەروەها رەنگە ئاكامە چاوەڕوانكراوەكان جیاواز بێت، ململانێ بەهۆی ئاكاری خۆپەرستی‌و دەروونی جۆراوجۆر روودەدات، گرنگ ئەوەیە كە كۆبونەوەكان لەژێر سێبەری ئەم ململانێیانە خراپ تێدەشكێت.

سەرەتا دەكرێت تەماشای ململانێیە كە بكرێت ئایا دەربارەی ئامانجەكانەیان جێگرەكان. ئەگەر دەربارەی ئامانجەكانی بوون، ئەوا ململانێیە كە دەربارەی جێبەجێ كردنی ئامانج یان ئاكامی كۆتایی كارەكە دەبێت. ئەگەر دەربارەی (ئەڵتەرناتیڤەكان) بێت ئەو ململانێیە ئەوا لەسەر ئامراز ـ یان رێگا بەكارهاتووەكان بۆ گەیشتن بەئامانج دەبێت.

ململانێ دەربارەی ئامانجەكان دەناسرێت بە:

* دەربارەی ئەو ئامانجانە دەبێت كە پێویستە بەدی بێت.

* لێرەدا پرسیارەكانی دەربارەی ئەقڵانیەت و هۆی بڕیارەكە دەبێت.

* گفتوگۆكان روو لەبژاردنی دەكات لەنێوان (بەڵێ)و (نەخێر) یان (بیكە)و (نەیكە) دەبێت.

* هەوڵەكان بۆ گۆڕینی بەرنامەكە دەبێت.

* ئارەزوویەك دەبێت بەنەگەیشتن بەرێكەوتن.

ئەم ململانێیە دەربارەی جێگرەكان دەناسرێت بە:

* هەموو ئەندامێك رێگاكەی خۆی بەچاكتر دەزانێت لەهی ئەوی تر.

* گفتوگۆكان دەربارەی زانیارییە بەدەستەكان دەبێت وەك: كاتی جێبەجێ كردن، داهاتە بەردەستەكان، هۆیەكانی هەڵبژاردن...

* لێرەدا چەندین بەرنامەی كاری كەسێتی هەیە جێگای كارتێكردن دەبێت.

* لێرەدا ئارەزووی رێكەوتن هەیە ئەگەر ببێتە هۆی دەستكەوت بۆ تاك و ون نەبوونی مافەكان لەماوەی پێك هاتنەكە.

* لەنێواندا رەزامەندییەك هەیە بۆ ئەنجامە كۆتاییەكان.

بۆیە پێویستە لەسەرت بەپەلە ئەو ململانێیە پۆلێن بكەیتە دوو جۆرو پرسیار لەبەشداربوانی كۆبونەوە بكەیت بەم پرسیارانە (یان لەخۆت بپرسیت):



ـ ئایا ئێمە رێكەوتوین لەسەر ئەنجامەكان؟

ـ ئایا ئێمە رێكەوتوین لەسەر هۆیەكان؟

ئەگەر وەڵامەكان بە (بەڵێ) بوو بگەڕێوەو بپرسە:

* بۆ بژاردنەكانمان جیاوازن؟

* ئایا هیچ مەترسییەك هەیە پەیوەست بێت بەجێگرەكان، ئایا ئەمانە جیاوازن؟

* ئایا لێرەدا بەرژەوەندی كەسێتی هەیە زەرەرمەند بێت كە ئەگەر یەك لەجێگرەكان هەڵبژێردرابێ ئەوی تر؟

* ئایا دەتوانین جێگرێكی بەردەست تێكەڵ بكەین یان بگۆڕین.

* ئایا جێگری سەركەوتوو هەیە لەجێگای جێگرەكانی تر؟

* ئایا دەتوانین جێگرێك پەیدا بكەین هەموو لایەك رازی بن لەسەری؟

ئەگەر وەڵامەكان لەسەر پرسیارەكانی پێشووتر بە (نەخێر) بوو بگەڕێوەو پرسیار بكە:

ـ ململانێ لەسەر ئەنجامەكان بۆ؟

ـ كێ خاوەن بڕیارەو بەرپرسە لەئەنجامەكان؟

ـ ئایا ئەنجام گرنگە؟

ـ ئایا دەكرێت ئەو ئەنجامە بەرێگایەكی تر جێبەجێ بكرێت؟

ـ چی وا دەكات كە ئەم ئەنجامە رێكەوێت لەگەڵ بڕیارەكەت یان ئەوی نیازتە بیكەیت یان لەگەڵ پلانێكی ئۆرگانەكە؟

لێرەدا گرنگە:

* پەلە نەكردن لەچارەسەركردنی ململانێكە، رەنگە بابەتەكە دوابخرێت بۆ كۆبونەوەیەكی داهاتوو، گرنگ وردبینیە.

* گوێ لەهەردوولا بگرەو لایەنگیری هیچ لایەکیان مەکە.

* ئەگەر سەرەتایەکی هەڵەت هەڵبژارد بەوە ململانێکە زیاتر گڕ دەگرێت.

١٠. سەرۆکی کۆبونەوە یان یەك لەئامادەبوانی، سەرنجی بەشداربوانی وروژاند بەباس کردنی هەندێ کێشەی تایبەتی بەتۆوە، بەڕادەیەك خودی دەرونی وروژاندو هیچ وەڵامدانەوەیەکت بۆی نەبوو تەنها هێرش بکەیتە سەری هەرچی بێت پلەوپایەی یان بارودۆخی. وەك بنەمایەك لەو بوارو هەڵوێستانەی کە کەسێك مافەکانی کەسێکی تر پێشێل دەکات سێ رەفتار هەیە پێویستە یەکیان پیادە بکەیت لەوانە:

أ ـ یان ملکەچو خۆبەدەستەوە بداتو وای لێ دێت کە بەندی دەروونی خۆی بێتو لەململانێیەکی بێ دەنگ بژێت.

ب ـ یان دەبێتە شەڕفرۆشو بەتوندی تۆڕە دەبێت، ئەم کارەش ڕێزی لای ئەوانی تر لەدەست دەداتو رەنگە گران لەسەری بوەستێ.

ج ـ یان خۆڕاگر دەبێتو زاڵ دەبێت بەسەر ئارەزووەکانیو ئەوەی دەیەوێت بەدەستی دێنێت. لێرەدا دەکرێت یەکیان هەڵبژێری، ئەگەر سێیەمت هەڵبژارد کە ئەویش زاڵ بوونە بەسەر ئارەزووەکانتو بۆ ئەوەی هەلت بۆ برەخسێو ئەوەی مەبەستتە بەدەستی بێنی، پێویستە رەفتارت بەم شێوەیە بێت:

ـ رەفتارە ناشرینەکە باس بکە بێ بریندارکردنی یان ئازاردان، بۆ ئەو ئەندامەی کۆبونەوەکە روونی بکەوە کە ئەم رەفتارەی دەست درێژییە بەسەر بەرژەوەندییە تایبەتیەکان.

ـ ئەنجامی ئەم رەفتارەی بەوە باس بکە کە بریندارکردنی تۆیەو هەست بەخەمگینیەکی زۆر دەکەیت.



ـ بۆی باس بکە بەپێی تواناو بێ سووربوون لەسەر ئاکامەکانی کردارەکەی کە تۆ تا ماوەیەکی دوورو درێژ بەتوڕەییو نارەزایی دەمێنێتەوە تا بارەکە ئاسایی دەبێتەوە لەنێوان تۆو ئەو، بێ گومان کارکردنیش کارتێکردوو دەبێت بەم هەڵوێستە کە ئەمەش لەدەرەوەی ویستی تۆیە.

ـ دەست درێژی مەکە سەر ئەوانی ترو بێ دەنگیش مەبە. چەندی داکۆکیت لەسەر مافو ئارەزووەکانت کرد، بەمە نەك تەنها گۆڕان لەرەفتاری بەشداربوان ناکەیت بەڵکو لەهەمان کاتدا پەیوەندییەکان بەهێزو پتەوتر دروست دەبنو هاوکاری زیاتر لەنێوان بەشداربوان پەیدا دەبێت.

١١. بەردەوام یەك لەبەشداربوانی کۆبونەوە دەبێتە هۆی توڕەبوونت بەهەڵسوکەوتی لەناو کۆبونەوە بەهۆی ڕێزنەگرتنی لەوانی تر، یان ببێتە هۆی دڵتەنگیو گاڵتەپێکردنیان. مەترسی ئەوەت هەیە بگەیتە قۆناغێك خۆڕاگرتنو ئارامیت لەدەست بدەیتو بتەقیتەوە بەڕوویداو ئەوەی لێی دەترسی رووبدات. دەکرێت توڕەییت بەرامبەر ئەم ئەندامە دەربڕی، ئەگەر بەم کارە هەڵنەسێ ئەوا دڵتەنگیەکە لەدەروونتدا دەمێنێتەوەو کۆتایی پێ نایەت. ئەو ڕێگایەی کە رێگر دەبێت لەبەردەم توڕەبوونت، ئەوەیە لەکاتی توورەبووندا بەدروستیو لەبار مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت، بۆیە پێویستە توڕەییەکەت لەسەر رووداوەکان بێت نەك لەسەر کەسەکە، ئەگەر توڕەییەکەت بەرەو کەسەکە بێت ئەوا ئەویش کاردانەوەی دەبێتو ئەمەش ئاکامی خراپی لێ پەیدا دەبێت.

ئەو شێوازەی ڕێگا لەم بارە دەگرێت ئەوەیە کە کەسەکان لەبابەتەکە دوور بخرێتەوەو بایەخ بەڕووداوەکان بدەیت بەچاوپۆشین لەو کەسەی بەو کارە هەستاوە بۆ ئەوەی ئاگرەکە بکوژێتەوە، بۆی روون بکەوە کە تۆ لەو توڕەنیت، بەڵام لەقسەو کردەوەکانی توڕەیت.

١٢. هەست دەكەیت كە لەماوەی كۆبونەوەكان ئامادەبوونت لای هەموان پەسەند نییە (بەشداربیت یان سەرۆكی كۆبونەوە) هەرچەند هەوڵی ئەوەت داوە كە جوامێرو خوێن سووك‌و راستگۆ بیت یان هەر كارێك لەم بوارەدا دەكەیت بەخراپە دەگەڕێتەوە. سەرەتا پەسەندكردن ئەوەیە رێگا بەوانی تر بدەیت كە خۆیان پێك بهێنن، بەڵام تۆ وەك خۆت بمێنی. پەسەندكردنی كەسانی تر ئەوە ناگەیەنێ كە تۆ خۆشیانت بوێ یان هەرچی دەیڵێن‌و دەیكەن لات پەسەند بێت.

ئەوەندە لەسەرتە كە ئەوی تر والێ بكەیت كە هەست بەوە بكات پەسەند كراوە بەو بارەی، هیچ شتێكی تری لێ چاوەڕوان ناكرێت. بۆیە دەكرێت زیاتر جێگای رەزامەندی بیت لای كەسانی تر كاتێ:

ـ سەرنج مەدە سەر كەموكورتیەكانیان، بەو جۆرەی هەن پەسەندی بكە نەك بەو جۆرەی كە تۆ دەتەوێ لەسەری بن.

ـ تەماشای پەسەندكردنی ئەوانی تر بكە كە بۆ تۆیە، نەك لەسەر تۆ بێت.

ـ سوور مەبە لەسەر ئەوەی كە خەڵكی دەبێت لەهەموو روویەكەوە تەواوبن بێ كەموكورتی.

ـ پێوەری خۆت مەسەپێنە بەسەر كەسانی تر، بۆئەوەی لات پەسەندبن.

١٣. لەكۆبونەوەكاندا وەك ئەندام یان سەرۆك وادەبینم كە زۆر سەركەوتوو كاریگەرم، بەڵام بەردەوام بەشداربوان یەك رستە دووبارە دەكەنەوە (تۆ بایەخ بەو كارە نادەیت كە ئێمە پێی هەڵدەسین) بەڕاستی من زۆرم خۆش دەوێن، بەڵام نازانم چۆن رێزیان لێ بگرم وەك خۆیان باس دەكەن:

یەك لەگرنگترین ئەو شتانەی كە پێویستیت پێی هەیە، هەست كردنە بەرێزلێنان، كە ئەمەش باسی پێزانینی پێ دەكرێت، كاتێ ئەوانەی تر رێزت لێدەگرن، ئەمە دەربڕینە بۆ گرنگیت‌و لەبەهات بەرز دەكەنەوە. تا كرداری رێزلێنان



لەئەندامانی كۆبونەوە لەگەڵتدا ئاسان بێت لەسەرتە ئەگەر بەڕاستی رێز لەكاتی ئەوانەی تر بگریت وەك بەنرخ گرتنی كاتی تایبەتیت، رێگا نادەی بەخۆت كە لەكۆبونەوە دوابكەویت‌و ئەوانەی تر چاوەڕێت بكەن تا كۆبونەوە دەست پێ بكات:

* ناویان بەكاربهێنە لەماوەی گفتوگۆكردن لەگەڵیان‌و چاو لەمە مەپۆشە بەهیچ جۆرێك.

* رەفتارت لەگەڵیان وەك كەسان بێت بەچاوپۆشین لەپلەو رەگەزو پایەی زانستی.

* رەفتارت لەگەڵ هەموان وەك یەك بێت، رەفتارێكی دادوەرانە.

* رێگاكە بەجێ مەهێڵەو ئەوان خەریكی گفتوگۆن، گوێیان لێ بگرە كاتێ قسە دەكەن.

* بایەخ بەشتە سادەكان بدە وەك بۆنە تایبەتیەكان یان باری تەندروستیان، منداڵیان، جل‌وبەرگیان.

* بەردەوام زەردەخەنەت بەرەو روویان هەبێت، گرژو مۆن نەبیت.

..............................

١٤. لەكۆبونەوەدا هەموو تاوانبارم دەكەن بەوەی گفتوگۆكانیان پێ دەبڕمەوەو گوێیان لێ ناگرم‌و بایەخ بەكەس نادەم لەكاتی قسەكردن تا ئەگەر وام بەرچاوخست كە گوێگرم، ئەوا بیر دەكەمەوە كە چی بڵێم لەكاتی گونجاودا.

كێ بەم جۆرە باست دەكات، سەرۆكی كۆبونەوەو هەموو ئەندامان؟ چ سەرنجێكیان هەیە لەسەرم؟

*كاتێ یەكێكیان قسە دەكات تۆ:

ـ بەشوێنەكەدا چاو دەگێڕیت.

ـ پەنجەكانت بەبێزاری دەجوڵێنی.

- پرسیار زۆر دەکەیت.

ئەگەر ئەم قسانەی سەرەوەیان وتبیێت‌و تۆ بەو کارانە هەڵسابیت ئەوا راستیان وتووە، بۆیە دەکرێت چارەسەری خۆت بکەیت بە:

* بەشێوەیەکی چڕ بایەخ بدە بەو کەسەی تر، ئەم بایەخ پێدانە لەماوەی تەماشاکردن بەچاو بەردەوام بێت‌و بۆ ماوەی ٦٠ ـ ٧٠٪ی کاتی گفتوگۆکەی.

* لەسەروچاوت دیاردەکانی بایەخ پێدان دەربڕە.

* سەرو لەشت مەجوڵێنەو لەبارێکی خاوبونەوەدابە.

* بایەخ بدە بەوەی دەوترێت، نەك بیرکردنەوە بەوەڵامدانەوەی چی دەوترێت.

* قسە مەبڕەو یەکسەر هەندێ دەرئەنجام رامەگەیەنە، تا دڵنیا دەبیت کە کەسی بەرامبەرت هەموو قسەکانی تەواو کرد.

* پرسیاری زۆر مەکە تەنها ئەوەی گونجاو بێت.

ئاگاداری بوارەکانی ئاماژە پێکردن‌و زمانی جەستە جولاندن بە تا باشتر روون بێتەوە لات کە ئەو کەسە چی دەڵێت، بەمە کاردانەوەت راست دەبێت‌و لەسەر بنچینەی زانست دەبێت.

١٥. (تۆ تووشی نەخۆشی پەلەکردن بوویت) ئەوانەی بەشداری کۆبونەوەکە دەکەن بەم جۆرە باست دەکەن. بەردەوام پێم دەڵێن: (تۆ بۆ ئەوەندە بەپەلەو هەڵەداوانیت، گرژییەك لەسەر جەستەو دەست‌و پەلت دیارە).

رەنگە بەتەواوی یەك رستەت بۆ تەواو نەکرێت، بەزۆر چەند کارێك بەیەك کات ئەنجام دەدەیت، بەپەلە دەڕۆیت‌و بەپەلە نان دەخۆیت....

دەتوانیت ئەو رێنماییە کاریگەرانە پیادە بکەیت کە پێشتر باس کراون، هەروەها لەیەك کار زیاتر ئەنجام مەدە لەیەك کاتدا، رێگا مەدە قسەت لەگەڵ بکەن، کاتێ



هەندێ راپۆرت دەخوێنیتەوە، لێرەدا نەقسەکان‌و نەخوێندنەوەکە بەتەواوی ئاگادار دەبیت.

ماوەیەك لەبیرکردنەوەو هێمنی‌و رامان بدە خۆت. ئەگەر هەستت کرد کە تورەیی بەدەمارەکانی جەستەتدا هەڵدەکشێ بەهۆی دواکەوتنی کارێك یان کەسێك، دەست بکە بەژمارەکردن تا ..... دە ...... ئەگەر هەستت بەتورەیییەك کرد وا خەریکە بتەقێتەوە، قسە لەگەڵ کەس مەکە یان هیچ کارێك مەکە تا شەپۆلی تورەیییەکەت دادەمرکێتەوە. باشتروایە لەجێگای خۆت بجوڵێیت‌و بەکارێك خەریك بیت، پێویستە ئەو چالاکیانەی سەرەوە بەکاربهێنی تا لەسەر رەفتارێك رابێیت کە بەردەوام دوبارەی بکەیتەوە.

١٦. یەك لەئەندامانی کۆبونەوە بەباشی ئەرکەکانی بەجێ دەگەیەنێت، بەڵام لەکارکردندا شێوازێکی رۆتینی پیادە دەکات. ئەم لایەنەش بەئاشکرا بەدەردەکەوێت لەکاتی بەرچاوخستنی بیروڕای نوێی کارکردن کە بەتەواوی پەسەندی ناکات، تا بنەمای گفتوگۆکردنی لاپەسەند نییەو ئەوەندەی کەموکورتی لێ دەردەخات کە شاراوە بووە لای هەموان.

وا لێکدەرەوە کە تۆ ئەو کەسەی‌و خاوەنی ئەقڵیەتێکی کراوە نیت بۆ پەسەندکردنی بیروڕای نوێ... بەچی هەست دەکەیت لەکاتی باس کردنی هەر نوێکارێك، هەست دەکەیت کە پێویستە هەرچی لەگەڵ بیرت نامۆیە پێویستە بشێوێنرێت.

ئەمە لەبێ باوەڕی بەخۆتەوە پەیدا بووە، چونکە کەسی بێ باوەڕ بەڕەخنەگرتن لەبیروڕای کۆن رازی نابێت، خۆی بەرگەی رەخنەگرتن دەگرێت کە خۆی پاسەوانی ئەو بیرە کۆنەیە، بۆیە بەچاوکراوەیی تەماشای نوێی دەکات بۆ پەسەند نەکردنی

ئێستا دەکرێت ئەو ئەندامە رازی بکەیت کە چۆن بیر لەپەسەند نەکردنی هزری نوێ هەڵگرێت‌و دەست بکات بەسوود وەرگرتن لەو هزرە بەهۆی:

* خۆ رزگارکردن لەو پێشبینیانەی کە متمانە ناکاتە سەر واقیع، کاتێ بەنیازی بڕیاردان بین لەسەر بیرۆکەی کەسێك، پێویستە پێشەکی لەخۆمان بپرسین: چی چاوەڕوان دەکەین لەم بیرۆکەیەو لەخاوەنی بیرۆکەکە؟

ئەمە بێگومان یارمەتیمان دەدات بەگەیشتن بەدیدێکی زیاتر واقیعی بۆ شتەکان.

* تێڕامان بۆ بیرو باوەڕەکان وەك هەل نەك وەك ئەوەی کێشەبن، هەموو بیروباوەڕە (باش‌و خراپەکان) هیچ ئەرکێکمان ناخاتە سەر تا ئێستا تەنها ئەگەر یەك پرسیارمان لێکرا:

ئایا ئەم بیروبۆچوونە مایەی جێبەجێ کردنە یان نا؟

ئەگەر مایەی جێبەجێ کردن بێ ئەوا بێ گومان چاوەڕوانی سوودو تێچوونەکانی دەکەین.

* ئەگەر بیروباوەڕە نوێیەکە پەیوەست بوو بەبیروباوەڕی تری خراپ، ئەوا بیروباوەڕەکە لەوانی ترجیا دەکەمەوە، لای نادەمەلاوە هەر لەبەر ئەوەی هاوبەشە لەگەڵ یەکی تری خراپ.

* دوا پرسیار: چی وادەکات ئەم بیروباوەڕە چاکترنیە، یا جیاواز بێت لەوانی تر؟

ئارام بگرەو پەلە مەکە لەگۆڕانکاری، بەلاّم ئەگەر لەناو ئەو بیروباوەڕە ژیایت ئەوا گۆڕینی لێ دەکەیت، بەلاّم ئاگادار بە تووشی نەخۆشی روتین‌و رازی نەبوون بەنوێکاری نەبێت.

١٧. هەندێ جار خۆت دەبینی رەفتارەکانت، ئەو بڕیارانەی وەری دەگرێت لەسەر بنچینەیەکی سۆز هاتوە نەك ئەخلاقی. هەندێ جار ئەندامانی ناو کۆبونەوە هەمان



رەفتارو کردار وەردەگرن سەرەڕای ئاگاداربوونت بەوەی ئەمە کارێکی دروست نییە، بەلاّم لایەنە دەروونیەکەت زاڵ دەبێت بەسەر لایەنی ئەقڵی‌و ژیری.

بێگومان گوێگرتنمان کاریگەری بەسۆزەوە دەبێت‌و بەپێی هەڵوێست. لایەنی سۆز گوێگرتنمان سەخت یان زۆر ئاسان دەکات. کاتێ ئەقڵ ماوەیەك لە پشودانی ناچاری دەبێت، سۆزەکان وەك (فلتەر) پاڵێوگە کاردەکەن لەوەی گوێمان لێ دەبێت. ئەگەر گوێمان لەشتێك بوو خراپەی بۆ زۆرترین ئەو ئەرکانەی تیادا بوو کە پێویستە پێی هەستین یان ئەو کارانەی لە ناخماندایە، ئێمە ژیرمان بەرەو ئەو بیروباوەڕانە ئاراستە دەکەین کە پشتگیری. سۆزمان بکات دەربارەی ئەو ئەرکە یان ئەو کارە، بۆیە پێویست دەکات کە خۆمان رزگار بکەین لەم کارتێکردنەی بەسۆزە، بۆیە دەتوانیت:

أ ـ دوورکەوتنەوە لەهەڵسەنگاندنی سۆزدارانە، گوێگرتن لەهەموو ئەو خاڵانەی قسەکەر دەربارەی دەدوێت. بڕیار مەدە لەسەر ئەو کارە تا هەموو قسەکانت گوێی لێدەبێت‌و پاشان بگەڕێوەو هەمووی بەسەردا بکەوە. دەتوانیت بڕیاردانت دوابخەیت لەبەر ئەوەی تۆلە ژێر(بەنجێ)کی دەروونی گشتیت. ئەم بڕیارە بۆ کۆبونەوەیەکی تر بێت تا لەو کارتێکردنە بەسۆزە رزگارت دەبێ‌و بەهێمنی‌و ئەقڵانی جارێکی تر بیردەکەیتەوە.

ب ـ بگەڕێ لەو بیرورایانە کە هەڵەکانت دەسەلمێنێ دەربارەی بیرورا سۆزەکەت. بەواتایەك بۆ دەگەڕێیت لەوەی کە پشتیگری تێڕاوانینە بەسۆزەکەت دەکات لەم کارە، بگەڕێ لەوەی پشتگیری لایەنی ئەقلانیت بکات.

١٨. پێویستم بەو ئەندامانە هەیە کە بیروراکانم پشتگیری‌و جێبەجێ دەکەن‌و رەفتار دەکەن وەك ئەوەی ئەو بیرورایانە هی خۆیان بێت، ئایا ئەمە زۆرە؟ من بیرورای نوێ‌و سەرنج راکێشی بەرچاو دەخەم بۆ بەجێ گەیاندی باشترین کردار. بەلاّم

**تووشی گرفتارێکی زۆر دەبم تا جێبەجێ دەبێت، ئەگەر جێبەجێش کرا بەتەواوی ناکرێت، بەردەوام ناڕەزایی هەیە لەسەر هەموو شتێ، ناتوانم بگەمە ڕێکەوتنێك کە هەردوولامان لەسەری رازی بین، لە کۆتاییدا ناچاریان دەکەم لە سەر جێبەجێ کردنی بەپێی سەرۆکایەتیم بۆ کۆبونەوە، ئەوانیش ئەرکەکان جێبەجێ دەکەن، بەلاّم بەناڕەزاییەوە. ئەگەر دەتەوێت ئەندامانی کۆبونەوەکە هەموو داواکاریەکانت جێبەجێ بکەن ئەوا کارێکی زۆر ئاسانە:**

**ـ بەپێی زمانی ئەوان داوا کاریەکانت باس بکە، باسی ئەوە کە کە تۆچ سوودیکت دەسی دەکەوێت، بەڵکوبەو سوودەی ئەوان دەسیان دەکەوێتو بەزمانێکی ئاشکرا.**

**ـ ستایشی بەشداربووانی کۆبونەوە بکە بەڕاستیو مامەڵەت لەگەڵیان نەرم بێتو لە هەموو کاتێکدا.**

**ـ باسی ئەو لایەنە بایەخدارە هاوبەشانەی نێووانتان بکە، سەرکەوتنیان سەرکەوتنە بۆ تۆ، تۆش بەشێکی لە سەرکەوتنیان.**

**ـ گۆی لە نارەزاییەکانیان بگرەو بزانە بۆ؟ چی پێویستە بکرێتو کەی؟ ڕێز لەئارەزووە کەسایەتیەکانیان بگرە.**

**ـ ناڕەزاییو چاکەو کەمو کورتیەکانیان دەربارەی هەمووشتێ گفتوگۆی بکە،بێزار مەبە لەنارەزاییەکانیانو هەر ناکۆکیەك هەیە چارەسەری بکە.**

**ـ ئەگەر نارەزاییەکانیان ئاشکرا نەبوو، یاوای لێنە کردی بیرو رات بگۆڕیت، داوایان لێ بکە (نەك بە فەرمان)کە هەستن بەتاقی کردنەوەی بۆ چونە کانت لەگەڵ جەخت کردن لەسەر ئەوەی کە تۆ دەرگای گفتوگۆ کردن دەکەیتەوە ئەگەر پێویست بێت.**

**ـ ڕێگایان پێ بدە بادەرکەون لەسەر شانۆی ڕووداوەکان .**



**١٩. ناکۆکیەك کەوتە نێوان تۆو یەك لە ئەندامانی کۆبونەوە و بووە هۆی تێکچوونی پەیوەندی نیوانتان، ئەم ڕووداوە کارتێکردنی گەورەی هەبوو لەسەر پلانەکانی کارکردن، بێگومان پێویست دەکات پەیوەندییە باشەکانی نێوانتان جارێکی تر بگەڕێتەوە.**

**سەرکەوتنت لە گەڕانەوەی پەیوەندییە باشەکان لەگەڵ ئەوانی تر پاش تێکدانی بەگشتی دەکەوێتە سەرئامادەبوونت کە هەڵسو کەوتت بەشێوەیەکی سەربەخۆبێتو دوو لە ئەگەرەکانتو دەربارەی بیروڕاو خواستەکانی ئەندامانی تر. ئەوکێشەیە وا تەماشا بکە واتا پەیوەندیە تێکدراوەکان هەلێکە بۆ تۆکە بتوانی ڕێزی ئەوانی تر بۆ خۆت بەدەست بێنیت.**

**وەك بنەمایەك:**

**ئەو ئەندامەی کە هەستیت بریندارکردوە ناکۆك بوون لەگەڵ یەك پێویستی بەکات هەیە بۆ ئەوەی رزگاری بێت لەوەی بەرامبەری کردوتەو بتوانێت لە بیری بکات. پاش ناکۆکیەکە هیچ لێی نزیك مەبەوەو گفتوگۆی توندوتیژ لە نێوانتان روو نەدات و تا جیاوازییە بنچینەییەکە زیاتر توندوتیژ نەبێت جارێکی تر.**

*** دان بەوە دابنێ کەراستەوخۆ تۆ هۆی ئەو کێشەیەی.(لە دەرونی خۆتدا).**

*** بۆ ئەو کارەت کرد؟ ئایا تۆ پێش بینی ئەوەت دەکرد؟ ئایە پێش بینی ڕوودانی دەکەیت جارێکی تر لە ئایندەدا؟**

**ئایا ئەگەر ڕووداوەکە جارێکی بەهەمان سیناریۆ ڕوویدا هەمان هەڵسوکەوت دەبێت؟ چۆن خۆت راست دەکەیتەوە؟**

*** هەستە بەشیکردنەوەی ئەوکێشەیەی کەتۆ هۆی ڕوودانی بوی ئەگەر ناکۆکیەکە لەسەر شێوازی کردارێك بێت کە بەهەڵە پێی هەڵسابیت، ئەوا**

هەڵەکانت راست بکەوەو رێگایەکی تری دروست پیادە بکەو بەرنامەی کارکردنەکەت راست بکەوە.

* پەیوەندی پێوە بکەو داوای لێبوردنی لێ بکە لەسەر ئەو رەفتارانەی بەرامبەری کراوە هیچ بیانووی ئەوەی بۆ مەهێنەوە کە تۆ نەزان بووی یا ماندوو باری دەرونیت باش نەبوە لەو ڕۆژەدا.

* ڕێز لە هەستی بگرەو ئاگاداری بکەوە کە باوە بەتۆ کارێکی گرینگە بۆت.

* داوای بەستنی کۆبونەوەیەك بکەو تیادا گفتوگۆ لەسەر چارەسەر کردنی ناکۆکیە بکە بەو رێگایەی ئەو پێی باشە، تۆ سوودت لەو رووداوە وەرگرت بەجێبەجێ کردن ..........

* پێویست بەچارەسەردەکات بەرێگایەکی گونجاو، ئەگەر نا ئەو برینە یەك ناگرێتەوەو ئەگەر یەکیشی گرتەوە ئەوا بەشێوەیەکی راست نابێت. ئەگەری هەڵوەشاندنەوەی دەبێت.

٢٠. سەرۆکی کۆبونەوە کەسێکی وشك‌و ئاکار رەقە لە کارکردن زیاتر هیچ نازانێ، بواری هەست دەربرینی نیە، دەم وچاوی هەڵچوو توڕەیە، زەردەخنە لەسەر رووی نابینرێت دەچێ بۆ کۆبونەوە وەك ئەوەی ناشتنی تەرمی مردویەکی لەبەردەم بێت.

لە لایەکی ترەوە کەسانی تر دەبینیت ئومێدی کۆبونەوەی بەردەوام دەکەن‌و لەبارێکی دڵخۆشیداو هەست بەکامەرانی ناو کۆبونەوەکانیان دەکەن. بیروڕات چیە بچێتە کۆبونەوەی ئەوانەی هەست بە خۆشی کاتەکانیان دەکەن لە کۆبونەوەکان؟

ئەگەر نەتوانی ئەمە بەشی تۆیە، سەرۆکی کۆبونەوەیەك بەپەرۆش نیە بۆ ئەوانی تر لە ئەندامانی کۆبونەوە. بەڵام هەر چۆنێك بێت هەوڵدە ئەم هاورێیەت بناسیت، رەنگە خاوەن نوکتەیەك بێت یا زۆر دڵ نەرم بێت، بەڵام نازانێ چۆن زەردەخنە



لەسەر رووی دروست بێت، داوای لێ بکە بەیەکەوە بچنە گەشتێك، ئەگەر رازی بوو زۆرشتی سەیر دەبینی، باسی کێشەو دەردو ئازارەکانی خۆیت بۆ دەکات‌و بەدڵێکی فراوانەوە وەری بگرەو هەوڵدە گرێ کوێرەی دڵ بکەیتەوە. ئەگەر رازی نەبوو گەشتەکەت لەگەڵدا بکات، بزانە بایەخ بەچی دەدات، رەنگە وەرزش بێت یا خواردن ... خۆت بگەیێنە نهێینەکانی دڵیەوە، شارەزای بە تا کۆبونەوەکان بە دڵخۆشیەوە بەسەر بچێت.

.................................

٢١. لە کاتی کۆبونەوەدا دەبینی لە لایەن هەندێ کەسەوە ئەندامێکی بەشدار بوو پشتگوێ دەخەن لە قسەو بیروڕاکانی بەڵکو رەنگە هەندێ جار ببێتە جێگای گاڵتە پێکردن. روو دەدات کە ئەم ئەندامە زۆر تەنگاو بێت‌و لە ژێر پاڵە پەستۆی ئەم نالە بارییە داوای بەجێ هێشتنی کۆبونەوەکە بکات.

وەك بنەمایەك:

داوا لەم ئەندامە بکە کۆبونەوە بۆ چەند ساتێك بەجێ نەهێڵێ‌و داوای لێبوردنی لێ بکە لە جیاتی هەموو بەشداربووانی لە وەی کە روویداوە، جەخت لەسەر ئەوە بکە کە روویدا دوبارە نابێتەوە جارێکی ترو بەرامبەر بەو. پاشان تەماشای ئەوانی تر بکەو قسەیان لەگەڵ بکە کە پشت گوێ خستنی هەر بەشدار بوویەك لە کۆبونەوە لە مەرجەکانی سەرکەوتن نیە بە هیچ شێوەیەك، هەروەها ئەم پشت گوێ خستنەو گاڵتە پێکردنە دەبێتە هۆی رێگر لەبەردەم جێبەجێ کردنی ئامانجەکانی ئەم کۆبونەوەیە. بەڵام پێویستە شێوازەکەت لێرەدا لایەنی توند وەربگرێت‌و جەخت لەسەر گاڵتە پێ نەکردن بکات لەگەڵ ئەوانی تر. پاشان روو لەو ئەندامە بکە کە نیازی رۆیشتنی هەبوو، بزانە هەر نیازی رۆیشتنی ماوە، یالێبوردنی ئەوانی پشت گۆیان خست‌و بوونە هۆی ئازاردانی هەستەکانی، دیارە زۆر دڵخۆش دەبن ئەگەر

کۆبونەوەی بەجێ نەهێشت‌و بیروڕای گۆڕی، ئەگەر هەر سوور بوو لەسەر ڕۆیشتن هەستە لەگەڵی تا دەرگاو خوا حافیزی لێ بکە.

٢٢. بەرنامەی کارەکانی کۆبونەوە بەرچاو فراوان‌و ئەرکەکانی کاری پێویست دیاریکراون یەك لەو ئەرکانە پێویستی بەپێکهێنانی تیپێکی کارە لە هەندێ بەشداربوان بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی دیاریکراو. بەڵام کێشەیەك روویدا، بەشێك لە ئەندامانی ئەم تیپە ئارەزوی کارکردنیان نەبووە بە یەکەوە، دۆخەکە گرژ گرت.

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە:

بۆ نەویستنی کارکردن بە یەکەوە؟

* ئایا هیچ ناکۆکیەکی پێشوتر لەنێوان ئەو بەشدار بووانەی تیپەکە هەبوە کە کاریگەری لەسەر دەروونیان هەبێت لە کارکردن بەیەکەو؟

* ئایا لێرەدا هیچ رکابەرییەك لە نێواندا هەبووە، پەیوەندییەکان نالە بار بوونەو بۆتە هۆی ئاڵۆزی دەروونی ؟

* ئایا ئەرکە کە روون نیەو رۆڵی هەر ئەندامێك ئاشکرانیە؟

* ئایا هەندێکیان هەست بەگرینگی ئەم ئەرکە ناکەن؟

* ئایا بەشداربووان لە سەر یەك ئاستی پێگەیشتنی تەواونین؟

*ئایا هۆکاری تر هەیە؟

هۆیەکان بزانەو چارەسەری بکە پێش ئەوەی ئەرکەکەیان پێ بسپێریت، پێویستە چارەسەریەکە بنەڕەتی بێت‌و نەك چارەسەر یەکی شێواوی کاتی.

٢٣. تۆ وەك سەرۆکێکی کۆبونەوە ئەوەی سەرنجتی راکێشا کە ئەندامان کارکردنیان بەو رادەیە نیە کە سەرکەوتن و کاریگەری پێویست بەدی بێنن، کارەکەش بەو جۆرە نەبووە کە تۆ چاوەڕوانی یالێکدانەوەت بۆی بووە کە لە کۆبونەوە کە جێبەجێ بێت.



ئەم کارە لەوە دەرناچێت کە:

ـ ئەو ئەرکەی پێویستە لای ئەندامانی کۆبونەوە ئاشکرانیە یا بەو رادەیە گرینگی نیە لایان.

ـ جیاوازی هەیە لە ئەرکەکانی بەشداربوان بەو رادەیەی کە بێ توانایان دەکات لە تێگەیشتن بە یەکەوە، وەلە دووایدا نەبوونی گونجان لە کۆبونەوە ورێککەوتن لە نیوانیاندا.

ـ بوونی جیاوازی لە شارەزایی بە شداربووان لەدوواییدا نەبوونی هاوسەنگی لە نێوانیاندا.

بۆیە پێویستە لەسەرت:

* بوارەکانی ئەرکە کە بۆ ئەندامان شی بکەوە بەرێگایەکی راست‌و ئەو هۆیانەی وای لێ دەکات کە لە سەر رادەیەکی گەورە گرینگی بێت.

* ئەو کەسانەی بۆ ئەو ئەرکە دیاری دەکرێن بەشێوەیەکی باش بژار بکرێن‌و هاو سەنگیەك هەبێت لە نێوان فەرمان‌و کارامەییەکان کە ئەندامان بەباشی دەزانن تا گونجان‌و رێککەوتنی پێویست رووبدات.

* راهێنانیان لەسەر کاری بەکۆمەڵ.

٢٤. دوو لە ئەندامی کۆبونەوە ناکۆك بوون دەربارەی چالاکی سەرکردەی کارتێکر دوو لە بەرێوەبردنی کۆبونەوەکان. لێرەدا تێڕوانینی جیاواز هەبوو تا رێژەیەك. بۆیە بڕیاری پەنابردنیان بۆ تۆ هێنادەربارەی ئەو ئاکارانەی پێویستە لە سەرکردەی بەتوانادا هەبێت بۆ رابەرایەتی کردنی کەسانی تر لە کۆبونەوە تا ئەگەر سەرۆکیشی نەبێت. بێ گومان هەندێ ئاکار پێویستە بەدەستی بێنێت، ئەگەر بەراستی ویستی سەرکردایەتی کۆبونەوەیەك بکات. ئەم ئاکارانە ئەگەر هەمووی بەدی هات بەشێوەیەکی روون دەکرێت ئەم کەسە ببێتە سەرکردەیەکی زەق‌و

کارتێکردوو له کەسانی تر. بەڵام ئەگەر بەدی نەهات تەنها یەك لەو ئاکارانەشی ئەوا زە حمەتێکی گەورە دەبێنیت لە سەرکەوتن وەك سەرکردەیەك بۆ کۆبونەوە.

ئەو ئاکارانەش بریتین لە.

* لێهاتوویی کە سایەتی.
* توانای وەرگرتنی بڕیاری ڕاست لە کاتی گونجاو.
* توانای پلاندانانو ڕێکخستن.
* ڕەفتاری ئازایانە لە هەڵوێستە جۆراوجۆرەکان بێ دوو دڵی.
* توانایی هەڵسوڕاندنی کاروبارەکان بەشێوازی ڕاستو بەلێهاتویی.
* پێشەنگیەکی چاك لای ئەوانی تر.
* گەڕان لە بەرپرسیارێتی ئەرکە زەحمەتەکانو ڕاپەڕاندنی کاروبارەکان.

بەرپرسیارێتی زیاد باوەڕی زیاتر بەخود دەگەیەنێتو دەبێتە هۆی زیاتر سەرکەوتنی بە پەلە.

* کەسێکی جێگای متمانە بێت، دڵسوزبێت لە کارەکەی.
* خوێن گەرمی هەمیشەییو گەش بینی بەردەوام.
* کارامەیی نوێیو داهێنانی بەردەوام لە کاردا.

......................

٢٥. ئەندامێکی بەشدار لەکۆبونەوە سستی دەنوێنێ لە جێبەجێ کردنی ئەرکە جۆراو جۆرەکانی. بەردەوام ئامۆژگاری دەکەیتو پێی دەڵێت: پێویستە ئەرکی بەرپرسیارێتی هەڵگرێت. تا ڕۆژێك هاتو وتی: چۆن ئەرکی بەرپرسیارێتی هەڵگرم؟ ئەم وشەیە زیاتر لە مانایەك هەڵدەگرێت بۆمی دیاری بکە ئەگەر لەتوانا دابێت.

هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی چەند خاڵێکی بنچینەیی دەگەێنیت کە بریتیە لە:



- زانینی هەموو ئەو لایەنانەی پەیوەستن بەپسپۆری وردبینی لەگەڵ زیادبوونی تواناکان لەو بوارەدا.
- خۆئامادەکردن بۆ وەرگرتنی پەرسیارێتی تر لەلایەن سەرۆکەوە کە پەیوەندی بەکارەوە بێت.
- خۆئامادەکردنی مێشکیو جەستەیی بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی تری گرینگ.
- بەردەوام بوون لەزیاد کردنی شارەزاییەکان لە ماوەی زیاتری ئەرکە جۆراو جۆرەکانی .
- هەستان بەجێ بەجێ کردنی هەر داواکارییەك لەکاردا بەهەموو کۆششو هێزێك.

سەلماندنی ڕەخنە ئەگەر هۆیەك هەبێت. هەڵگرتنی تەواوی بەرپرسیارێتی لە کاتی هەڵە کردن یاکاتی وەرگرتنی هەر بڕیارێك لە لایەن خۆتەوە. هەڵگرتنی تەواوی بەرپرسیارێتی لە کاتی هەڵەکردنی یەك لە هاوکارەکانت. ..

٢٦. بۆ سەرۆکی کۆبونەوە دەرکەوت کە ئامادە بوونت لە کۆبونەوە تەنها بە جەستەیەو بیرت دوورە لە ڕوداوەکانی ناو کۆبونەوە، تاسەرۆکی کۆبونەوە تەنگەتاو بوو، پێی ووتی(بەئاسانی تۆ کە سێك نی جیگای متمانەبیت)

ڕەنگ دانەوەی ئەم قسەیە لەسەر تۆ زۆر کاریگەر بوو، تۆ چیت داوا لێکراوە بەپێی توانات جێبەجێت کردووە، بەڵام لەکۆتاییدا تۆ کەسێك نیت جێگای متمانە بیت بۆ ئەم وشەیەی ووت؟ بزانەو بگەڕێوە لای بۆچی ئەم وشەیەی ووت.

پرسیار لە خۆت بکە:

* ئایا بەردەوام تۆ بڕوبیانو بەر چاو دەخەیت؟

ئایا بە گلەییو گازندە رازی نابیت ئەگەر لە شتێکدا هەڵەت کرد؟ ئایاخۆت لەبەر پرسیارێتی دوور دەخەیتەوەو دەیخەیتە ئەستۆی ئەوانی تر؟

ئایا تەنها ئەوەندەی لەسەرتە جێبەجێی دەکەیت، کۆششی ناکەیت بۆ بە جێ گەیاندنی ئەوەی پێت سپێردراوە؟ ئایا لە کاتی دیاریکراو درەنگ دەگەیت؟

ئایا لەبارێکی پڕقین کە بەڕووتدا دیارە ئەو ئەرکانەی داوات لێکراوە جێ بەجێی دەکەیت؟

ئایا کوێرانە ملکەچی هەموو فەرمانەکان دەبیت تا ئەگەر هەڵەشی تێدابێت؟

ئەگەر وەڵامەکانت لەسەر ئەو پرسیارانە بە(بەڵێ)بوو ئەوا سوپاس بۆ یەزدان کە تۆ تائێستا لەو کۆبونەوانەدا ئامادە دەبیت، بەڵام جێگات لە ناو کۆبونەوەکاندانیە.. بەڵکو لەدەرەوەیدا.

بەڵام ئەگەر وەڵامەکانت بە(نا) بوو لەسەر بەشێکی ئەم پرسیارانە باری خۆت چاك بکەوە پاشان خۆت پێشکەش سەرۆك بکە جارێکی تر وەك بەشدار بوویەکی نوێ ڕەنگە تاقی بکرێیتەوەو متمانە بکاتە سەرت.

بەڵام ئەگەر وەڵامەکانت لەسەر هەموو پرسیارەکان بە (نا) ئاشکرا بوو، بگەڕێوە لای سەرۆك داوای لێ بکە تێڕوانینی خۆی ئاشکرا بکات کەهۆی چیە متمانە ناکاتە سەرتو گوێی لێ بگرەو بەهێمنی گفتوگۆی لەگەڵ بکەوە بە بەڵگەی متمانە کردنە سەرت نەك پێچەوانە. ڕەنگە هەندێ هەڵەی خۆت لە کارکردندا بۆ ئاشکرا بێت،کە نەت زانیوە دانی پیادانێو خۆت ڕاست بکەوە، یارەنگە بەهەڵە لێت تێگەیشتوە، بیروبۆچوونەکانی بۆ ڕاست بکەوە دەرباری خۆت..

٢٧. لەکۆبەنەوە کانمانەدا دوو ئەندامی بەشداربووی خاوەن وزەو توانایەکی نامۆوگەشبینیەکی نامۆتر بوون. ئەگەر جێبەجێکردنی ئەرکێکی گرنیگمان



بەدەستەوە بێ ئەوا بێ ترس بەو دوو کەسەمان دەسپارد کە ئەرکێکی گەورەی دەخستە سەریان، من ویستم ئەو ئەرکەیان لەسەر سووك بکەمەوە، داوام لێکردن کە دیاری بکەن چۆن دەکرێت ئەم ورە بەرزیەو گەشبینیە ببەخشینو بیگەێنینە بەشداربوونی کۆبونەوەکان.

یەکێکیان هەستاو لەسەر پەڕەیەك چەند خاڵێکی ساکاری نووسی، کاتێ ئەو لاپەڕەیەم لێ وەرگرت بەچاوێکی کەمەوە تەماشای نووسینەکانم کرد، بەڵام پاشتر سەرنجم دا. بەوردی ووشەکانم خوێندەوە زۆر گەورەتر بوو ئەو وشانە لەبەر چاوم، وا تێگەیشتم کە بەشی دارستانێکی پڕ لە خوێن گەرمیو وزەو گەش بینی دەکات. ئەم دارستانە چڕە ئەم لایەنانە دەگرێتە خۆ:

یەکەم:

خوێن گەرمی واتا بەشداربوونی خاوەن هەستی شادمانی وگەشبینی.

دووەم:

ئەگەر بۆ کارەکەت خوێن گەرم بوویت، ئەوا بەردەوام هەوڵدەدەیت ئەو پەری توانات بەکار بهێنیتو لەژێر هەر پاڵە پەستۆیەك.

سێیەم:

پلەی خوێن گەرمیت زیاد دەبێت، ئەگەر کارێکی شێوە بێزاریو ڕۆتینیت ئەنجام دا.

چوارەم :

خوێن گەرمیو گەش بینی ئە تەنێتەوە.

پێنجەم:

زەردەخە پڕیشکی ئەو خوێن گەرمییەیەکە پیۆیستیت پێی دەبێت، بەردەوام بیپارێزە.

شەشەم :

مۆنی‌و پەستی یەکەم قۆناخی بێ ئومێدی‌و دامرکاندنی خوێن گەرمیەو پاشان ڕەش بینی‌و بێ هیوابوون.

حەوتەم:

هەمموو لایەنەکانی ئەو ئەرکەی پێت سپێردراوە بیزانەو تێی بگە.

هەشتەم:

تێڕوانینت بۆ ژیان تێڕوانینێکی لە باربێت.

نۆیەم:

ئەگەر هاوکار یا هاوڕێت هەبوو لە ئەرکەکەدا هەمموو لایەنەکانی ئەرکەکەیان بۆ ڕوون بکەوە بەتایبەتی بێزار بوون لێی، دڵنیابە لە تێگەیشتنیان بۆ هەمموو شتێ وەك تۆ تێی گەیشتووی.

دەیەم:

سەرکەوتن بەکار بهێنەو بەپەلە، بەو سەرکەوتنە بەردەوامانەی بەدەستی دێنن.

یازدەهەم:

ئەگەر کارەکان بەشێوازێکدا ڕۆیشت بەدڵت نەبوو، بێ هیوا مەبە، ئازایەتی خۆت ڕابگرەو بزانە کە ئازایەتی لێرەدا تەنها هیوایە ڕزگارت بکات.

دووازدەهەم:

ڕێگا مەدە هەست بە کۆتایی هاتن خۆی بدزێتەوە ناو ژیانت.

سێزدە هەم:

باوەڕی تەواوت بە هەر شتێ (هەرکارێك بێت) کە پێویست بەکردنی هەبێت بەهێزو خوێن گەرمی و گەش بینیەوە بێت.



چواردە هەم:

لە هیچ کارێك سەرکەوتوو نابیت ئەگەر بەخۆشی کار نەکەیت.

پازدەهەم:

دەتوانیت جووڵە بەشتەکان بدەیت بەتەنها، بەڵام مامەڵەکردنت لەگەڵ مرۆڤدا سەرکەوتو نابێت بەبێ ئامادە بوونێکی هاوبەش، وە سەرکەو توو نابیت لەو ئامادە بوونەی نێوانتان تەنها ئەگەر خوێن گەرم بیت لەوتەکانت‌و خوێن گەرمیان بۆ داواکاریەکانت.

.....................................

٢٨. یەك لە ئەرکەکان خراپە پاڵ کۆمەڵێك لەبەشداربووانی کۆبونەوەیەك‌و لەبەر زۆر هۆکارە کە جێبەجێ نەکرا، خۆت دیتەوە لە بەردەم کۆمەڵێك لەو هەڤاڵانە هەریەکە گلەیی‌و ڕەخنەی دەخاتە ئەستۆی ئەوی تر کە بە هۆیەوە ئەرکەکە جێبەجێ نەکرا.

هەڵوێستەکە بەرەو تێك چوون دەڕۆیشت‌و تۆش بۆت ناکرێت ڕێگربیت لە بەردەم زنجیرەیەك تاوان ئاراستەی یەکتر دەکرێت. وەك بنەمایەك: ڕێگا لەم شانۆگەرییە گاڵتە جاڕیە بگرە و واز لە ڕۆڵی بینەر بێنە.

لەسەرەتادا پرسیار لە خۆت بکە:

* ئایا ئەم کۆمەڵە یەکتر ناسینیان نوێیەو پێشتر بە یەکەوە کاریان نەکردووە؟
* ئایا ئەم گروپە هۆشیاری تەواویان هەیە بە بنچینەکانی کارکردن بە یەکەوە؟
* ئایا هەر یەکەیان وا چاوەڕوان دەکات ڕۆڵی لە ئەرکەکە بە تەنها هەڵسەنگێنرێت یا لەسەر بنچینەی سەرکەوتن‌و بە جێگەیاندنی ئەرکە کە بەگشتی؟

* ئایا  ئەم بەشداربورانە كەوتونەتە تەژێر تەوژمی هەڵە نەكردنو بەراستی تووشی هەڵەبوون؟ لەوەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە بیانووی زۆرت بۆ دەردەكەوێ دەربارەی ئەوەی روویدا. بۆیە پێویستە لەسەرت:

ـ دۆزینەوەی رێگایەك بۆ رزگاركردنی ئەوانە لەو تێشكانەی كە پێیداتێپەڕ دەبنو بەپەلە.

ـ لەگەڵیان كۆبەوەو هانیانبدە بۆگفتوگۆ كردن بەئاشكرا دەربارەی هەڵوێستەكە. ئامادەی مامەڵە كردنت هەبێت لەگەڵیانو دەربڕینی هەر جۆرە هەستێك بەهۆی باری دەرونیان.

ـ لە سەرەتادا یارمەتییان بدە بەگفتۆگۆكردن دەربارەی  رێگا چارەسەریەكانی لە تواناادا دەبێت بۆ جێبەجێكردنی ئەركەكەو سوود وەرگرتن لە هەڵەكان.

ـ رێگا چارەی بەپەلەو ئاسان بڕیار مەدە بەوەی ئەم هەڤاڵانە جارێكی تر بە یەكەوە كارنەكەن یا پەنابردنە بەر هەندێ رێگا چارەی مام ناوەندی.

.................

٢٩. تۆو هاورێكانت بڕیارتان بە دەركردنی بەڵگە نامەیەكی شەرەفدا كە ببێتە بەرنامەی كار لە هەموو كۆبونەوەكان، بەڵام چی لەو بەڵگە نامەیە دەنووسن: پێویستە ئەم بەڵگە نامەیە ئەم خاڵانە بگرێتەخۆ:

١. رێز گرتنی بەردەوام لە پایەی ئەندام.

٢. مامەڵە كردن لەگەڵ ئەندامانی كۆبونەوە وەك تۆ دەتەوێ مامەڵەت لەگەڵ بكرێت.

٣. بەردەوام بایەخ بدە بەبەدی هێنانی كامەرانی بۆ بەشداربوانی  كۆبونەوە بە هەموو شێوەیەك.

٤. لەگەڵ ئەندامە نوێیەكان بەرێكوپێكی مامەڵە بكە.



٥. پێویستە خۆ پەرست نەبیت ئارەزووی ئەندامان شایانی رێز لێگرتنت بێت، بەزمانی بەرژەوەندیو پێداویستیەكانیان برۆی نەك بەزمانی بەرژەوەندی خۆت.

٦. پێوەری خۆت لە هەڵە وراست مەسەپێنە بەسەریاندا بەردەوام هەموو بیروبۆچونەكان بەرامبەر هەڵەو كەموكورتی بەشداربووان.

٧. چاوپۆشی بكە لە هەندێ رووداوی بێ بایەخ، بەڵام توند بە لەگەڵ هەرشتێك دەسكاری بنەماكان دەكات.

٨. بەردەوام یارمەتی هەمووانت لەبەر چاو بێت لە هەر بارودۆخێكدا و كەی توانیت، دەبێت سنورێك لە نێوان خۆتێ هەڵقورتانو دەستێوەردان لە كاروباری ئەندامان دابنرێت.

٩. بریارت لەسەر ئەندام بە ئاكارە روكەشیەكان نەبێت رەنگە پێی هەڵخەڵەتابیت بەڵكو لەسەر ئاكارو رەفتارە كردەوەییەكانی بێت.

١٠. ئەو كارانەی بۆت ناگۆڕێت رازی بە پێی، بەڵام پێویستە ئازایە تیت هەبێت بۆ گۆڕینی كارەكان، كاتێ توانای گۆڕانت دەبێت.

١١. چاوەڕوانی ئەوە مەبە بیروڕاو تێڕوانینەكان وەك یەك بن، هەوڵی ئەوە مەدەكە رەفتارەكان لە یەك بچن.

١٢. پێشەنگی باش بە بۆ هەموان.

١٣. خۆڕاگربە خوێن گەرم بە، دەست پێشكەربە داد پەروەر بە دڵسۆزبە بە جوانی وریاییو ژیری هەڵسوكەوت بكە.